# کێشناسیی
# کوردی

مافی له چاپدانی پاریزراوه بۆ نووسەر

نـــــاوی کتێـــــب کێشناسیی کوردی
نووســـــــــــینی عەزیز گەردی
نەخشەسازی ناوەوە کۆمپیوتەر (محمد علی)
نۆرەو ساڵی چاپ یەکەم، ٢٠١٤
ژمـــارەی ســـپاردن (١٧٦٣)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

# کێشناسیی کوردی

نووسینی

عەزیز گەردی

کتێبخانەی ئارام-ڕانیە

سوپاس بۆ د. عاتیف فەرهادی کە لە ڕێکخستنی
خشتەو هێلکاریو بازنەکان یارمەتی دام

<u>زنجیرەی کێشناسیی:</u>

١- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، ١٩٩٩

٢- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٣

٣- کێشناسیی کوردی، بێروت، ٢٠١٣

٤- فەرهەنگی کێشناسی.

٥- چەند لێکۆڵینەوەیەکی کێشناسی.

٦- کێشی ژمارەیی کوردی.

٧- کێشی شیعر - ئاسۆیەکی فراوانتر.

# پێشەکی

کێشناسی لقێکە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی سەر بە ئەدەبیاتناسی. ئەرکی لێکۆلێنەوەی کێش‌و ئاوازی شیعرە کە رەگەزێکی گرنگی شیعر پێك دێنێ. بە هۆی زانستی کێشناسییەوە، بەشێکی کاریگەریی ویژدانیی شیعرمان بۆ دەردەکەوێ. بۆمان دەردەکەوێ ئاوازی شیعر لەگەڵ رەگەزەکانی تری شیعریدا چ جۆرە کەشێك دروست دەکەن بۆ گواستنەی هەست‌و سۆزی شاعیرو چ کارێك لە هەست‌و سۆزی خوێنەر دەکەن. ئایا ئەو ترپەو ئاوازو ئیقاعەی لە شیعرەکەدا هەستی پێ دەکرێ لە چییەوە هاتووە؟ ئایا ریزبوونی دەنگ‌و برگەی جیاواز چۆن ئاوازی شیعری جیاواز دروست دەکا؟ لێرەدا داهێنانی شیعری لە رووی ئاوازەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێ. ئەم زانستە جگە لە لەیەك جیا کردنەوەی جۆری کێشەکان‌و هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بابەت‌و جۆری کێشەکان، لە چوارچیوەی هەر جۆرە کێشێکیشدا، داهێنانی شاعیرێك‌و شاعیرێکی تر لە یەك جیا دەکاتەوە.

ئەرکی یەکەم‌و سەرەکی زانستی کێشناسی دەست نیشانی کردنی بنەمای کێش‌و دیاریی کردنی جۆرە جیاوازەکانی کێشە. لە هەمان کاتدا رادەی زالبوونی شاعیر بە سەر زمان‌و بە سەر ئاوازی شیعر دەست نیشان دەکاو ئەگەر شیعرێك لە رووی کێش‌و ئاوازەوە کەم‌وکورتی تێدا بێ دیاری دەکا.

شیعری کوردی بە زارگوتن‌و نووسراوی شاعیرانەوە، بە هەموو زارە جیاجیاکانەوە، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بە دوو رێچکەدا رۆیشتووە یان بڵێین لە سەر دوو بنەمای جیاواز دروست بووە. یەکەم: کێشی برگەیی کە لەسەر بنەمای ژمارەیی هاتووەو هەموو شیعری میللی‌و هەموو شیعری زاری گۆران،

چەند شیعرێکی کەمی لێ دەرچێ‌و شیعری نوێ کە لە بیست‌و سییەکانی سەدەی بیستەم شاعیران گەڕانەوە سەری، هەمووی بەم جۆرە کێشە نووسراوە. ئەمە کێشی کوردییە. دووەم: شیعری کلاسیکی کوردی، جگە لە شیعری زاری گۆرانی، کە لەسەر بنەمای چەندێتی هاتووە هەمووی بەو جۆرە کێشە نووسراوە کە بە کێشی عەرووزی ناسراوە. ئەم بنەمای کێشە لە عەرووزی عەرەبییەوە هاتووە جا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێ، یان ناراستەخۆ لە رێی شیعری فارسییەوە بێ کە ئەمەیان زیاتر رێی تێ دەچێ. ئەم جۆرە کێشە بەش بە حاڵی شیعری کوردی کێشێکی رەسەن نییە. جۆرە کێشێکی خوازراوە. شیعری کوردی ، جگە لە شیعری زاری گۆران ماوەی هەزار ساڵێك بەم کێشە نووسراوە تا لە بیست‌و سییەکانی سەدەی رابوو (سەدەی بیستەم)دا شاعیران گەڕانەوە بۆ کێشی ژمارەیی رەسەنی کوردی.

ئەم کتێبە بریتییە لە پێنج بەش:

بەشی یەکەم بۆ بنەماکانی کێش تەرخان کراوە. دوو باسە: باسی یەکەم بۆ بنەمای کێش بە گشتی. وەکوو دەنگ‌و جۆرەکانی‌و برگەو جۆرەکانی‌و هەندێ زاراوەی تایبەت بە کێش وەکوو چەمکی دێرە شیعر لە هەردوو جۆرە کێشداو بەشەکانی دێرە شیعرو...تەرخان کراوە. باسی دووەم بنەماکانی کێشی عەرووزی پێشکەش دەکا وەکوو پێشەکییەك بۆ چوونە ناو بەشی دووەم. ئەمە بنچینەکانی کێشی عەرووزی دەگرێتەوە وەکوو پێ (تەفعیلە)و پایە (رکن)و گۆڕانی پێیەکان (زیحاف‌و عیللە)و بازنەو کێشەکان.

بەشی دووەم بۆ کێشی شیعری عەرووزی لە کوردیدا تەرخان کراوە. کێشە عەرووزییە باوەکانی شیعری کوردی بە شیکردنەوەو نموونەوە پێشکەش کراوە.

دوای شیکردنەوەی هەر لقە کێشێك پێنج نموونەو دوای تەواو بوونی هەموو لقەکانی هەر کێشێك ١٥ نموونەو لە کۆتایی هەموو کێشەکانیشدا ٣٠ نموونە بۆ شیکردنەوە دراوە.

بەشی سێیەم لەو کێشانە دەکۆڵێتەوە کە لە سەر بنەمای ژمارەیی هاتوونو جۆرەکانیان دیاری دەکاو لە شیعری میللیو شیعری شاعیراندا نموونەی بۆ دێنێتەوە.

بەشی چوارەم بۆ شیعری ئازاد تەرخان کراوە. هەردوو جۆرە شیعری ئازاد: چەندیو ژمارەیی بە نموونە روون کراونەتەوە

بەشی پێنجەم لە سەروا دەدوێو سنووری سەروا لە دێرە شیعر دیاری دەکاو چۆنیەتی دابەشبوونی لە هەردوو جۆرە شیعرەکەدا روون دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا سەرچاوەکان بە پێی هیجایی ریز کراون. ئینجا لە هەرە دواوە فەرهەنگۆکێك بۆ وشە گرانەکانی ناو شیعرە نموونەکان کراوە کە رەنگە بۆ نەوەی نوێ زەحمەت بن.

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم

## بنەماکانی گشتی کێشی شیعر

کێشی شیعر ئاوازەو ئاوازی شیعریش لە دەنگەوە دێ. لەگەڵ دەنگی هاوبەشی زمانەکاندا، هەر زمانەو ژمارەو هەندێ دەنگی تایبەتی خۆی هەیەو بە پێی کۆمەڵە سیستەمێکی تایبەتی کار دەکا. هەر ئەمەیشە وای کردووە کۆمەڵە بنەمایەکی جیاوازی کێشی شیعر پەیدا ببێ.

ژمارەی دەنگی هەموو زمانەکان وەکوو یەك نییە. زمان هەیە ژمارەی دەنگی زۆر کەمەو پەنا دەباتە بەر هەندێ دیاردەی دەنگسازی بۆ ئەوەی تۆڵەی کەمی دەنگەکانی بکاتەوە، هەندێ زمانیش ژمارەی دەنگەکانیان گەلێ زۆرە. لە کوردیدا، تۆژەوەرانی دەنگسازیی ژمارەی دەنگەکانیان بە دەوری سی ٣٠ دەنگێك داناوە.

**دەنگ:**

وزەیەکی تیشکئامێزی میکانیکییە بە هۆی فشاری شەپۆلی ئاسووییەوە لە ناوەندێکی مایەکیدا (بۆ نموونە وەکوو هەوادا) دەگوازرێتەوەو هۆی بابەتیی بیستنە(فەرهەنگی وێبستەر).

لە کوردیدا وەکوو هەر زمانێکی تر دوو جۆرە دەنگی سەرەکی هەن:

١- نەبزوێن ٢- بزوێن

١ – نەبزوێن: ئەو دەنگەیە کە لە کاتی گۆ کردندا، ئەو تەوژمە هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە تووشی بەربەستێکی تەواو، یان نیمچە بەربەستێك دەبێ. وەکوو: ب، پ، ت: ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز ژ، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه.

نەبزوێن دوو جۆرە:

ئەلف: نەبزوێنی گڕ: ئەو نەبزوێنەیە کە لە کاتی گۆ کردنیدا، ژێیەکانی دەنگ دەلەرنەوە، وەکوو: د، ڕ، ژ، ع، غ، ڤ، ق، م، گ، ل، ڵ، م، ن.

ب – نەبزوێنی کپ: ئەو نەبزوێنەیە کە لە کاتی گۆ کردنیدا، ژێیەکانی دەنگ نالەرنەوە، وەکوو: ت، پ، ك، ف، خ، ه.

چەند ڕێگایەك بۆ لێك جیا کردنەوەی نەبزوێنی گڕو نەبزوێنی کپ هەن:

ئەلف: لە کاتی گۆ کردنی دەنگەکەدا، دوو پەنجەت بخەرە سەر گرێی گەردەنت (سێوی ئادەم). هەست پێ دەکەی داخۆ ژێیەکان دەلەرنەوە، یان نالەرنەوە؟

ب– پەنجەی هەردوو دەستت لە ناو هەردوو کونە گوێت بنێ و دەنگێکی گڕو دەنگێکی کپ ( بۆ نموونە وەکوو: ب، پ) بە دەنگی بەرز بڵێ، لە کاتی گۆ کردنی دەنگە گڕەکەدا (ب)، هەست دەکەی لە ناو سەرت دەنگ دەداتەوەو دەزرنگێتەوە، کەچی لە کاتی گۆ کردنی دەنگە کپەکەدا (پ)، ئەو دەنگدانەوەو زرنگانەوە نییە، دەنگەکە بە نەرمی لە زارت دێتە دەرەوە.

ج– تەڵە شخارتەیەك دابگیرسێنەو بە داگیرساوی لە لێوی خۆتی نزیك بخەرەوە. لە هەمان کاتدا، دەنگێکی گڕو دەنگێکی کپ (بۆ نموونە وەکوو: ب،

پ) بە دەنگی بەرز بڵێ. لە کاتی گۆ کردنی دەنگە گڕەکەدا، تەڵە شخارتەکە ناکوژێتەوە، بەڵام لە کاتی گۆ کردنی دەنگە کپەکەدا، تەڵە شخارتەکە دەکوژێتەوە.

٢– بزوێن: ئەو دەنگەیە کە لە کاتی گۆ کردندا، ئەو تەوژمە هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە تووشی هیچ بەربەستێك نابێ, وەکوو: ا، ە، و، وو، ۆ، ی، ێ ( هەندێ نووسەر – یی و وێ– یش بە دوو بزوێن دادەنێن).

تێبینی:

هەموو بزوێنەکان دەنگی گڕن.

چەند سەرنجێك:

ئەلف – جگە لە جۆری کێشی شیعر، جۆری ئەو دەنگانە دەوری خۆیان لە دروست کردنی ئاوازی جیا جیای شیعرەکە هەیە. دوو شیعر وەربگرە هەردووکیان لە سەر یەك کێش بن، سەیر دەکەی ئاوازیان جیایە. جیاوازیی ئاوازەکە لە جیاوازیی جۆری دەنگەکانەوە هاتووە.

ب – ئەگەر شیعرەکە دەنگی نەبزوێنی گڕی زۆر تێدابێ، کە دەنگێکی ڕەقو توندە، ئاوازەکەی بە لای ڕەقیو توندیدا دەشکێتەوە، خۆ ئەگەر دەنگی نەبزوێنی کپی زۆر تێدا بێ، کە دەنگێکی نەرمو هێمنە، ئاوازەکە بە لای نەرمیدا دەشکێتەوە.

ج – ئەگەر شیعرەکە دەنگی بزوێنی درێژی زۆر تێدا بێ، کە ماوەیەکی زەمەنی زیاتری لە دەنگی بزوێنی کورت دەوێ، ئاوازی شیعرەکە بەرەو خاوبوونەوەو هێدی بوون دەچێ خۆ ئەگەر شیعرەکە دەنگی بزوێنی کورتی زۆر تێدا بێ، کە ماوەیەکی کەمی بۆ دەربڕین دەوێ، ئاوازی شیعرەکە خێرا دەبێ.

د — دووبارەبوونەوەی یەك دەنگی نەبزوێن یان بزوێن بە شێوەیەکی زۆرو سەرنجکێش لە یەك دێرە شیعردا، ئاوازێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەداو هەستێکی تایبەتی لای خوێنەر دەبزوێنیٚو کەشی مانایەکی تایبەتی دروست دەکا.

## برگە:

برگە گەلێ پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە. پێناسەی هەرە باوی ئەمەیە:

برگە ئەو دەنگە، یان ئەو چەند دەنگەیە کە بە یەك هەناسە لە دەم دێتە دەرەوە. برگە بە بێ بزوێن نابیٚو هەر برگەیەك تەنیا یەك دەنگی بزوێنی تێدایە جا هەرچەندە کورت بێ، یان هەرچەندە درێژ بێ.

پێکهاتەی برگە:

هەموو برگەیەك لە سێ خانە پێك دێ:

ئەلف — پەراوێزی سەرەتا. ئەم پەراوێزە هەمیشە (نەبزوێن)ی تێدایە. جا یەك (نەبزوێن) بێ، یان چەند (نەبزوێن)ێك. وایش دەبێ ئەم پەراوێزە بەتاڵ بیٚو هیچ نەبزوێنی تێدا نەبێ.

ب — ناوك. ناوك هەمیشە (بزوێن)ی تێدایەو برگە نابێ لە یەك دەنگی (بزوێن) زیاتری تێدابێ. برگە بێ ناوك نابێ.

ج — پەراوێزی کۆتایی. ئەم پەراوێزەیش هەمیشە (نەبزوێن)ی تێدایە. جا یەك (نەبزوێن) بێ، یان چەند (نەبزوێن)ێك. وایش دەبێ ئەم پەراوێزە بەتاڵ بیٚو هیچ نەبزوێنی تێدا نەبێ.

چەند سەرنجێك:

ئەلف – لە هەموو زمانێکدا، (ناوك)ی بڕگە دەبێ هەر هەبێ. بەڵام بوون‌و نەبوونی پەراوێزی یەکەم، یان پەراوێزی دووەم‌و یان هەردووکیان بە پێی زمانەکە دەگۆڕێ.

ب – بۆی هەیە هەر یەکە لە پەراوێزەکان چەند دەنگێکی (نەبزوێن)ی تێدابێ. ئەمەیش بە پێی زمانەکە دەگۆڕێ.

جۆرەکانی بڕگە:

بڕگە بە پێی پڕی‌و بەتاڵی پەراوێزی کۆتایی، دوو جۆرە:

ئەلف – بڕگەی داخراو: ئەو بڕگەیەیە کە پەراوێزی کۆتایی پڕ کرابێتەوە. واتە دەنگێکی نەبزوێن، یان چەند دەنگێکی نەبزوێنی تێدا بێ. وەکوو: دەم، چەند، پار، سارد...

ب – بڕگەی کراوە: ئەو بڕگەیەیە کە پەراوێزی کۆتایی بەتاڵ بێ. واتە هیچ دەنگی (نەزوێن)ی تێدا نەبێ. وەکوو: لە، وا، دوو...

| | پ ١ | ناوك | پ٢ |
|---|---|---|---|
| ١ | س | ە | ر |
| ٢ | د | ی | ... |

١– نموونەی (١) (سەر) بڕگەیەکی داخراوە چونکە پەراوێزی (٢)، واتە پەراوێزی کۆتایی پڕکراوەتەوە. دەنگی (نەبزوێن)ی (ر)ی تێدایە.

٢ – نموونەی (٢) (دی) برگەیەکی کراوەیە چونکە پەراوێزی کۆتایی بەتاڵە. هیچ دەنگی (نەبزوێن) تێدا نییە. بە کراوەیی ماوەتەوە. دەتوانین بە هەر دەنگێکی (نەبزوێن) پڕی بکەینەوە: ( دی/م، دی/ت، دی/ن، دی/ق...)

نیمچە بزوێن:

گوتمان لە کوردیدا، وەکوو هەر زمانێکی تر دوو جۆری سەرەکی دەنگ هەیە:

١– نەبزوێن ٢– بزوێن. ئەمە ئەگەر دەنگەکان بە جیاو سەربەخۆ دەربڕین بەڵام کە بیانخەینە ناو برگەو لە قسە بە کاریان بێنین، جۆرە دەنگێکی ترمان بۆ پەیدا دەبێ پێی دەگوترێ نیمچە بزوێن. لە کوردیدا، دوو نیمچە بزوێن هەن: (و، ی).

نیمچە بزوێن ئەو دەنگەیە کە لە خەسیەتی گشتیدا بزوێنەو لە خەسیەتی خستنە ناو برگەو بە کار هێناندا نەبزوێنە.

بۆ زیاتر روون کردنەوە، دەڵێین:

دەنگی نەبزوێن دوو خەسیەتی هەیە:

١–بە گشتی لە کاتی گۆ کردنی ئەو جۆرە دەنگەدا، ئەو تەوژمی هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە بەرەو رووی بەربەستێکی تەواو یان ناتەواو دەبێتەوە.

٢– بە تایبەتی لە کاتی خستنە ناو برگەو ئاخاوتندا، هەمیشە دەکەوێتە پەراوێزی سەرەتا، یان کۆتایی برگەو هەرگیزاو هەرگیز ناوکی برگە پێك ناهێنێ.

دەنگی بزوێنیش دوو خەسیەتی هەیە:

١– بە گشتی لە کاتی گۆ کردنی ئەو جۆرە دەنگەدا، ئەو تەوژمی هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە بەرەو رووی هیچ بەربەستێك نابێتەوە. بە ئازادی دێتە دەرەوە.

٢- بە تایبەتی لە کاتی خستنە ناو برگەو ئاخاوتندا، هەمیشە ناوکی برگە پێك دێنیّ. بزوێن هەرگیزاو هەرگیز ناکەوێتە پەراوێزەوە چ پەراوێزی سەرەتاو چ پەراوێزی کۆتایی.

نیمچە بزوێن بۆیە وای پیّ دەگوتریّ چونکە لە هەر یەکە لە بزوێنو نەبزوێن خەسیەتێك وەردەگریّ. دوو خەسیەتەکەی نیمچە بزوێن ئەمانە:

١- بە گشتی، لە کاتی گۆ کردنیدا بە شێوەیەکی جیاو سەربەخۆ، ئەو تەوژمی هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە بەرەو رووی هیچ بەربەستێك نابێتەوە. بە ئازادی دێتە دەرەوە. ئەمە خەسیەتی گشتی بزوێنە.

٢- بە تایبەتی، لە کاتی خستنە ناو برگەو ئاخاوتندا، هەمیشە دەکەوێتە پەراوێزی سەرەتا، یان کۆتایی برگەوە. ئەمەیش خەسیەتێکی دەنگی نەبزوێنە.

بەم جۆرە نیمچە بزوێن خەسیەتی گشتی بزوێنو خەسیەتی تایبەتی نەبزوێنی هەیە.

| | پ ١ | ناوك | پ ٢ |
|---|---|---|---|
| ١ | و | ە | ك |
| ٢ | خ | ۆ | ی |

*- لە برگەی ژمارە یەکدا(وەك)، دەنگی (و) نیمچە بزوێنە چونکە ئەگەر بە تەنیا گۆی بکەین، تەژمی هەوای سییەکان هیچ بەربەستێکی نایەتە پێش واتە بزوینە. بەلاّم لەم برگەیەدا، ناوکی پێك نەهێناوە بەڵکو کەوتۆتە پەراوێزی سەرەتا کە شوێنی نەبزوێنە. واتە لە ناو ئەم برگەیەدا دەوری نەبزوێنی بینیوە.

*- لە برگەی دووەمدا (خۆی)، دەنگی (ی) نیمچە بزوێنە چونکە ئەگەر بە تەنیا گۆی بکەین، تەژمی هەوای سییەکان هیچ بەربەستێکی نایەتە پێش واتە

بزوینه. بەڵام لەم بڕگەیەدا، ناوکی پێك نەهێناوە بەڵکو کەوتۆتە پەراوێزی کۆتایی کە شوێنی نەبزوێنە. واتە لە ناو ئەم بڕگەیەدا دەوری نەبزوێنی بینیوە.

جۆرەکانی بڕگەی زمانی کوردی:

بۆ زانینو لێك جیا کردنەوەی جۆری بڕگەی کوردی، پێویستە بزانین دەنگی بزوێنی کوردی دووجۆرە:

ئەلف – بزوێنی کورت: ە، و، ی، بزرۆکە.

ب– بزوێنی درێژ: ا، وو، ۆ، یی، ێ.

تێبینی:

– لە شیعردا، (بزوێنی کورتی: و، ی) هەندێ جار بە پێی کێشو ئاوازی شیعرەکە لە بڕگە کورتدا بە (بزوێنی درێژ: وو، یی) دەخوێندرێنەوە.

– لە شیعردا، (بزوێنی درێژی: وو، ۆ، ێ، یی) هەندێ جار بە پێی کێشو ئاوازی شیعرەکە لە بڕگەی کراوەدا بە (بزوێنی کورت: و، ی) دەخوێندرێنەوە.

ئەمەیش جۆرەکانی بڕگەی کوردی:

١ – بڕگەی کورت: بڕگەیەکی کراوەیە. بزوێنەکەی کورتە. دوو جۆرە:

ئەلف – (نەبزوێن + بزوێنی کورت). وەکوو: (کو/ ڕە) لە وشەی (کوڕە)دا، (م/نە، ژ/نی، ك/پە، د/ڵم) لە وشەی (منە، ژنی، کپە، دڵم)دا.

ب– (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی کورت) وەکوو (خوە) لە زاری کرمانجی سەروودا.

٢ – بڕگەی درێژ: چوار جۆرە:

ئەلف – (نەبزوێن + بزوێنی کورت+ نەبزوێن). وەکوو: سەر، دەم، کوڕ، بڕ...

ب – (نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن). وەکوو: (خوەش) لە زاری کرمانجی سەروودا.

ج – (نەبزۆین + بزوێنی درێژ). وەکوو: لا، دی، تۆ، کێ...

د – (نەبزۆین + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ). وەکوو: کوا، چیا، خوا...

٣- بڕگەی کەشیدە: سێ جۆرە:

ئەلف – (نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن). وەکوو: چەند، سەخت، کورد...

ب – ( نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن). وەکوو: دوور، ساڵ، شێر، ...

ج – ( نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن). وەکوو: خوار، سیار، دیار، بوار...

٤ – بڕگەی زایدە: دوو جۆرە:

ئەلف – ( نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن+ نەبزۆن). وەکوو: سارد، ئارد، قۆرت، مێرد...

ب – ( نەبزوێن + نیمچە بزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن + نەبزوێن). وەکوو: خوارد، بوارد، کوارگ ...

<u>چونیەتی ئەم بڕگانە لە دێرە شیعردا:</u>

ئەم جۆرە بڕگانەی لە سەرەوە باس کران، لە کاتی هاتنیان لە دێرە شیعری عەرووزی کلاسیکیدا، مامەڵەی تایبەتییان لەگەڵدا دەکرێ:

– بڕگەی کورت (ژمارە، ١) نیشانەکەی (U)ەو هەندێ جار بە پێی کێشو ئاوازی شیعرەکە، بە بڕگەیەکی درێژ دەخوێنرێتەوە کاتێ بڕگەکە کراوە بێ.

– بڕگەی درێژ (٢، ج) نیشانەکەی (––)و هەندێ جار، بە پێی کێشو ئاوازی شیعرەکە، بە بڕگەیەکی کورت (U) دەخوێنرێتەوە کاتێ بڕگەکە کراوە بێ.

– بڕگەی کەشیدەی (٣: ئەلف، ب)، نیشانەکەی (–– .)ەو لە دێرە شیعردا، دەشێ بە دوو جۆر بێ:

– ئەگەر لە کۆتایی لەتی یەکەم، یان لەتی دووەمی دێرە شیعر بێ، هەمیشە حیسابی کەشیدەی بۆ دەکرێو بەس(––.)

– ئەگەر لە سەرەتا، یان لە ناوەڕاستی لەتی یەکەم، یان لەتی دووەمی دێرە شیعر بێ، حیسابی کەشیدەی بۆ ناکرێ. بە پێی کێشی شیعرەکە، دەشێ بە جۆرێك لەم دوو جۆرە بخوێنرێتەوە:

*– دەشێ بە بڕگەیەکی درێژ حیساب بکرێ. وەکو: چەند(––)، سەخت(––)، کورد(––)، دوور(––)، ساڵ(––)، شێر(––).

*– دەشێ بزرۆکەیەکی بۆ نەبزوێنی پەراوێزی کۆتایی زیاد بکرێ. بە مەوە دوو بزوێنی دەبێو دەبێ بە دوو بڕگە: بڕگەیەکی درێژو بڕگەیەکی کورت) :سا/ڵ، شێ/ر.چەن/د، سەخ/ت، کور/د)(–– U).

– بڕگەی کەشیدە(٣،ج) لە ناوەڕاستی دێرە شیعردا، دەشێ بە جۆرێك لەم سێ جۆرە حیسابی بۆ بکرێ:

*– دەشێ بە یەك بڕگەی درێژ بخوێنرێتەوە (خوار، سیار، دیار، ––).

*– دەشێ بزرۆکەیەکی بۆ پەراوێزی کۆتایی زیاد بکرێ. بەمەوە دوو بزوێنی دەبێو دەبێ بە دوو بڕگە: بڕگەیەکی درێژو بڕگەیەکی کورت:(خوا/ر، سیا/ر، دیا/ر – U). واتە وەکوو بڕگەی کەشیدەی(٣– ج) لێك دەدرێتەوە.

*- دەشێ بزرۆکەیەکی بۆ پەراوێزی سەرەتا زیاد بکرێ. بەمەوە دوو بزوێنی دەبێو دەبێ بە دوو بڕگە: بڕگەیەکی کورتو بڕگەیەکی کەشیدە کە بە بڕگەیەکی درێژ دەخوێنرێتەوە: (خ/وار، س/یار، د/یار، U --).

- بڕگەی زایدە دەق وەکوو بڕگەی کەشیدە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. تەنیا ئەوەندە هەیە هیچ حیسابێك بۆ نەبزوێنی کۆتایی پەراوێزی کۆتایی ناکرێ. ئەو نەبزوێنە لە کاتی جیا کردنەوەی بڕگەکاندا بە نەبوو دادەنرێ. بۆ نموونە: بڕەگەی(خوارد، بوارد، کوارگ)، لە سەرەتاو ناوەڕاستی دێرە شیعردا، دەشێ یەك بڕگەی درێژ بێ: (خوارد، بوارد، کوارگ --)، هەروەها دەشێ دوو بڕگە بێ: بڕگەیەکی درێژو بڕگەیەکی کورت :( خوارد، بوارد، کوارگ -- U)، دەشێ دوو بڕگە بێ، بڕگەیەکی کورتو بڕگەیەکی کەشیدە کە بە بڕگەی درێژ دەخوێنرێتەوە: (خ/وارد، ب/وارد، ك/وارگU --).

* بڕگەی کۆتایی دێرە شیعر ئەگەر کورت بێ، هەمیشە بە بڕگەیەکی درێژ دەخوێندرێتەوە چونکە کۆتایی شیعرەکەی لە سەر دەوەستێ. ئەم درێژکردنەوەی بڕگەی کورتی کۆتاییە پێی دەگوترێ (ئیشباع).

## لێك جیا کردنەوەی بڕگەو پێو لەت:

وەکوو لەمەودوا بە درێژی باسی دەکەین، دێری شیعری عەرووزی کلاسیکی لە دوو لەت پێك دێ. هەر لەتێك چەند پێ (تەفعیلە)یەو هەر پێیەك چەند بڕگەیەکە. بۆ دۆزینەوەی کێشی شیعرەکە، بڕگەو پێو لەتەکان بەم جۆرە لە یەك جیا دەکەینەوە:

١- لە بەینی هەر بڕگەیەكو بڕگەیەکی تردا، هێڵێکی لار (/) دەکێشین، وەکوو: (ئەوا دیسان)(ئە/وا/ دی/سان). ئەم بڕگانە بەم جۆرەن: (U-- -- --.)

٢- لە نێوان هەر پێیەکو پێیەکی تر دوو هێڵی لار دەکێشین، وەکوو:

نە/ مر/دم/ من// ئە/گەر/ ئەم/ جا //رە/ بێ/ تۆ

-- / -- / U / --/ -- / -- // U / -- / -- / --- // U

٣- لە نێوان هەر لەتێکو لەتێکی تر سێ هێلی لار دەکێشین. ئەمە زیاتر لە نووسینی کۆن بە کار دەهات کە کاغەز کەم بووو هیچ ماوەیان لە نێوان لەتی یەکەمو لەتی دووەم جێ نەدەهێشت. هەموویان بەسەر یەکەوە دەنووسی. وەکوو:

نە/ مر/دم/ من// ئە/گەر/ ئەم/ جا//رە/ بێ/ تۆ///نە/چم/ شەرت/ بێ// هە/تا/ ئەم/ خوا//رە/ بێ/

U / --/ -- / -- // U / -- / -- / --- // U / -- / --/// U--/ -- / -- // U / - -- / -- / - / -- / --- // U

پێ:

برگەیەك، یان بە زۆری کۆمەڵە برگەیەکە بەسەر یەکەوە دەوترێنو دوای ئەوە وەستانێکی کەم دێ ئینجا پێیەکی تر دەست پێ دەکا تا لەتی یەکەمی دێرە شیعرەکە تەواو دەبێ. لەگەڵ تەواو بوونی لەتی یەکەم وەستانێکی زیاتر دێ. هەر بەم جۆرە لەتی دووەمیش دابەش چەند پێیەك دەبێو وەستانێکی کەم لە نێوان پێیەکاندا هەیەو لە کۆتایی دێرەکەدا وەستانو پشوویەکی تەواو دێ.

ئەمە بە کوردی پێ، لای هەندێ کەس هەنگاوی پێ دەگوترێ. لە عەرەبیدا (تەفعیلە)و لە ئینگلیزیدا(foot- پێ)و لە فرەنسیشدا هەر (pied - پێ)ی بۆ بە کاردێ.

له شیعری عەرووزی کلاسیکی، بۆ نموونه له شیعرەکەی سەرەوەدا، پێیەکان ئەمانەن: (نه مردم من)، (ئەگەر ئەم جا)، (رە بێ تۆ). پێی یەکەم‌و دووەم هەر یەکە چوار بڕگەیە( بڕگەیەکی کورتەو سێ بڕگەی درێژی بە دوادا هاتووە)و پێی سێیەم سێ بڕگەیە (بڕگەیەکی کورتەو دوو بڕگەی درێژی بە دوادا هاتووە). لێرەدا ژمارەو جۆرو ریزی بڕگەکان جۆری پێیەکە دیاری دەکەن. ئەگەر ژمارە یان جۆری یان ریزی بڕگەکان، بگۆڕێ، جۆری پێیەکەیش دەگۆڕێ. با نموونەیەکی تر وەربگرین:

گەر دەپرسی من له بەر چی کەم دەخۆم

لێك جیا کرنەوە بڕگەو پێیەکانی بەم جۆرەیە:

گەر/ دە/پر/سی// من/ له/ بەر/ چی// کەم/ دە/خۆم

ئەم لەتە دێرە له سێ پێ پێك هاتووە:( گەر/ دە/پر/سی)، (من/ له/ بەر/ چی )، (کەم/ دە/خۆم ).

دوو پێی یەکەم هەر یەکە چوار بڕگەیە. بڕگەیەکی درێژ، ئینجا بڕگەیەکی کورت ئینجا دوو بڕگەی درێژ (-- / U / -- / --). پێی سێیەم سێ بڕگەیە. بڕگەیەکی درێژ بڕگەیەکی کورت، بڕگەیەکی درێژ (-- U/ / --). لەم لەتە شیعرەدا، هەرچەندە وەکوو لەتە شیعری پێشوو، پێیەکانی پێشەوە چوار بڕگەو پێی دواوە سێ بڕگەیە واتە پێیەکان له بارەی ژمارەی بڕگەوە وەکوو یەك وان بەڵام ریزی بڕگەی کورت‌و بڕگەی درێژیان جیایە. پێی لەتە شیعری یەکەم، بریتییە له بڕگەیەکی کورت سێ بڕگەی درێژی بە دوادا دێ: U) / --/ --/--) کەچی پێی لەتە شیعری دووەم، له بڕگەیەکی درێژ ئینجا بڕگەیەکی کورت ئینجا

دوو بڕگەی درێژ (-- / U / -- / --) پێك هاتووە. لێرەدا پێیەکان جیان‌و کێشەکەیشیان جیایە. پێیەکان جیان چونکە هەر چەندە لە هەردووکیاندا، پێیەکە چوار بڕگەیەو لە هەردووکیشیاندا، پێیەکە لە یەك بڕگەی کورت‌و سێ بڕگەی درێژ پێك هاتووە، بەڵام ریزی جۆری بڕگەکانیان جیایە. لە یەکەمیاندا، بڕگەی یەکەم کورتەو لە دووەمیاندا، بڕگەی دووەم کورتە.

لە کێشی بڕگەییدا، کە شیعری میللی‌و زۆربەی شیعری زاری گۆرانی پێ نووسراوە، پێیەکە تەنیا بە ژمارەی بڕگەکان دیاری دەکرێت‌و بەس. حیساب بۆ کورتی‌و درێژی بڕگەکان ناکرێ. بۆ نموونە:

گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

لێك جیا کردنەوەی بڕگەو پێیەکانی بەم جۆرەیە:

گوڵ/ چون/ رووی/ ئا/زیز// نە/زا/کەت/ پۆشان/

ئەم لەتە شیعرەی مەولەوی لە دوو پێ پێك هاتووە.(گوڵ چون رووی ئازین)، (نەزاکەت پۆشان). هەر یەکە لەم دوو پێیە پێنج بڕگەیە. وەستانێکی کەم لە دوای پێی یەکەمدا هەیە. ئەو پێنج بڕگەیەی پێیەکە پێك دێنن، لە بارەی کورتی‌و درێژییەوە هەر چۆن بن‌و هەر چۆن دابەش ببن لە جۆری پێ‌و کێشەکە ناگۆڕێ. بۆ نموونە لێرەدا پێی یەکەم لە سێ بڕگەی درێژ(گوڵ، چون، ئا)و دوو بڕگەی کەشیدە (رووی، زین) پێك هاتووە. بڕگە کەشیدەکانیش هەر حیسابی بڕگەی درێژیان بۆ دەکرێ.

## دێر

لـــە رووی عەرووزییـــەوە یەکەیـــەکی ئیقاعییـــە هـــەموو پییێـــەکانی کێـــشی هۆنراوەکەی تێدایە.. دێرە شیعر بە پێی شێوەی شیعرەکە، دوو جۆرە:

١- شیعری ستوونی: ئـەو شـیعرەیە کـە هـەموو دێرەکـانی بەسـەر دوو لەتـدا دابەش دەبـێ‌و دێرەکـانی لـە سـەرەتا تـا کۆتـایی یـەك کێـشیان هەیـەو درێـژیان (هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێ) بە قەد یەکە. وەکـوو هـەموو شـیعری کلاسـیکی‌و مەسنەوییەکان‌و شیعری میللی. لەم جۆرە شعرەدا، دێرە شـیعر هەمیـشە لـە دوو لەت پێك دێ.

٢- لە شیعری ئازادی چەندێتی‌و چۆنێتیدا، واتە لە شیعری عەرووزی‌و شـیعری ناعەرووزیدا، دێرە شیعر ئەوەندەیە کە لە یەك خەت دەنووسرێ. تەنیا یەك لەتە.

بۆ نموونە: دێرە شیعری ستوونی وەکوو:

رۆم‌و جوو چاکە ئیتتیفاقی هەیە

کوردە بێ غیرەتی‌و نیفاقی هەیە (حاجی ٢٦٤)

ئەمە یەك دێرو، دوو لەتە.

نموونە بۆ دێرە شیعری ئازاد:

بە هۆرەی تفەنگی کاوانی بن بنار لوتکەکان

ئەستێرەی پشکۆیان

رژانە ناو چاوی بەیانی خۆرەوە. (شێرکۆ بێکەس).

ئەمە سێ دێرە شیعرە.

<u>پێك هاتەی دێرە شیعری ستوونی:</u>

دێرە شیعری ستوونی لە دوو لەت پێك دێ. لەتی یەکەم پێی دەگوترێ: سەدر (صدر)و لەتی دووەم پێی دەگوتری: عەجز (عجز). هەر یەکە لە سەدرو عەجز لە چەند بەشێك پێك دێ، بەم جۆرەی خوارەوە:

سەدر (صدر): پێی یەکەمی دێرە شیعرە.

عەرووز (عروض): پێی کۆتایی سەدرە.

ئیبتیدا (ابتداء): پێی یەکەمی عەجزە.

زەرب (ضرب): پێی کۆتایی دێرە شیعرە.

حەشوو (حشو): پێی، یان پێیەکانی نێوان سەدرو عەرووزو ئیبتیداو زەربە.

| دێر | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەدر | | | | عەجز | | | |
| سەدر | حەشوو | حەشوو | عەرووز | ئیبتیدا | حەشوو | حەشوو | زەرب |

جۆرەکانی دێرە شیعری کلاسیکی:

١- دێری تەواو(التام): ئەو دێرەیە ژمارەی پێیەکانی وەکوو ناو بارنەکەی وا بێ‌و حوکمی گۆڕان (زیحافو عیللە) لە هەموو پێیەکاندا (سەدرو ئیبتیداو حەشووو عەرووزو زەرب) وەکوو یەك بێ. عەرووزو زەرب جیاوازییان نەبێ لەگەڵ پێیەکانی دی.

٢- دێری وافی (الوافی): ئەو دێرەیە وەکوو دێری (تەواو) ژمارەی پێیەکانی وەکوو ناو بازنەکەی وا بێ بەڵام حوکمی گۆڕان (زیحاف‌وعیللە)ی عەرووزو زەرب لە پێیەکانی دی جیا بێ.

٣- دێری لەتکراو (المشطور): ئەو دێرەیە لە دوو لەتەکە لەتێکی لابرا بێ. مابێتەوە یەك لەت. ئەم دێرە عەرووزو زەربەکەی یەکە.

٤- دێری کورت کراوە (المجزوء): ئەو دێرەیە دوو پێی لابرا بێ. پێیەك لە سەدرو پێیەك لە عەجز. ئەگەر دێرەکە لە ناو بازنەی خۆیدا شەش پێ بێ دەمێنێتەوە چوار پێ، ئەگەر هەشت پێ بێ دەمێنێتەوە شەش پێ.

٥- دێری شەکەت (المنهوك): ئەو دێرەیە کە دوو سێیەکی لابرابێ. دوا پێی دەبێ بە عەرووزو زەرب.

٦- دێری زیاد کراو (الزائدە): ئەو دێرەیە کە لە هەر لەتیك پێیەك یا دوو پێی بۆ ژمارەی پێیەکانی ناو بازنەکەی زیاد کرابێ. ئەگەر دێرەکە لە ناو بازنەی خۆیدا، شەش پێ بێ (٣ +٣) دەبێ بە هەشت پێ (٤ +٤) یان دە پێ (٥ +٥). ئەمە لە عەرەبیدا نەهاتووە، لە کوردیو فارسیو زمانەکانی تری ناعەرەبیدا هاتووە. لە کوردیدا، (٤+ ٤) گەلێ زۆرە بەڵام (٥ + ٥) زۆر دەگمەنە.

٧- دێری یەك پێیی (الموحد): ئەو دێرەیە کە لە یەك پێ پێك هاتبێ. ئەمە هەر زۆر دەگمەنە.

٨- دێری موسمەت (المصمت): ئەو دێرەیە کە عەرووزەکەی لە کێش‌و سەروادا لە زەربەکەی جیا بێ.

٩- دێری سەروادار (المقفی): ئەو دێرەیە کە عەرووزەکەی لە کێش‌و سەروادا وەکوو زەربەکەی وابێ بێ ئەوەی ئەو وەك یەك بوونە ببێ بە هۆی گۆڕانی عەرووزەکە بە کەم یان بە زیاد.

١٠- دێری موسەڕڕەع (المصرع): ئەو دێرەیە کە عەرووزەکەی لە کێش‌و سەروادا وەکوو زەربەکەی وا بێ، وەکوو دێری سەروادار، بەڵام لێرەدا وەك یەك بوونەکە بە گۆڕانی عەرووزەکە بە کەم یان بە زیاد دێتە دی.

١١- دێری مودەووەر(المدور): ئەو دێرەیە کە وشەیەکی دابەش بووبێ بەسەر کۆتایی سەدرو سەرەتای عەجزدا.

<u>جۆری کێش لە زمانەکانی دونیادا:</u>

هەندێ جۆری شیعر هەن لە سەر بنچینەی تایبەتی هاتوون . هەر زمانێك بە پێی سیستەمی دەنگسازی خۆیەوە سەر بە یەکێ لەو بنچینانەیە. ئەمەیش جۆرەکانی کێشی شیعری جیهانی:

١- کێشی ژمارەیی (Numerical): لەم جۆرە کێشەدا، ژمارەی برگەکانی هەر لەتە شیعرێك‌و شوێنی وەستانی دوای پێیەکان جۆری کێشەکە دیاری دەکا. وەکوو کێشی شیعری فرەنسی‌و ئیتالی‌و ئەسپانی‌و کێشی شیعری میللی‌و رەسەنی کوردی.

٢- کێشی چەندێتی(Quantitative): لەم جۆرە کێشەدا، کورتی‌و درێژی برگەو چۆنیەتی ریزبوونیان جۆری کێشەکە دەست نیشان دەکا. وەکوو شیعری عەرەبی‌و سەنسکریتی‌و یۆنانی کۆن.

٣- کێشی چۆنێتیێ (Qualitative): لەم جۆرە کێشەدا، بەهێزیو بێهێزی بڕگە جۆری کێشەکە دیاری دەکا. وەکوو کێشی شیعری ئینگلیزیو ئەلمانی.

٤- کێشی تەبەقەیی(Tonic): ئەم جۆرە کێشە بە پێی بەرزیو نزمی تەبەقەی دەنگ دیاری دەکرێ. وەکوو کێشی شیعری چینیو ڤێتنامی.

# باسی دووەم

# بنەمای کێشی عەرووزی

رەگەزی بنچینەیی هەر زمانێك دەنگە. هەندێ دەنگ دەکەونە پاڵ یەکترو برگە دروست دەبێ وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد. ئینجا لە بارەی کێشەوە، لە برگە هەورازتر (پایە– روکن) دێ کە لە برگەیەك یان لە چەند برگەیەك پێك دێ.

## ( پایە )و جۆرەکانی:

پایە یەکەیەکی ئیقاعییە لە چەند دەنگێك پێك دێو بە چەند پایەیەك پێ (تەفعیلە) دروست دەکەن.

سێ پایەی عەرووزی هەن. هەر یەکێکیان دوو جۆرە:

١– سەبەب: برگەیەك، یان دوو برگەیە (دوو پیتە. ئەو دوو پیتە، یان یەکەم بزواوەو دووەم وەستاوە، یان هەر دوو پیت بزواون.). سەبەب دوو جۆرە:

ئەلف – سەبەبی سووك: برگەیەکی درێژە (دوو پیتە: یەکەم بزواوەو دووەم وەستاوە.) نیشانەکەی ئەمەیە: (—). وەکوو: دەم، نا.

ب – سەبەبی گران: دوو برگەی کورتە (دوو پیتە. هەردووکیان بزواون.) نیشانەکەی ئەمەیە: (UU). وەکوو: شەلە، کورە. ئەمە. منە.

٢ – وەتەد: دوو بڕگەیە (سێ پیتە. دووی بزواوو یەکی وەستاو.) وەتەد دوو جۆرە:

ئەلف – وەتەدی کۆ: دوو بڕگەیە. بڕگەیەکی کورتو بڕگەیەکی درێژ (سێ پیتە. بزواو، بزواو، وەستاو.) نیشانەکەی ئەمەیە: U) ––). وەکوو: بەلەم، سەدا.

ب – وەتەدی بڵاو: دوو بڕگەیە: بڕگەیەکی درێژو بڕگەیەکی کورت (بزواو، وەستاو، بزواو). نیشانەکەی ئەمەیە: (––U). وەکوو: شەختە، دۆخە. سایە

تێبینی: وەتەدی کۆو وەتەدی بڵاو جۆری بڕگەیان پێچەوانەی یەکترە: وەتەدی کۆ بڕگەیەکی کورتو بڕگەیەکی درێژە U) ––) کەچی وەتەدی بڵاو بڕگەیەکی درێژو بڕگەیەکی کورتە (––U).

٣– فاسیلە، یان فازیلە(فاصلة): سێ بڕگە، یان چوار بڕگەیە. (چوار پیتە یان پێنج پیتە. هەردووکیان هەموو پیتەکانیان بزواوە تەنیا پیتی کۆتاییان وەستاوە.) فاسیلە دوو جۆرە:

ئەلف – فاسیلەی بچووك: سێ بڕگەیە. دوو بڕگەی کورتو بڕگەیەکی درێژ(UU––). (چوار پیتە: بزواو، بزواو، بزواو، وەستاو). وەکوو: کوڕەکەم، ئەوەتەم.

ب – فاسیلەی گەورە: چوار بڕگەیە. سێ بڕگەی کورتو بڕگەیەکی درێژ(UUU––). ( پێنج پیتە: بزواو، بزواو، بزواو، بزواو، وەستا). وەکوو: نەدەگەڕا، دەمەوەری.

تێبینی:

١ – ئەم شەش پایەیە بەریزلە عەرەبیدا، لە رستەی ( لم أر علی ظهْر جبل سمکة)و لە کوردیدا لە رستەی (ئەو لەمە بترسایە، لە هەرا نەدەگەڕا) کۆ بوونەتەوە.

خشتەی جۆرەکانی پایە:

| پایە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەبەب | | وەتەد | | فاسیلە | |
| سووک | گران | کۆ | بڵاو | بچووک | گەورە |
| لَمْ | اَرَ | علی | ظَهْرِ | جبلِ | سمکةً |
| ئەو | لەمە | بتر | سایە | لە هەرا | نەدەگەڕا |

پێی سەرەکی لە وەتەدێکو سەبەبێك یان دوو سەبەب دروست دەبێ. پێی سەرەکی نابێ وەتەدی تێدا نەبێ، هەروەکوو نابێ سێ سەبەبی تێدا بێ. وەتەد لە سەبەب بەهێزترە. تا وەتەدەکە لە پێشەوەتر بێ پێیەکە بەهێزترە.

٢ – هەندێ زانای عەرووزی وەکوو زەمەخشەری (القسطاس المستقیم ل ٥٩) لایان وایە تەنیا دوو پایە هەن: سەبەو وەتەد. ئەوان دان بە فاسیلەدا نانێن وەکوو پایەیەکی سەربەخۆ چونکە دەڵێن:

فاسیلەی بچووک لە دوو پایەی لە خۆی بچووکتر پێك دێ: سەبەبێکی گرانو سەبەبێکی سووک ( UU + ––). هەروەها دەڵێن:

فاسیلەی گەورە لە دوو پایەی لە خۆی بچووک پێك دێ: سەبەبێکی گرانو وەتەدێکی کۆ (UU + U––).

پێ(تەفعیلە)ی عەرووزی: (پێ) کۆمەڵە دەنگێکی لە پایە گەورەترە. دوو جۆرە (پێ) هەیە: ١ – پێی سەرەکی ٢ – پێی ناسەرەکی یان گۆڕاو. پێی سەرەکی لە دوو، یان سێ پایە بەسەر یەکەوە دروست دەبێ. واتە هەر (پێ)یەك لە دوو یان سێ پایە پێك دێ. پێی سەرەکی ژمارەیان هەشتە. هەندێ بە دەی دادەنێنو هەندێکیش تەنیا بە حەفتی دادەنێن.

پێیە سەرەکییەکانو پێك هاتنیان:

١- فَعولُنْ(U-- --) (وەتەدی کۆ + سەبەبی سووك)

٢- فاعِلُنْ (-- U--) (سەبەبی سووك + وەتەدی کۆ)

٣- مَفاعیلُنْ (U --- --- ---)(وەتەدی کۆ + سەبەبی سووك + سەبەبی سووك)

٤- مُسْتَفْعِلُنْ (-- -- U --)( سەبەبی سووك + سەبەبی سووك + وەتەدی کۆ)

٥- فاعِلاتُنْ (-- --U -- --)( سەبەبی سووك + وەتەدی کۆ + سەبەبی سووك)

٦- مُفاعَلَتُنْ (UU U-- --)(وەتەدی کۆ + سەبەبی گران + سەبەبی سووك)

یان:( وەتەدی کۆ + فاسیلەی بچووك)

٧- مُتَفاعِلن (U U-- U--) (سەبەبی گران + سەبەبی سووك + وەتەدی کۆ)

یان:( فاسیلەی بچووك + وەتەدی کۆ)

٨- مَفْعولاتُ (سەبەبی سووك + سەبەبی سووك + وەتەدی بڵاو)

تێبینی:

ئەلف– ئەوانەی بڕوایان وایە پێیە سەرەکییەکان ژمارەیان دەیە. ئەم دوو پێیەی خوارەوە زیاد دەکەن:

٩– مُسْتَفْعِ لُنْ (-- --U-- --)(سەبەبی سووك + وەتەدی بلاو + سەبەبی سووك)

١٠– فاع لاتُنْ (-- U-- --)(وەتەدی بلاو + سەبەبی سووك + سەبەبی سووك)

ب – ئەوانەی بڕوایان وایە ژمارەی پێیەکان حەفتن، پێی (مفعولا.ت) حیساب ناکەن. چونکە ئەم پێیە لە عەرەبیدا (هەروەها لە کوردیشدا) بە سالمی بە کار نەهاتووە، تەنیا موزاحەفاتو مەعلولەکانی بە کار هاتوون.

چەند سەرنجێك:

١– پێی یەکەمو دووەم (فعولن، فاعلن)، هەر یەکە لە دوو پایە (پێنج پیت) پێك هاتووە. هەر یەکە سێ بڕگەیە. پێیان دوگوتریٚ پێی بچووك، یان پێی پێنجی. هەردووکیان لە هەمان جۆری پایە پێك هاتوون. بەڵام شوێنی پایەکانیان گۆڕاوە. بە پاشو پێش کردنی پایەکان لە یەك وەردەگیرێن. (فعولن) لە (فاعلن) بەهێزترە چونکە وەتەدەکەی لە پێشەوە.

٢– پێی سێیەمو چوارەمو پێنجەم (مفاعیلن، مستفعلن، فاعلاتن)، هەر یەکە لە سێ پایە (حەوت پیت) پێك هاتووە. هەر یەکە چوار بڕگەیە. هەرسێکیان لە هەمان جۆری پایە پێك هاتوون، بەڵام شوێنی پایەکانیان گۆڕاوە. بە پاشو پێش کردنی پایەکان لە یەك وەردەگیرێن. (مفاعیلن) لە دووەکەی دی بەهێزترە چونکە

وەتەدەکـەی لـە پێـشەوەیە. دوای ئـەو لـە بەهێزیـدا، (فـاعلاتن) دێ چـونکە وەتەدەکـەی لـە ناوەڕاسـتە، لـە دوای هەموویانـەوە (مـستفعلن) دێ چـونکە وەتەدەکەی لە کۆتاییە.

٣- پێی شەشەمو حەوتەم (مفاعلتن، متفاعلن)، هەر یەکە لە دوو یان لـە سـێ پایە (حەوت پیت) پێك هاتووە. هەر یەکە پێنج بڕگەیـە. هـەردووکیان لـە هـەمان جۆری پایە پێك هاتوون بەڵام شوێنی پایەکانیان جیایە. بـە پـاشو پـێش کردنـی پایەکان لێك وەردەگیرێن. (مفاعلتن) لە (متفاعلن) بەهێزترە چـونکە وەتەدەکـەی لە پێشەوەیە.

٤- پێی هەشتەمو نۆیەمو دەیەم(مفعولات، مستفع لن، فاع لاتـن)، هـەر یەکـە لە سێ پایە ( حەوت پیت)پێك هاتووە. هەر یەکە چـوار بڕگەیـە. هەرسـێکیان لـە هەمان جۆری پایە پێك هاتوون بەڵام شوێنی پایەکانیان جیایـە. بـە پـاشو پـێش کردنی پایـەکان لێـك وەردەگیرێـن. ئـەم سـێ پێیـە هـەر یەکـە وەتـەدێکی بـڵاوی تێدایە. وەتەدی بڵاو تەنیا لەمانەدا هەیە.

٥- دوو پێی یەکەمو دووەمی لێ دەرچێ کە پێی بچووك، یان پێنجین، ئـەوانی دی هەموو پێی گەورە، یان حەوتین.

٦- دوو پێی (مستفع لن، فاع لاتـن)، بۆیـە بـە پێـی سـەربەخۆ دادەنـرێنو لـە (مـستفعلن، فـاعلاتن) جیـان چـونکە جـۆری وەتەدەکـەو شـوێنی وەتەدەکـەیان جیایـە. وەتـەدیش ڕەگـەزی سـەرەکیو بـەهێزی پێیـە. (مـستفعلن) وەتەدەکـەی وەتەدی کۆیـەو کەوتۆتـە کۆتاییـەوە کەچـی (مـستفع لـن) وەتەدەکـەی وەتـەدی بڵاوەو کەوتۆتە ناوەڕاستەوە. (مستفع لن) لە (مستفعلن) بەهێزترە. لە وەرگرتنی

زیحاف‌و عیللەیش جیان. هەروەها (فاع لاتن) وەتەدەکەی بڵاوەو کەوتۆتە سەرەتاوە کەچی (فاعلاتن) وەتەدەکەی کۆیەو کەوتۆتە ناوەڕاستەوە. (فاع لاتن) لە (فاعلاتن) بەهێزترە چونکە وەتەدەکەی لە پێشەوەیە. ئەم دوو پێیەیش لە وەرگرتنی زیحاف‌و عیللەدا جیان.

٧- عەرەب پیتەکانی ئەم تەفعیلە سەرەکیانەیان لە رستەی (لمعت سیوفنا) کۆ کردۆتەوە. لە کوردیدا، دەتوانین لە (نعلی موستفا) کۆیان بکەینەوە.

زیحاف‌و عیللەو پێیە ناسەرەکییەکان: ئەو پێیانەی لە سەرەوە باسکران پێی سەرەکی‌و بنچینەیین. بە هۆی گۆڕانی تایبەتییەوە هەندێ پێی ناسەرەکییان لێ دروست دەبێ. گۆڕانەکان دوو جۆرن: یەکەم: زیحاف، دووەم: عیللە.

## یەکەم: زیحاف:

زیحاف: گۆڕانێکی کەمکردنەوەیە دەچێتە سەر سەبەبی پێ. ئەو پێیەی زیحافی دەچێتە سەر پێی دەگوترێ موزاحەف. زیحاف دوو جۆرە:

١ – زیحافی تاك، ٢ – زیحافی جووت، یان لێکدراو.

١ – زیحافی تاك: یەك گۆڕانە دەچێتە سەر پێ. زیحافی تاك ئەمانە:

ئەلف: خەبن( الخبن):

کورت کردنەوەی برگەی درێژی یەکەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی وەستاوی دووەمی پێیە لە سەبەبدا. واتە خەبن دەچێتە سەر پێیەك کە

سەرەتاکەی سەبەب بێ. ئەو پێیەی خەبنی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەخبوون. خەبن ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلن: فَعِلُنْ

مستفعلن: مُتَفْعِلُنْ. دەگۆڕێ بۆ (مفاعلن)

فاعلاتن: فَعِلاتُنْ

مَفْعولاتُ: معولاتُ. دەگۆڕێ بۆ (فَعولاتُ)

مستفع لن: مُتَفْعِ لُنْ. دەگۆڕێ بۆ (مفاع لن –)

ب– وەقس(الوقص): لابردنی بڕگەی کورتی یەکەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی بزواوی یەکەم، یان دووەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی وەقسی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەوقووس. وەقس ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مُتَفاعِلُنْ: مفاعلن

ج– ئیزمار (الاضمار): گۆڕینی دوو بڕگەی کورتی یەکەمی پێیە( واتە سەبەبی گران) بۆ بڕگەیەکی درێژ(واتە سەبەبی سووك)، یان وەستاندنی پیتی بزواوی دوەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی ئیزماری بچێتە سەر پێی دەگوترێ موزمەر. ئیزمار ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مُتَفاعِلُنْ: مُتْفاعِلُنْ دەگۆڕێ بۆ مستفعلن

د- تەی(الطی): کورتکردنەوەی بڕگەی درێژی دووەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی وەستاوی چوارەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی تەی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەتوی. تەی ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

مستفعلن: مُسْتَعِلُنْ. دەگۆڕێ بۆ (مُفْتَعِلُنْ)

مَفْعولاتُ: مَفْعُلاتُ. دەگۆڕێ بۆ (فاعلاتُ)

هـ- قەبز (القبض): کورت کردنەوەی بڕگەی درێژی سێیەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی وەستاوی پێنجەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی قەبزی بچێتە سەر پێ دەگوترێ مەقبووز. قەبز ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فعولن: فعولُ

مفاعیلن: مفاعِلن

و- عەقل (العقل): لابردنی بڕگەی کورتی سێیەم یان چوارەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی بزواوی چوارەم یان پێنجەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی عەقلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەعقوول. عەقل ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مُفاعَلَتُنْ: مفاعَتُن یان مفالَتُنْ دەگۆڕێ بۆ (مفاعلن)

ز- عەسب(العصب): گۆڕینی دوو بڕگەی کورتی چوارەمو پێنجەمی پێیە بۆ بڕگەیەکی درێژ لە سەبەبدا، یان وەستاندنی پیتی بزواوی پێنجەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی عەسبی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەعسووب. عەسب ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفاعَلَتُنْ: مفاعَلْتُنْ دەگۆڕێ بۆ مفاعیلن

ح- کەف( الکف): کورتکردنەوەی برگەی درێژی چوارەمە لە سەبەبدا، واتە لابردنی پیتی حەوتەمی وەستاوی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی کەفی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەکفووف. کەف ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

مفاعیلن: مفاعیلُ

فاعلاتن: فاعلاتُ

مفاعلتن: مفاعلتُ

مستفع لن: مستفع لُ

فاع لاتن: فاع لاتُ

تێبینی: ئەو گۆڕانانەی دێنە سەر پیتی دووەمی پێ، هەمان گۆڕان دێنە سەر پیتی پێنجەم بەڵام ناوی گۆڕانەکان جیایە ، واتە زاراوەکان جیان. لەم بارەیەوە محەمەد حوسێن قەزوینی ناسراو بە کیشوان لە ئورجوزەکەیدا دەڵێ:

وخامس الجزء لثانیه یقع

بالقبض والعقل وبالعصب تبع (عبدالحمید الراضی، شرح تحفة الخلیل، ل٤٥)

٢- زیحافی جووت، یان لێکدراو: دوو زیحافی تاکە بە یەکەوە دەچنە سەر یەك پێ. زیحافی جووت ئەمانەن:

ئەلف- خەبل (الخبل): بریتییە لە خەبن و تەی. ئەو پێیەی خەبلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەخبوول. خەبل ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

مستفعلن: مُتَعِلُنْ. دەگۆڕێ بۆ فَعِلَتُنْ.

مفعولاتُ: مَعُلاتُ. دەگۆڕێ بۆ فَعِلاتُ

ب- خەزل (الخزل): بریتییە لە ئیزمارو تەی. ئەو پێیەی خەزلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەخزوول. خەزل ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

متفاعلن: مُتْفَعِلُنْ. دەگۆڕێ (مُفْتَعِلُنْ)

ج- شەکل (الشکل): بریتییە لە خەبنو کەف. ئەو پێیەی شەکلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەشکوول. شەکل ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلاتن: فَعِلاتُ

د- نەقس (النقص): بریتییە لە عەسب و کەف. ئەو پێیەی نەقسی بچێتە سەر پێ دەگوترێ مەنقووس. نەقس ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفاعلتن: مفاعَلْتُ دەگۆڕێ بۆ مفاعیلُ.

<u>تێبینی:</u>

لە پێناسەی زیحافدا گوتمان گۆڕانێکی کەم کردنەوەیە دەچێتە سەر سەبەب. کەم کردنەوەکە بریتییە لە:

ئەلف: یان لابردنی پیتێکە وەکوو (فاعلن بە خەبن، پیتی دووەمی وەستاوی کە لە سەبەبدایە، لادەدرێو دەبێ بە (فعلن)، ئەمە زیحافی تاکە.

ب- یان کەم کرنەوەی دوو پیتە وەکوو (فاعلاتن بە خەبن، پیتی دووەمی لادەدرێو لە هەمان کاتدا بە کەف، پیتی حەفتەمی لادەدرێ دەبێ بە (فَعِلاتُ). ئەمە زیحافی جووتە (شەکل).

ج- یان کەم کردنەوەی حەرەکەیەکە، واتە وەستاندنی پیتێکی بزواوە لە سەبەبدا، وەکوو: (مُتَفاعلن) بە زیحافی ئیزمار دەبێ بە (مُتْفاعلن) دەگۆڕێ بۆ (مستفعلن).

## دووەم: عیللە

عیللە گۆڕانێکی کەم کردنەوە، یان زیاد کردنە دەچێتە سەر سەبەب یان وەتەد. ئەو پێیەی عیللەی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەعلوول. عیللە دوو جۆرە:

١- یەکەم عیللەی کەم ٢- عیللەی زیاد

١- عیللەی کەم: کەم کردنەوەیەکە دەچێتە سەر سەبەب یان وەتەد. عیللەی کەم ئەمانەن:

ئەلف: حەزف (الحذف): لابردنی بڕگەی درێژی کۆتایی پێیە لە سەبەبدا. واتە لابردنی سەبەبی سووکی کۆتایی پێیە. ئەو پێیەی حەزفی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەحزووف حەزف ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فعولن: فعو. دەگۆڕیێ بۆ (فعلْ)

مفاعیلن: مفاعی. دەگۆڕیێ بۆ (فعولن).

فاعلاتن: فاعِلا. دەگۆڕیێ بۆ (فاعلن).

ب- قەتف (القطف): بریتییە لە عەسبو حەزف. واتە گۆڕینی دوو بڕگەی کورتی سێیەمو چوارەمی پێ بۆ بڕگەیەکی درێژ لە سەبەبداو لابردنی بڕگەی درێژی کۆتایی پێ کە سەبەب بێ. ئەو پێیەی قەتفی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەقتووف. قەتف ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفاعلتن: مفاعَلْ. دەگۆڕیێ بۆ فعولن.

ج- حەزەز(الحذف): لابردنی وەتەدی کۆ لە کۆتایی پێدا. ئەو پێیەی حەزەزی دەچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەحەز. حەزەز ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلن: فا دەگۆڕێ بۆ (فع)

متفاعلن: مُتَفا. دەگۆڕێ بۆ (فَعِلُنْ).

مستفعلن: مُسْتَفْ. دەگۆڕێ بۆ (فع لن).

د- سەلم(الصلم): لابردنی دوو برگەی درێژو کورتی کۆتایی پێ، واتە لابردنی وەتەدی بڵاوی کۆتایی پێ. ئەو پێیەی سەلمی دەچێتە سەر پێ دەگوترێ ئەسلەم. سەلم ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفعولاتُ: مفعو. دەگۆڕێ بۆ (فع لن).

ئەمە لە عەرەبیدا وایە کوردیو فارسیدا جیایە.

ه- وەقف (الوقف): گۆڕینی دوو برگەی درێژو کورتی کۆتایی پێ بۆ برگەیەکی کەشیدە، واتە وەستاندنی پیتی بزواوی کۆتایی وەتەدی بڵاوی کۆتایی پێ. ئەو پێیەی وەقفی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەوقووف. وەقف ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفعولاتُ: مفعولاتْ دەگۆڕێ بۆ (مفعولان)

و- کەشف (الکشف): لابردنی برگەی کورتی کۆتایی پێیە، یان لابردنی پیتی بزواوی حەوتەمی پێیە. ئەو پێیەی کەشفی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەکشووف. کەشف ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

مفعولاتُ: مفعولا. دەگۆڕێ بۆ (مفعولن).

ز- قەسر (القصر): لابردنی برگەی درێژی کۆتایی پێ لە سەبەبداو بە کەشیدەکردنی برگەی پێشەوەیەتی ، واتە لابردنی پیتی وەستاوی کۆتایی سەبەبی سووکی کۆتایی پێو وەستاندنی پیتی پێشەوەی. ئەو پێیەی قەسری بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەقسوور. قەسر ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فعولن: فعولْ.

مفاعیلن: مفاعیلْ. دەگۆڕێ بۆ (فعولان)

فاعلاتن: فاعلاتْ. دەگۆڕێ بۆ (فاعلان)

مستفع لن: مستفع لْ. دەگۆڕێ بۆ (مفعولن).

ح- قەتع (القطع): لابردنی برگەی درێژی کۆتایی پێ لە وەتەکی کۆداو بە کەشیدەکردنی برگەی پێشەوەیەتی ، واتە لابردنی پیتی وەستاوی کۆتایی وەتەدی کۆی کۆتایی پێو وەستاندنی پیتی پێشەوەی. ئەو پێیەی قەتعی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەقتووع. قەتع ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلن: فاعل. دەگۆڕێ بۆ (فع لن).

متفاعلن: متفاعِلْ. دەگۆڕێ بۆ (فَعِلاتن).

مستفعلن: مستفعلْ. دەگۆڕێ بۆ (مفعولن).

ط- بەتر (البتر): بریتییە لە حەزفو قەتع. لە دوو بڕگەی درێژی کۆتایی پێدا، کە دەبێ دوا بڕگە سەبەبی سووکو بڕگەی پێش کۆتایی لە وەتەدی کۆدا بێ، هەردوو بڕگە درێژەکە لادەبرێنو بڕگەی پیش ئەوان کورتە درێژ دەکرێتەوە. واتە لابردنی سەبەبی سووکی کۆتایی پێو لابردنی دوا پیتی وەستاوی وەتەدی کۆی پێش سەبەبەکەو وەستاندنی پیتی پێشەوەی. ئەو پێیەی بەتری بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەبتوور. بەتر ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فعولن: فَعْ

فاعلاتن: فاعِلْ. دەگۆڕێ بۆ (فع لن).

ئەمە لە عەرەبیدا وایە. لە کوردیو فارسیدا جیایە.

٢- عیللەی زیاد: زیادەیەکە دەچێتە سەر کۆتایی پێ. عیللەی زیاد ئەمانەن:

ئەلف- تەسبیغ یان ئیسباغ (التسبیغ او الاسباغ). بە کەشیدەکرنی بڕگەی درێژی کۆتایی پێ لە سەبەبی سووکدا. واتە زیاد کردنی پیتێکی وەستاو بۆ کۆتایی سەبەبی سووکی کۆتایی پێ. ئەو پێیەی تەسبیغی بچێتە سەر پێی دەگوترێ موسەببەغ. تەسبیغ ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فعولن: فعولان.

مفاعیلن: مفاعیلان.

فاعلاتن: فاعلاتان.

مفاعلتن: مفاعلتان.

مستفع لن: مستفع لان.

ب– تەزییل یان ئیزالە ( التذیل او الاذالة): بریتییە لە بە کەشیدە کردنی برگەی درێژی کۆتایی پێ لە وەتەددا. واتە زیاد کردنی پیتێکی وەستاو بۆ وەتەدی کۆی کۆتایی پێ. ئەو پێیەی ئیزالەی بچێتە سەر پێی دەگوترێ موززال. ئیزالە ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلن: فاعلان.

مستفعلن: مستفعلان.

متفاعلن: متفاعلان.

ج– تەرفیل: زیاد کردنی برگەیەکی درێژە بۆ کۆتایی وەتەدی کۆی کۆتایی پێ. واتە: زیاد کردنی سەبەبێکی سووکە بۆ کۆتایی وەتەدی کۆی کۆتایی پێ. ئەو پێیەی تەرفیلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مورەففەل. تەرفیل ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلن: فاعلاتن.

مستفعلن: مستفعلاتن

متفاعلن: متفاعلاتن

## جیاوازی زیحافو عیللە:

گرنگترین جیاوازیی نێوان زیحافو عیللە ئەمانە:

١- زیحاف تەنیا دەچێتە سەر سەبەب کەچی عیللە دەچێتە سەر سەبەبو وەتەد.

٢- زیحاف تەنیا کەم کردنەوەیە کەچی عیللە دەشێ کەم کردنەوە بێ یان زیاد کردن بێ.

٣- زیحاف دەچێتە سەر هەموو پێیەکانی دێرە شیعر کەچی عیللە تەنیا دەچێتە سەر عەرووزو زەرب.

٤- زیحاف لازم نییە واتە ئەگەر لە دێرێك هاتە سەر پێیەك مەرج نییە لە هەموو دێرەکان بێتە سەر هەمان پێ. شاعیر کەیفی خۆیەتی کەی بە کاری دێنێو کەی بە کاری ناهێنێ کەچی عیللە لازمە واتە کە شاعیر لە دێری یەکەم، لە عەرووز یان لەزەربدا بە کاری هێنا، دەبێ لە هەموو دێرەکانی هۆنراوەکەدا، ژمارەیان هەر چەندەی هەبێ، بە کاریان بێنێ. ئەمە لە زمانەکانی تری ناعەرەبی وەکوو فارسیو کوردی گۆڕاوە، دەشێ زیحافیش وەکوو عیللە بە کار بێ.

### عیللەی زیحافانە (العلل الجاریە مجری الزحاف):

جگە لەو زیحافو عیللانەی لە سەرەوە باس کران، هەندێ گۆڕانی تر هەن پێیان دەگوترێ (عیللەی زیحافانە) چونکە لەبەر ئەوەی دەچنە سەر وەتەد عیللەن، زیحاف نین. زیحاف ناچێتە سەر وەتەدو لەبەر ئەوەی لازم نین زیحافن، چونکە عیللە لازمە. واتە لە گۆڕینی پێدا عیللەنو لە بەکار هاتنی ناو هۆنراوەدا

زیحافن. عیللە دەچێتە سەر کۆتایی پێ وەکوو لە سەرەوەدا بۆمان دەرکەوت، کەچی لە عیللەی زیحافانەدا، گۆڕانەکە دەچێتە سەر وەتەدی کۆی ناوەڕاستو سەرەتای پێ. ئەمەیش هەندێ لە عیللەی زیحافانە:

١- تەشعیس (التشعیث): لابردنی برگەی کورتی دووەمی پێیە لە (فاعلاتن)دا. واتە لابردنی پیتی دووەم یان سێیەم لە وەتەدی کۆی (فاعلاتن)دا. ئەو پێیەی تەشعیسی بچێتە سەر پێی دەگوترێ موشەعەس. تەشعیس ئەم پێیە ناسەرەکییەی خوارەوە دروست دەکا:

فاعلاتن: فاعاتن یان فالاتن دەگۆڕێ بۆ (مفعولن).

٢- خەرم (الخرم): لابردنی پیتی یەکەمی وەتەدی کۆی سەرەتای پێیە. ئەو پێیەی خەرمی بچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەخرەم. (لە عەرەبیدا تەنیا لە سەرەتای دێرە شیعر دێ). خەرم زۆر جۆرەو جۆرەکانی بە پێی جۆری پێیەکەو هاتنی زیحافی ترەوە لە پێیەکەدا دەگۆڕێ. جۆرەکانی خەرم ئەمانەن: سەلم (الثلم)، سەرم (الثرم)، خەرم (الخرم)، شەتر (الشتر)، خەرب (الخرب)، عەزب (العضب)، عەقس (العقص)، قەسم (القصم)و وەجەم (الوجم).

لەم جۆرانەی خەرمدا، خەرب لە هەموویان زیاتر لە کوردیدا بە کار هاتووە. ئەویش پێناسەکەی بەم جۆرەیە:

خەرب (الخرب): بریتییە لە خەرمو کەف. ئەو پێیەی خەربی بچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەخرەب.

مفاعیلن بە خەرب دەبێ بە (فاعیلُ)و دەگۆڕێ بۆ (مفعولُ).

چەند سەرنجێك لە بارەی زیحافو عیللەو عیللەی زیحافانە:

١- ئەو زیحافو عیللانەی بە زۆری لە کوردیدا هاتوون ئەمانەن:

خەبنو تەیو قەبزو کەفو شەکلو حەزفو قەسرو قەتعو صەلم (بە مانا کوردییەکەی)و وەقفو کەشفو هەر چوار زیحافی روباعی(هەتمو جەبو زەلەلو بەتر)و هەندێ گۆڕانی تریش کە ناوی تایبەتییان بۆ دانەنراوە وەکوو: ئەصلەم موسبەبغو مەخبوون مەحزووفو مەخبوون مەقسووری (فاعلاتن) کە یەك لە دوای دەبن بە (فع لان، فعلن، فعلان). هەروەها مەتوی مەکشووفو مەتوی مەوقووفی (مفعولات) کە یەك لە دوای یەك دەبن بە (فاعلن، فاعلان).

٣ - لە کوردیدا، لە عیللەی زیحافانە بە زۆری خەربو لە زیحافی جووتدا، تەنیا شەکل هاتووە.

٤- لە عەرەبیدا، تەرفیل دەچێتە سەر (متفاعلن)، بەڵام لە کوردیدا، دەچێتە سەر (مستفعلن).

٥- ئەوەی لە عەرەبیدا، پێی دەگوترێ (بەتر) کە بریتییە لە حەزفو قەتع، لە فارسیو کوردیدا پێی دەگوترێ سەلم (الصلم). (بەتر): لە فارسیو کوردیدا، بریتییە لە کۆبوونەوەی خرمو جەب (لابردنی هەردوو سەبەبی سووکی مفاعیلن). دەبێ بە (فا)و دەگۆڕێ بۆ (فع). ئەمە زیاتر لە کێشی روباعی دێ.

٦- حەزەز، کە لابردنی وەتەدی کۆی کۆتایی پێیە، لە عەرەبیدا دەچێتە سەر (متفاعلن)، کەچی لە فارسیدا دەچێتە سەر (مستفعلن). (الرازی، المعجم، ل٦٣)

٧- هەتمو جەبو زەلەل لە عەرەبیدا نین. ئەم سییانە لەگەل بەتر بە مانا فارسییەکەی لە فارسیو کوردیدا بە زۆری لە کێشی روباعیدا بە کارهاتوون.

- هەتم: کۆبوونەوەی حەزفو قەسرە لە (مفاعیلن)دا. سەبەبی کۆتایی لادەبرێو سەبەبی پێش ئەویش قەسر دەکرێ. دەبێ بە (مفاعْ)و دەگۆڕێ بۆ (فعولْ). ئەو پێیەی هەتمی بچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەهتەم.

- جەب: بریتییە لە لابردنی هەردوو سەبەبی (متفاعلن) دەمێنێ (علن)و دەبێ بە (مفا)و دەگۆڕێ بۆ (فعلْ). ئەو پێیەی جەبی بچێتە سەر پێی دەگوترێ مەجبووب

- زەلەل: کۆبوونەوە خەرمو هەتمە لە (مفاعیلن)، دەبێ بە (فاعْ). ئەو پێیەی زەلەلی بچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەزەل.

- بەتر: کۆبوونەوەی خەرمو جەبە لە (مفاعیلن)، دەبێ بە (فا)و دەگۆڕێ بۆ (فع). ئەو پێیەی بەتری بچێتە سەر پێی دەگوترێ ئەبتەر.

٨- فارس زیحافو عیللەیان لێك جیا نەکردۆتەوە. هەموویان لە ژێر ناوی (زیحافات) باس کردووەو هەندێ زیحافیان بۆ زیاد کردووە. وەکوو: سەلخو تەمسو جەدەعو نەحرو رەفعو هەتمو جەبو زەلەلو ...(الرازی، المعجم٦٢،ل٦٤، ل ١٢٢). کورد صەلمو هەتمو جوبو زەلەلو بەتری( بە مانا فارسییەکەی) بە کار هێناوە.

## بازنەی پێیەکان:

بەر لەوەی بچینە سەر بازنەو کێشەکانو چۆنیەتی لە یەك وەرگرتنی کێشەکان لە ناو یەك بازنەدا روون بکەینەوە، وا چاکە بازنەی پێیەکان روون بکەینەوە.

هەموو پێیەکان چوار بازنەیان هەیە:

١- بازنەی فعولن: پێی (فعولنو فاعلن)ی تێدایە.

٢- بازنەی مفاعلتن: پێی (مفاعلتنو متفاعلنو فاعلاتُكَ)ی تێدایە.

٣- بازنەی مفاعیلن: پێی (مفاعیلنو مستفعلنو فاعلاتن)ی تێدایە.

٤- بازنەی فاع لاتن: پێی (فاع لاتنو مستفع لنو مفعولات)ی تێدایە.

ئێستایش بۆ روون کردنەوەی بازنەی پێیەکان:

بازنەی یەکەم: بازنەی فعولن:

(فعولن) دوو پایەیە. کەواتە دوو پێی تێدایە چونکە هەر پێیەك بە پایەیەك دەست پێ دەکا. دوو پایەکە بریتین لە: وەتەدی کۆو سەبەبی سووك.

(فعولن)بە وەتەدی کۆ دەست پێ دەکا. پایەی یەکەمی کە وەتەدی کۆیە (فعو) دەگوازینەوە بۆ دواوە. دەبێ بە (لن فعو). ئەمە لە سەبەبێکی سووكو وەتەدێکی کۆ پێك هاتووەو رەمزی بڕگەکانی بەم جۆرەیە: (U_ _ ). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (فاعلن). واتە بە گواستەوەی پایەیەی یەکەمی فعولن بۆ دواوە، پێی (فاعلن) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (فاعلن) دووبارە دەکەینەوە. (فاعلن) لە دوو پایە پێك هاتووە: سەبەبێکی سووكو وەتەدێکی کۆ. پایەی یەکەمی، کە سەبەبی سووکە،

دەبەینە دواوە دەبێ بە (علن فا). ئەمە لە وەتەدێکی کۆو سەبەبێکی سووک بێک هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەبە: (U_ _). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (فعولن). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی (فاعلن) بۆ دواوە پێی (فعولن) دروست بوو کە پێی یەکەمە. واتە گەڕاینەوە سەرەتا. بەم جۆرە هەر پایەکان پاش‌و پێش بکەو (فعولن) دەبێ بە (فاعلن)و (فاعلن) دەبێتەوە بە (فعولن). هیچ پێی تر دروست نابێ. بەردەوام لە نێوان ئەم دووانەدا دەخولێتەوە.

بازنەی دووەم: بازنەی مفاعلتن:

(مفاعَلَتن) دوو پایەیە (وەتەدێکی کۆ (مفا) و فاسیلەیەکی بچووک (عَلَتُنْ)، یان سێ پایەیە (وەتەدێکی کۆ (مفا) و سەبەبێکی گران (عَلَ)و سەبەبێکی سووک (تن)...)ە. ئەگەر بە دوو پایە لێکی بدەینەوە بازنەکە دوو پێی تێدایەو ئەگەر بە سێ پایە لێکی بدەینەوە سێ پێی تێدایە. چونکە هەر پێیەک بە پایەیەک دەست پێ دەکا.

با بە سێ پایە وەری بگرین:

(مفاعلتن) بە وەتەدی کۆ دەست پێ دەکا. پایەی یەکەمی کە وەتەدی کۆیە (مفا) دەگوازینەوە بۆ دواوە. دەبێ بە (علتن مفا). ئەمە لە سەبەبێکی گران‌و سەبەبێکی سووک‌و وەتەدێکی کۆ پێک هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەیە: (U_ _ UU). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (متفاعلن). واتە بە گواستەوەی پایەیەی یەکەمی (مفاعلتن) بۆ دواوە پێی (متفاعلن) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (متفاعلن) دووبارە دەکەینەوە. (متفاعلن) لە سێ پایە پێک هاتووە: سەبەبێکی گران‌و سەبەبێکی سووک‌و وەتەدێکی کۆ. پایەی

یەکەمی، کە سەبەبی گرانە، دەبەینە دواوە دەبێ بە (تن مفاعل). ئەمە لە سەبەبێکی سووکو وەتەدێکی کۆو سەبەبێکی گران پێك هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەبە: (_UU _ U). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (فاعلاتك). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی (متفاعلن) بۆ دواوە پێی (فاعلاتك) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (فاعلاتك) دووبارە دەکەینەوە. (فاعلاتك) لە سێ پایە پێك هاتووە: سەبەبێکی سووکو وەتەدێکی کۆو سەبەبێکی گران. پایەی یەکەمی کە سەبەبێکی سووکە (فا) دەبەینە دواوە دەبێ بە (علاتك فا). ئەمە لە وەتەدێکی کۆو سەبەبێکی گرانو سەبەبێکی سووك پێك هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەیە: (_UU U _). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (مفاعلتن). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی پێی (فاعلاتك) بۆ دواوە، پێی (مفاعلتن) دروست بوو کە پێی یەکەمی ئەم بازنەیەیە. بەم جۆرە هەر پایەکان پاشو پێش بکەو (مفاعلتن) دەبێ بە (متفاعلن)و (متفاعلن) دەبێ بە (فاعلاتك)و (فاعلاتك) دەبێتەوە بە مفاعلتن. هیچ پێی تر دروست نابێ. بەردەوام لە نێوان ئەم سییانەدا دەخولێتەوە.

<u>بازنەی سێیەم: بازنەی مفاعیلن:</u>

(مفاعیلن) سێ پایەیە. لە وەتەدێکی کۆ (مفا)و دو سەبەبی سووك (عی، لن) پێك هاتووە. (مفاعیلن) بە وەتەدی کۆ (مفا) دەست پێ دەکا. پایەی یەکەمی، کە وەتەدی کۆیە (مفا)، دەگوازینەوە بۆ دواوە. دەبێ بە (عیلن مفا). ئەمە لە دوو سەبەبی سووکو وەتەدێکی کۆ پێك هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەیە: (_ _ U_). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (مستفعلن). واتە بە گواستەوەی پایەی یەکەمی (مفاعلین) بۆ دواوە، پێی (مستفعلن) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (مستفعلن) دووبارە دەکەینەوە. (مستفعلن) لە سێ پایە پێك هاتووە: دوو سەبەبی سووك(مس، تف)و وەتەدێکی کۆ (علن). پایەی یەکەمی، کە سەبەبی سووکە (مس) دەبەینە دواوە دەبێ بە (تفعلن مس)). ئەمە لە سەبەبێکی سووكو وەتەدێکی کۆو سەبەبێکی سووك پێك هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەبە: (U__ _). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (فاعلاتن). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی (مستفعلن) بۆ دواوە پێی (فاعلاتن) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (فاعلاتن) دووبارە دەکەینەوە. (فاعلاتن) لە سێ پایە پێك هاتووە: سەبەبێکی سووك (فا)و وەتەدێکی کۆ (علا)و سەبەبێکی سووك (تن). پایەی یەکەمی، کە سەبەبێکی سووکە، دەبەینە دواوە دەبێ بە (علاتن فا). ئەمە لە وەتەدێکی کۆو دوو سەبەبی سووك پێك هاتووەو رەمزی برگەکانی بەم جۆرەیە: (_U _ _). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (مفاعلین). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی پێی (فاعلاتن) بۆ دواوە، پێی (مفاعلین) دروست بوو کە پێی یەکەمی ئەم بازنەیە. بەم جۆرە هەر پایەکان پاشو پێش بکەو (مفاعلین) دەبێ بە ( مستفعلن)و (مستفعلن) دەبێ بە (فاعلاتن)و (فاعلاتن) دەبێتەوە بە (مفاعلین). هیچ پێی تر دروست نابێ. بەردەوام لە نێوان ئەم سیيانەدا دەخولێتەوە.

٣- <u>بازنەی چوارەم: بازنەی فاع لاتن:</u>

(فاع لاتن) سێ پایەیە. لە وەتەدێکی بڵاو (فاع)و دو سەبەبی سووك (لا تن) پێك هاتووە. (فاع لاتن) بە وەتەدی بڵاو (فاع) دەست پێ دەکا. پایەی یەکەمی، کە وەتەدی بڵاوە (فاع)، دەگوازینەوە بۆ دواوە. دەبێ بە (لا تن فاع). ئەمە لە


دوو سەبەبی سووك‌و وەتەدێکی بڵاو پێك هاتووەو رەمزی بڕگەکانی بەم جۆرەیە: (_ _ _U ). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (مفعولاتُ). واتە بە گواستەوەی پایەی یەکەمی (فاع لاتن) بۆ دواوە، پێی (مفعولاتُ) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (مفعولاتُ) دووبارە دەکەینەوە. (مفعولاتُ) لە سێ پایە پێك هاتووە: دوو سەبەبی سووك(مف، عو)و وەتەدێکی بڵاو (لات). پایەی یەکەمی، کە سەبەبی سووکە (مف)، دەبەینە دواوە دەبێ بە (عو لاتُ مف)). ئەمە لە سەبەبێکی سووك‌و وەتەدێکی بڵاوو سەبەبێکی سووك پێك هاتووەو رەمزی بڕگەکانی بەم جۆرەبە: __ U_). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە (مستفع لن). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی (مفعو لات) بۆ دواوە پێی (مستفع لن) دروست بوو.

هەمان شت لەگەڵ پێی (مستفع لن) دووبارە دەکەینەوە. (مستفع لن) لە سێ پایە پێك هاتووە: سەبەبێکی سووك (فا)و وەتەدێکی بڵاو (تفع)و سەبەبێکی سووك (لن). پایەی یەکەمی، کە سەبەبێکی سووکە، دەبەینە دواوە دەبێ بە (تفع لن مس). ئەمە لە وەتەدێکی بڵاوو دوو سەبەبی سووك پێك هاتووەو رەمزی بڕگەکانی بەم جۆرەیە: (_ U _ _). تەفعیلەی بەرامبەر بەم رەمزانە بریتییە لە (فاع لاتن). واتە بە گواستنەوەی پایەی یەکەمی پێی (مستفع لن) بۆ دواوە، پێی (فاع لاتن) دروست بوو کە پێی یەکەمی ئەم بازنەیەیە. بەم جۆرە هەر پایەکان پاش‌و پێش بکەو (فاع لاتن) دەبێ بە ( مفعولاتُ)و (مفعولاتُ) دەبێ بە (مستفع لن)و (مستفع لن) دەبێتەوە بە (فاع لاتن). هیچ پێی تر دروست نابێ. بەردەوام لە نێوان ئەم سییانەدا دەخولێتەوە.

لە لاپەڕەی دادێ سەیری وێنەی بازنەکانی پێیەکان بکە:

## چوار بازنەکەی پێیەکان



## بازنەو کێشە عەرووزییەکان

جۆری پێیەکان‌و شێوەی ریزبوونیان لە دێرە شیعردا دەبێ بە هۆی دروست بوونی کێشی جیا جیا. ئەگەر لە خوارەوە دەست پێ بکەین: بچووکترین شت دەنگە، چەند دەنگێك برگە دروست دەکەن‌و چەند برگەیەك پایە دروست دەکەن‌و چەند پایەیەك پێ دروست دەکەن‌و چەند پێیەك کێش دروست دەکەن‌و هەر کۆمەڵە کێشێکیش دەکەونە ناو بازنەیەك. پێیە سەرەکییەکان کێشی سەرەکی دروست دەکەن‌و پێیە ناسەرەکییەکان قالبە کێشەکان، واتە لقە کێشەکان، دروست دەکەن.

قالب (لق)ی کێش لە عەرەبی‌و کوردیدا:

کێشی سەرەکی واتە ئەوانەی وەکوو ناو بازنەی خۆیان بە کارهاتوون. لە کوردی‌و عەرەبیدا وەکوو یەك وان. بەڵام لە دروست کردنی قالب (لق)ە کێشدا جیان. جیاوازییەکانیان ئەمانەن:

١- هەرچەند زەرب بنچینەی کێشەو کێشی لە سەر رۆدەنرێ، لە عەرەبیدا، ناوی لقە کێشەکان بە عەرووزو ئینجا زەربەکان وەسف دەکرێ: بۆ نموونە دەڵێن: تەویل یەك عەروزو سێ زەربی هەیە. مەدید چوار عەروزو حەفت زەربی هەیەو بەسیت چوار عەرووزو حەفت زەربی هەیەو وافیر دوو عەرووزو سێ زەربی هەیەو کامیل سێ عەرووزو نۆ زەربی هەیەو ....لە هەرکێشێکدا، بە پێی کێشەکە زەربەکان دەچنەوە پاڵ عەرووزەکان بۆ نموونە .کێشی وافیر کە دوو عەرووزو سێ زەربی هەیە. عەرووزو زەربەکان بەم جۆرە هاتوون:

ئەلف - عەرووزی یەکەم: تەواوی مەقتووفە (فعولن)و زەربەکەیشی هەر تەواوی مەقتووفە (فعولن).

ب — عەرووزی دووەم: بەشکراوی دروستە (مفاعلتن)و دوو زەربی هەیە: یەکەم دروست وەك عەرووزەکەی (مفاعلتن). دووەم مەعسووب (مفاعیلن).

کەچی لە کوردیدا، زەربەکە دەکرێتە بنچینەو هەر لقە کێشێك چەند عەرووزێکی هەیە. بۆ نموونە: کێشی هەزەجی تەواو دوو عەرووزی هەیەو کێشی رەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف چوار عەرووزی هەیە. عەرووزی لقە کێشەکانی کوردی لە نێوان دووو چواردان.

٢- لە عەرەبیدا، تەنیا بە هوی عیللەوە کە تەنیا دەچێتە سەر عەرووزو زەرب لقە کێشی جیاجیا دروست دەبێ، واتە لقە کێشەکان تەنیا بە عەرووزو زەرب لە یەك جیا دەکرێنەوە، کەچی لە کوردیدا، زیحافو عیللە هەردووکیانو بە گۆڕانی عەروزو زەرب یان پێیەکانی تریش لقە کێش دروست دەکەن. واتە زیحافیش هەندێ جار دەوری عیللە دەگێڕێ. هەر بۆیەشە فارسەکان هەموو گۆڕانەکانیان لە ژێر یەك ناو کۆکردۆتەوە : زیحافو باسی عیللەیان نەکردووە.

هەر کێشێکی سەرەکی تەنیا یەك جۆرە پێ، یان دوو جۆرە پێی جیاوازی تێدایە. هەر دێرێك لە شەش پێ (٣ +٣) یان لە هەشت پێ (٤ + ٤) دروست دەبێ. کێشەکانیش هەر کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو یەك بازنەدانو بە پاشو پێش کردنی پایەکانیان لە ناو بازنەکەدا دەخولێنەوەو لێك وردەگیرێن. مەرج نییە ژمارەی کێشەکانی هەموو بازنەکان بە قەدەر یەك بێ. بازنە هەیە تەنیا دوو کێشی تێدایە (وەکو بازنەی پێنجەم)و بازنە هەیە نۆ کێشی تێدایە (وەکوو بازنەی چوارەم). کێشەکانی ناو هەر بازنەیەك لە هەندێ خەسیەتدا وەکوو یەك وان.

ئەمــەیش بازنــەو کێــشەکانو پێیــەکانیان لەگــەڵ هەنــدێ روون کردنــەوەی پێویست:

<u>بازنەی یەکەم (المختلف – جیاوان):</u>

بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە پێی کێشەکانی جیاوازن لـە بـچووکی (فعـولن، فاعلن)و گەورەییدا (مفاعیلن، مستفعلن، فاعلاتن).

١– کێشی تەویل (الطویل):

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن  فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن

٢– کێشی مەدید (المدید):

فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن    متفاعلن فاعلن فاعلاتن فاعلن

٣– کێشی موستەتیل (المستطیل):

مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن   مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن

ئەم کێشە پشت گوێ خراوە.

٤– کێشی بەسیت (البسیط):

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن   مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

٥– کێشی مومتەد (الممتد):

فاعلن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن  فاعلن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن

ئەم کێشە پشت گوێ خراوە.

سەرنج:

سەرنجی گشتی:

١- کێشی تەویل(درێژ) بۆیە پێی دەگوترێ تەویل چونکە هەمیشە بە تەواوی دێ. بەشکراو (مەجزوء)و کەرتکراو (مەشتوور)و شەکەت (منهوك)ی نییە، یان بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە ژمارەی پیتەکانی دێرێکی دەگاتە ٤٨ پیت. لە هیچ کێشێکی تردا ئەوەندە پیتە لە یەك دێردا نایە.

کێشی مەدید(کشاو) بۆیە پێی دەگوترێ مەدید چونکە پێیە حەفتییەکانی بە سەر پێیە پێنجیەکانیدا دەکشێن‌و پییە پێنجییەکانی بە سەر پێیە حەفتییەکانیدا دەکشێن. دەشڵێن بۆیە پێی دەگوترێ مەدید چونکە لە هەر پێیەکی حەفتیدا، دوو سەبەبی سووك کشاون، هەروەها دەڵێن بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە وەتەدی کۆی لە ناوەڕاستی پێیە حەفتییەکان دەکشێ.

کێشی بەسیت (بلاو) بۆیە پێی دەگوترێ بەسیت چونکە سەبەبەکانی ( واتە برگە درێژەکانی) لە سەرەتای پێیە حەفتییەکاندا بلاو بوونەتەوە، یان بە دوای یەکدا هاتوون. یان دەڵێن بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە کاتی (خەبن) بووندا ، سێ پیتی بزواوی بە دوای یەکدا دێ.

٢- ئەم بازنەیە پێنج کێشی تێدایە. سیانیان (تەویل‌و مەدیدو بەسیت) بە کار هاتوون‌و دوانیان(موستەتیل‌و مومتەد) پشت گوێ خراون.

٣- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە هەشت پێ پێك هاتووە (٤ +٤).

٤- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە دوو پێی جیاواز پێك هاتووە. پێیەکی بچووك (فعولن، فاعلن)و پێیەکی گەورە (مفاعیلن، مستفعلن، فاعلاتن). ئەم دوو جۆرە پێیە لە هەموو کێشەکاندا، بە نۆرە یەك لە دوای دووبارە دەبنەوە. ئەم جۆرە کێشە پێی دەگوترێ (کێشی دەوری).

<u>سەرنجی تایبەت بە کوردی:</u>

١-ئەو دوو کێشەی لە عەرەبیدا پشت گوێ خراون (موستەتیلو مومتەد) لە کوردیشدا نەهاتوون.

٢-کێشی تەویل لە کوردیدا زۆر بە دەگمەن بە کار هاتووە. ئەوەی تا ئێستا زانرابێ تەنیا نالی یەك شیعری بەو کێشە نووسیوە (دەروونی لیداریششارەزووری وە بەردیهی...). ئەم شیعرە تێکەڵاوییەکی سەیرە لە کوردیو عەرەبی. داڕشتنو ڕێزمانەکەی عەرەبییەو وشەی کوردی بۆ بە کار هاتووە بۆیە من پێم وایە ئەم شیعرە دەچێتە خانەی شیعری عەرەبییەوە. مەلا عەبدولکەریمی مودوڕیسیش لە کتێبی (بەدیعو عەرووزی نامی، ١٠٤)دا هۆنراوەیەکی درێژی بۆ نموونەی کێشی تەویل نووسیوە.

٣-کێشی مەدیدیش زۆر بە بە دەگمەن لە کوردیدا بە کار هاتووە. تەنیا نالبەند شیعرێکی درێژی بەم کێشە نووسیوەو لوتفیش شیعرێکی کورتی هەیە دەشێ بیبەینەوە سەر ئەم کێشە.

٤-کێشی بەسیت تا رادەیەك لە کوردیدا بە کار هاتووە. نزیکەی ( ٠٤٣ ٪)ی شعری کلاسیکی پێ نووسراوە. حەفت قالب(لق)ی بەسیت لە کوردیدا بە کار

هـاتووه . شـاعیرانی وەکـوو وەفـاییو نـالیو نالبەنـدو نـاریو مفتـی پێنجـوینیو مەحویو عەونیو سەفوەتو سالمو دەشتیو جزیـریو مـەلا تـاهیری بەحرکـەییو پەرتۆیی هەکاریو مەلای باتەییو ئەسـیریو ئەحمـەدی کـۆر بـە کاریـان هێنـاوە. قەسیدەی بوردە، کە لە سەر کێشی بەسیتە، مەلا حوسێنی فانی و مـەلا مـستەفا سەفوەتو مەلا تاهیری بەحرکەیی بە هەمان کێشی بەسیت کردوویانە بە کوردی.

بازنەی دووەم (المؤتلف – تەبا):

بۆیە وای پیٚ دەگوتریٚ چونکە پێـی کێـشەکان لـە رووی گـەورەو بـچووکییەوە ریٚکو تەبان. هەموویان پێی حەوتین (مفاعلتن، متفاعلن):

١- کێشی وافیر (الوافر – فره):

مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن     مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن

٢-کێشی کامیل (الکامل– تەواو)

متفاعلن متفاعلن متفاعلن     متفاعلن متفاعلن متفاعلن

٣- کێشی موتەوەففیر (المتوفر):

فاعلاتك فاعلاتك فاعلاتك     فاعلاتك فاعلاتك فاعلاتك

ئەم کێشە پشت گویٚ خراوە.

## سەرنج:

### سەرنجی گشتی:

کێشی وافیر (فرە) بۆیە پێی دەگوترێ وافیر چونکە وەتـەدی پێیـەکانی فـرەن واتـە زۆرن،، یـان دەڵـێن لـە بـەر ئـەوەی حەرەکـەکانی فـرەن. پێیـەکانی هـیچ کێشێکی تر ئەوەندە حەرەکەیان نییە تەنیا کامیل نەبێ.

کێشی کامیل بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە زۆرترین حەرەکەی تێدایە. دێـری ٣٠ حەرەکەی تێدایە. راستی کێـشی وافیریـش ٣٠ حەرەکـەی تێدایـە بـەڵام وافـیر هەمیشە بە مەقتووفی بە کار هاتووە.

١- ئەم بازنەیە سێ کێشی تێدایە. دووانیان بە کار هاتوون: (وافـیرو کامیـل)و یەکێکیان (موتەوەففیر) بە کار نەهاتووە، پشت گوێ خـراوە. ئـەم بازنەیـە سـێ کێشی تێدایە چونکە هەر یەکـە لـە پێیـەکانیان دوو سـەبەبو وەتـەدێکی تێدایـە. ئەگەر دوو سەبەبەکە بە فاسیلەی بچووك دابنێین، هەر پێیەك دەبێ بە دوو پایـەو ئەو حەلە ئەم بازنەیە تەنیا دوو کێشی تێدا دەبێ (وافیر)و (کامیل). کێشە پـشت گوێ خراوەکەی (مەتەوەففیر) دەر ناکەوێ.

٢- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە شەش پێیە (٣ +٣).

٣- هەموو کێشەکانی ئەم بازنەیە لە دووبارەبوونـەوەی یـەك جـۆرە پـێ پێـك هاتوون.(وافیر مفاعلتن، کامیل متفاعلن، موتەووەفیر فاعلاتـك) ئـەم جـۆرە کێـشە پێی دەگوترێ (کێشی ساف).

سەرنجی تایبەت بە کوردی:

١- کێشی وافیر لە کوردیدا بە پێی (مفاعلتن) نەکەوتۆتە بەر چاو. بەڵام مامۆستا مەلا عەبدولکەریم کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف بە پێی عیللەو زیحافو بۆچوونی عەرەبی دەباتەوە سەر کێشی (وافیر).

٢- کێشی کامیل لە کوردیدا زۆر کەم بە کار هاتووە. هەمووی چوار پێنج شیعری پێ نووسراوە. (نالیو نالبەندو لوتفیو جزیریو بێخودو ئەحمەد موختار) یەکەو شیعریان پێ نووسیوە

بازنەی سێیەم (المجتلب - هاوردە):

بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە هەموو پێی کێشەکانی ئەم بازنەیە لە بازنەی یەکەمەوە هاتوون. (مفاعیلن) لە کێشی تەویلو (فاعلاتن) لە کێشی مەدیدو (مستفعلن) لە کێشی بەسیت.

١- کێشی هەزەج (الهزج - لەرە):

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

٢- کێشی رەجەز (الرجز - شلەژان):

مستفعلن مستفعلن مستفعلن فعلن مستفعلن مستفعلن

٣-کێشی رەمەل (الرمل - پەلە):

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

سەرنج:

سەرنجی گشتی:

١- کیشی هەزەج بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە لەرانەوەی دەنگ دەکا، واتە لە لەرانەوەو زایەلەی دەنگ دەچێ چونکە دوو سەبەبی سووکی لە دوای یەکتری لە دوای پایەی یەکەم هەیە کە وەتەدە ئەمەیش یارمەتی درێژبوونەوەی دەنگ دەدا، یان دەڵێن ئەمە لەرینەوەی گۆرانی تێدایەو هەزەجیش جۆرە گۆرانییەکە، بۆیە وای پێ دەگوترێ .

کێشی رەجەز بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە شلەژاوەو ئەمەیش لەو وشترەوە وەرگیراوە کە رانەکانی دەشلەژێن. یان بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە بۆی هەیە هەر پێیەك و دوو پیتی لێ لابدرێ. زۆر تووشی زیحاف و عیللەو کەرت کردن(شەتر)و شەکەتیی (نهك)و کۆرت کردنەوە(جزء) دەبێ و ئەمە لە هەموو کێشەکان زیاتر لە گۆڕاندایەو لەسەر حاڵەتێك سەقام ناگرێ.. یان دەڵێن لەبەر لێك نزیکی پێیەکانی و کەمی پیتەکانی وای پێ دەگوترێ. یان دەڵێن ئەم کێشە لە عەرەبیدا، بە زۆری بە مەشتووری واتە بە سێ پێیی هاتووەو بەمەوە لەو وشترەکە دەکا کە پێیەکی بەسرابێ و بە سێ پێ مابێتەوە.

کێشی رەمەل بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە خێرا لە دەم دێتە دەرەوەو بە هۆی بە دوای یەکدا هاتنی پێی (فاعلاتن). رەمەل لە زماندا یانی پەلە کردن لە رۆیشتندا. رەمەلی تەواف باوە.

٢- ئەم بازنەیە سێ کێشی تێدایە. هەرسێکیان بە کار هاتوون. هیچ کێشی پشت گوێ خراوی تێدا نییە.

٣- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە شەش پێ پێك هاتووە (٣ +٣).

٤- هەر یەکە لە کێشەکان لە دووبارە بوونەوەی یەك جۆرە پێ پێك هاتووە (هەزەج مفاعیلن، رەجەز مستفعلن، رەمەل فاعلاتن). ئەم جۆر کێشە پێی دەگوترێ ( کێشی ساف).

سەرنجی تایبەت بە کوردی:

١- هەر سێ کێشی ئەم بازنەیە لە کوردیدا بە کار هاتوون.

٢- کێشی هەزەج بە پلە یەك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە کار هاتووە. ٢١ قالب(لق)ی هەزەج لە کوردیدا بە کار هاتووە. ئەم کێشە بە هەموو لقەکانییەوە نزیکەی(٤٨٪)ی شیعری کوردی پێ نووسراوە.

٣- کێشی رەمەل لە کوردیدا بە پلەی دووەم دێ لە دوای هەزەج. رەمەلیش ٢١ قالب (لق)ی جیاجیای لە کوردیدا بە کار هاتووە. ئەم کێشە بە هەموو لقەکانییەوە نزیکەی (٣٩٪) شیعری کلاسیکی کوردی پێ نووسراوە.

٤- هەموو شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەم دوو کێشەیان بە کار هێناوە کە لە هەموو کێشەکان باوترن‌و بە هەردووکیان نزیکەی (٨٧٪)ی شیعری کوردیان پێ نووسراوە.

٥- کێشی رەجەز لە کوردیدا دوای هەزەج‌و رەمەل‌و موزاریع بە پلەی چوارەم دێ. ١٥ قالب (لق)ی رەجەز لە کوردیدا بە کار هاتووە. نزیکەی (٢،٤٪) شیعری کوردی پێ نووسراوە. ئەحمەدی کۆرو ئەسیری‌و باتەیی‌و جزیری‌و پەرتۆیی هەکاری‌و نالی‌و وەفایی‌و پیرەمێردو بەختیار زێوەرو نالبەندو... شیعریان پێ

نووسیوه. ئەوەی تێبینی دەکرێ رێژەی بە کارهێنانی کێشی رجەز لای شاعیرانی کرمانجی سەروو زیاترە تا لای شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست.

بازنەی چوارەم (المشتبە – لێ تێکچوون):

بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە ئیشتیباه هەیە لە نێوان (مستفعلن)ی بە وەتەدی کۆو (مستفع لن)ی بە وەتەدی بڵاو. هەروەها لە نێوان (فاعلاتن)ی بە وەتەدی کۆو (فاع لاتن)ی بە وەتەدی بڵاو. ئەو پێیانەی وەتەدیان جیایە هەر یەکە تایبەتە بە کێشەکانی خۆیەوە کە بە پێی پاش‌و پێش کردنی پایەکان لە یەک وەردەگیرێن.

١– کێشی سەریع (السریع– خێرا):

مستفعلن مستفعلن مفعولات  مستفعلن مستفعلن مفعولات

٢– کێشی موتتەئید (المتئد). پێیشی دەگوترێ (غەریب):

فاعلاتن فاعلاتن مستفع لن     فاعلاتن فاعلاتن مستفع لن

ئەم کێشە پشت گوێ خراوە.

٣– کێشی مونسەرید (المنسرد). (پێیشی دەگوترێ (قەریب):

مفاعیلن مفاعیلن فاع لاتن     مفاعیلن مفاعیلن فاع لاتن

ئەم کێشە پشت گوێ خراوە.

٤– کێشی مونسەریح (المنسرح – ئاسان):

مستفعلن مفعولات مستفعلن    مستفعلن مفعولات مستفعلن

٥- کێشی خەفیف (الخفیف - سووك):

فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن    فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن

٦- کێشی موزاریع (المضارع - پێچوو):

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن    مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن

٧- کێشی موقتەزەب (المقتضب - بڕان):

مفعولات مستفعلن مستفعلن   مفعولات مستفعلن مستفعلن

٨- کیشی موجتەس (المجتث - دەرکشاو):

مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن    مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن

٩- کێشی موتەڕڕەد (المطرد). (پێیشی دەگوترێ (موشاکیل)

فاع لاتن مفاعیلن مفاعیلن    فاع لاتن مفاعیلن مفاعیلن

ئەم کێشە پشت گوێ خراوە.

<u>سەرنج:</u>

<u>سەرنجی گشتی:</u>

١- کێشی سەریع بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە دەربڕینی خێرایەو لە ناو بازنەی خۆیدا، لە هەر سێ پێ حەفت سەبەبی تێدایە.وەکوو دەشزانین سەبەب لە وەتەد خێراترە لە دەربڕیندا.

کێشی مەنسەریح بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە ئاسانە واتە لە سەر زمان سووکە.

کێشی خەفیف بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە هەموو حەفتییەکان سووکترە چونکە سێ سەبەبی سووکی بە دوای یەکدا دێن‌و سەبەبیش لە وەتەد سووکترە.

کێشی موزاریع بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە بە کیشی خەفیف دەچێ کە پێیەکی وەتەدی کۆیەو پێیەکەی تری وەتەدی بڵاوە، یان دەلێن بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە بارەی پێ‌و پێشکەوتنی سەبەب لە وەتەد بە کێشی هەزەج دەچێ، یان لەبەر ئەوەی بە کێشی مونسەریح دەچێ کە وەتەدی بڵاوی لە پێی دووەمدایە. یان بۆیە وای پی دەگوترێ چونکە لە حاڵەتی قەبزدا لە کێشی موجتەس دەکا.

کێشی مەقتەزەب بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە بە لابردنی پێی یەکەم لە کێشی مونسەریح براوە

کێشی موجتەس بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە بە لابردنی پێی یەکەمی لە کێشی خەفیف دەرکشاوە.

٢- ئەم بازنەیە نۆ کێشی تێدایە. شەشیان بە کارهاتوون‌و سیانیان پشت گوێ خراون.

٣ - هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە شەش پێ پێك هاتووە (٣ +٣).

٤- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە دوو پێی جیاواز پێك هاتووە. پێیەکیان دوو جار هاتووەو پێیەکەی تر یەك جار. ئەم جۆرە کێشە پێی دەگوترێ کێشی تێکەڵاو. وەتەدی بڵاو لە سێ پێ (مفعولات، مستفع لن، فاع لاتن) هاتووە. هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە دوو وەتەدی بڵاوی تێدایە. هەر یە لە لەتێك.

٥- تەنیا لە کێشەکانی ئەم بازنەیەدا وەتەدی بڵاو دەردەکەوێ.

سەرنجی تایبەت بە کوردی:

١- ئەو سێ کێشەی لەم بازنەیەدا پشت گوێ خراون لە کوردیشدا نین.

٢- کێشی سەریع بە پلەی نۆیەم دێ لە کوردیدا. سەریع لە کوردیدا دوو قالب(لق)ی بە کار هاتووە. نزیکەی (٠.٣٪)ی شیعری کوردی بەم کێشە نووسراوە. ئەسیری‌و جزیری‌و دەشتی‌و دڵزارو زێوەرو شێخ نووری‌و سابیری‌و فانی‌و کانی‌و وەفایی شیعریان پێ نووسیوە.

٣- کێشی مونسەریح لە کوردیدا بە دەگمەن شیعری پێ نووسراوە.

٤- کێشی خەفیف بە پلە پێنج هاتووە لە کوردیدا. پێنج قالب (لق)ی لێ بە کار هاتووە. نزیکەی (١٪) شیعری کوردی پێ نووسراوە. ئەسیری‌و ئاورەحمان بەگی بابان‌و بەختیار زێوەرو بێخودو پەرتۆیی هەکاری‌و تاهیر فوئادو جزیری‌و حاجی قادرو حەریق‌و حەقیقی‌و خادیم‌و رەمزی‌و زێوەرو سالم‌و سەفوەت‌و شێخ نووری‌و شێخ رەزاو قانیع‌و گۆران‌و مەلای گەورەو هێدی‌و... شیعریان پێ نووسیوە.

٥- موزاریع لە کوردیدا بە پلە سێ هاتووە دوای هەزەج‌و رەمەل. موزاریع لە کوردیدا شەش قالب (لق)ی لێ بە کار هاتووە. نزیکەی (٦٪)ی شیعری کوردی پێ نووسراوە. ئەحمەد موختار بەگ‌و ئەدەب‌و ئەسعەد مەحوی‌و ئەسیری‌و ئەورەحمان بەگی بابان‌و بەختیار زێوەرو جزیری‌و حاجی قادری کۆیی‌و حەریق‌و بێخودو پەرتۆیی هەکاری‌و پیرەمێردو تاهیر بەگی جاف‌و تاهیر فوئادو حەقیقی‌و حەمدی‌و خادیم‌و دەشتی‌و رەمزی‌و سالم‌و سەفوەت‌و شاکەلی‌و شاهۆو شێخ

نووریو شێخ رەزاو سابیریو فانیوقانیعو کۆکەییو کوردیو کەمالیو گۆرانو مەحویو نارىو نالیو ویسالیو... شیعریان پێ نووسیوە.

٦- کێشی موقتەزەب لە کوردیدا نەکەوتۆتە بەر چاو.

٧- کێشی موجتەس لە کوردیدا بە پلە شەش هاتووە. لە کوردیدا پێنج قالب (لق)ی موجتەس بە کار هاتووە. تزیکەی (٣،. ٪) شیعری کوردی بەم کێشە نووسراوە. ئەسیریو ئەورەحمان بەگو ئەدەبو بەختیار زێوەرو بێخودو حاجیو حەریقو خادیمو رەمزیو زێوەرو سەفوەتو شێخ نووریو شێخ رەزاو سابیریو گۆرانو مەحویو نالیو وەفاییو... شیعریان بەم کێشە نووسیوە.

تێبینی: کێشی موجتەس لە شیعری زاری کرمانجی سەروودا ناکەوێتە بەر چاو.

بازنەی پێنجەم (المتفق - رێك).

بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە پێی کێشەکانی رێکن واتە هەموویان پێی بچووکن (پێی پێنجی).

١- کێشی موتەقارەب (المتقارب- نزیك)

فعولن فعولن فعولن فعولن     فعولن فعولن فعولن فعولن

٢- کێشی موتارەك (المتدارك) پێشی دەگوترێ موحدەس یان خەبەب یان دق الناقوس.

فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن     فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن

سەرنج:

سەرنجی گشتی:

١- کێشی (موتەقارەب) بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە وەتەدو سەبەبەکانی لە یەك نزیکن، یان لەبەر ئەوەی پێیەکانی لە یەك نزیکن واتە بە یەك دەچن.

کێشی موتەداەك بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە گوایە ئەخفەش لە خەلیلی هەڵرتۆتەوە. واتە بەسەر خەلیلدا تێپەڕیوەو ئەخفەش دۆزیویەتەوە. یەکێ سەرەتاکانی بەرنامەی عەرووزو فەرهەنگی خەلیل بزانێ، دەزانێ شتی وا راست نییە.

٢- ئەم بازنەیە دوو کێشی تێدایەو هەردووکیان بە کار هاتوون.

٣- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە هەشت پێ پێك هاتووە (٤ +٤)

٤- هەر یەکە لە کێشەکانی ئەم بازنەیە لە دووبارە بوونەوەی یەك جۆرە پێ پێك هاتووە. ئەم جۆرە کێشە پێی دەگوترێ کێشی ساف.

سەرنجی تایبەت بە کوردی:

١- کێشی موتەقارەب لە کوردیدا، بە پلە حەفت هاتووە. چوار قالب (لق)ی موتەقارەب لە کوردیدا هەیە. نزیکەی (١٪)ی شیعری کوردی پێ نووسراوە. ئەسیری‌و ئەدەب‌و بەختیار زێوەرو پیرەمێردو حاجی‌و حەمدی‌و خادیم‌و دەشتی‌و دڵزارو سەفوەت‌و شاهۆو سابیری‌و سافی‌و فانی‌و قانیع‌و کەمالی‌و گۆران‌و نالبەندو وەفایی‌و... شیعریان پێ نووسیوە.

٢- کێشی موتەدارەك لە کوردیدا بە دەگمەن دەکەوێتە بەر چاو.

پۆلین کردنی کێشەکان:

ئەو کێشانەی لە ناو ئەو بازنانەدا هاتوون بە سێ جۆر پۆلین دەکرێن:

١- پۆلین کردنی کێشەکان بە پێی بە کار هاتنیانەوە:

ئەلف - کێشی بەکار هاتوو وەکوو تەویلو بەسیتو مەدیدو وافیرو کامیلو هەزەجو رەجەزو رەمەلو سەریعو مەنسەریحو خەفیفو موزاریعو موقتەزەبو موجتەسو موتەقارەبو موتەدارەك.

ب - کێشی پشت گوێ خراو وەکوو موستەتیلو مومتەددو موتەوەففیرو موتتەئید(غەریب)و مونسەرید(قەریب)و موشاکیل(موتوڕڕەد).

٢- پۆلین کردنی کێشەکان بە پێی جۆری پێیەکانەوە:

ئەلف - کێشی ساف: ئەو کێشانەن کە لە دووبارەبوونەوەی یەك پێ دروست دەبن وەکوو کێشەکانی بازنەی دووەمو بازنەی سێیەمو بازنەی پێنجەم: (وافیر: مفاعلتن، کامیل: متفاعلن، هەزەج: مفاعیلن، رەجەز: مستفعلن، رەمەل: فاعلاتن، موتەقارەب: فعولن، موتەدارەك: فاعلن).

ب - کێشی دەوری: ئەو کێشانەن کە لە دوو پێی جیاواز پێك هاتوونو پێیەکان بە نۆرە یەك لە دوای یەك دووبارە دەبنەوە وەکوو کێشەکانی بازنەی یەکەم.

ج - کێشی تێکەڵاو: ئەو کێشانەن کە لە دوو پێی جیاواز دروست دەبن. پێیەکیان یەك جار دێ لە نیوە دێرێداو پێیەکەی تر دوو جار، وەکوو پێیەکانی بازنەی چوارەم.

٣- پۆلێن کردنی کێشەکان بە پێی ژمارەی پێیەکان:

ئەلف – کێشی هەشت پێی وەکوو کێشەکانی بازنەی یەکەمو بازنەی پێنجەم. (تەویلو بەسیتو مەدیدو موتەقارەبو موتەدارەك)

ب – کێشی شەش پێی وەکوو کێشەکانی بازنەی دووەمو سێیەمو چوارەم ( وافیرو کامیلو هەزەجو رەجەزو رەمەلو سەریعو مەنسەریحو خەفیفو موزاریعو موقتەزەبو موجتەس ).

شی کرنەوەی بازنەی عەرووزیی

تەنیا یەك بازنە (بازنەی سێیەم) وەردەگرینو چونیەتی لە یەك وەرگرتنی کێشەکان روون دەکەینەوە. بۆ وەرگرتنی کێشێك لە کێشێکی تر، ئەم هەنگاوانە پەیرەو دەکەین:

١- دەتوانین یەکەم جار هەر کێشێك وەر بگرین بەلاّم وا چاکە بەهێزترین کێش وەربگرین وەك لە ناو بازنەکەدا هاتووە. لێرەدا کێشی هەزەج وەردەگرینو پێیەکانی دەنووسینەوە:

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن   مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

٢- یەکەم پایە(روکن)ی پێی یەکەم دەگوازینەوە بۆ کۆتایی پێی هەرە دواوە:

X

مفا/عیلن مفاعیلن مفاعیلن   مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن/مفا

واتە دەبێ بە:

عیلن مفاعیلن مفاعیلن   مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفا

٣- ئێستا لە پێی دووەمەوە پایە(روکن)ی یەکەمی هەموو پێیەکان دەدەینە پێی پێشەوەی خۆیان. بەم جۆرە:

عیلن مفا/ عیلن مفا/ عیلن مفا/ عیلن مفا/عیلن مفا/عیلن مفا

٤- ئێستا نیشانەی برگە بۆ پێیە نوێیەکان دەنووسین:

عیلن مفا/ عیلن مفا/ عیلن مفا// عیلن مفا/عیلن مفا/عیلن مفا

U-- /-- -- U-- /-- -- U -- // -- -- U-- /-- -- U-- /-- -- -- --
—U

٥- ئەم نیشانانە دەکەینەوە بە پێی تازە بە گوێرەی ریزبوونی برگەی کورتو درێژ. لێرەدا هەموویان بەرامبەر (مستفعلن-- -- U—)دەوستن. کەواتە پێیە نوێکان بەم جۆرەیان لێ دێ:

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

شەش جار (مستفعلن). ئەمەیش کێشی رەجەزە. واتە کێشی رەجەزمان لە کێشی هەزەج وەرگرت.

بۆ وەرگرتنی کێشێکی تر لە رەجەز هەمان هەنگاوەکانی پێشوو پەیرەو دەکەین:

١- کێشی رەجەز وەردەگرینو پێیەکانی دەنووسینەوە:

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

٢- پایە(روکن)ی یەکەمی پێی یەکەم دەگوازینەوە بۆ کۆتایی پێی هەرە دواوە:

X

مس/تفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن/مس

واتە دەبێ بە

تفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مس

٣- ئێستا له پێی دووه‌مه‌وه، پایه(روکن)ی یه‌که‌می هه‌موو پێیه‌کان ده‌ده‌ینه پێی پێشه‌وه‌ی خۆیان. به‌م جۆره:

تفعلن مس/تفعلن مس/تفعلن مس// تفعلن مس/تفعلن مس/تفعلن مس

٤- ئێستا نیشانه‌ی برگه بۆ پێیه نوێیه‌کان ده‌نووسین:

تفعلن مس/تفعلن مس/تفعلن مس// تفعلن مس/تفعلن مس/تفعلن مس

U -- -- /-- U -- -- /-- U -- -- // -- U -- -- /-- U -- -- /-- U --
-- --

٥- ئه‌م نیشانانه ده‌که‌ینه‌وه به پێی تازه به گوێره‌ی ریزبوونی برگه‌ی کورت‌ودرێژ. لێره‌دا هه‌موویان به‌رامبه‌ر (فاعلاتن – U -- --) ده‌وه‌ستن. که‌واته پێیه نوێکان به‌م جۆره‌یان لێ دێ:

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

شه‌ش جار (فاعلاتن). ئه‌مه‌یش کێشی ره‌مه‌له. واته کێشی ره‌مه‌لمان له کێشی ره‌جه‌ز وه‌رگرت.

بۆ وه‌رگرتنی کێشێکی تر له ره‌مه‌ل هه‌مان هه‌نگاوه‌کانی پێشوو په‌یره‌و ده‌که‌ین

١- کێشی ره‌مه‌ل وه‌رده‌گرین‌و پێیه‌کانی ده‌نووسیته‌وه:

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

٢- پایە(روکن)ی یەکەمی پێی یەکەم دەگوازینەوە بۆ کۆتایی پێی هەرە دواوە:

X

فا/علاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن/ فا

واتە دەبێ بە:

علاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فا

٣- ئێستا لە پێی دووەمەوە، پایە(روکن)ی یەکەمی هەموو پێیەکان دەدەینە پێی پێشەوەی خۆیان. بەم جۆرە:

علاتن فا/علاتن فا/علاتن فا// علاتن فا/علاتن فا/علاتن/فا

٤- ئێستا نیشانەی برگە بۆ پێیە نوێیەکان دەنووسین:

علاتن فا/ علاتن فا / علاتن فا // علاتن فا/ علاتن فا /علاتن/فا

U / -- -- --U / -- -- --U    // -- -- --U / -- -- --U / -- -- --U-- -- --


٥- ئەم نیشانانە دەکەینەوە بە پێی تازە بە گوێرەی ریزبوونی برگەی کورت و درێژ. لێرەدا هەموویان بەرامبەر(مفاعیلن U-- -- --) دەوستن. کەواتە پێیە نوێکان بەم جۆرەیان لێ دێ:

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

شەش جار (مفاعیلن). ئەمەیش کێشی هەزەجە. واتە کێشی هەزەجمان لە کێشی رەمەل وەرگرت. یانی گەڕاینەوە سەر کێشی یەکەم.

ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بین، لە ناو ئەو بازنەیەدا دەخولێینەوە. لە هەزەجەوە بۆ رەجەز. لە رەجەزەوە بۆ رەمەل. لە رەمەلەوە دووبارە بۆ هەزەج. دیسان هەمان شت دووبارە دەبێتەوە. لەو سێ کێشە (هەزەج، رەجەز، رەمەل) زیاتر دەرناچێ.

ئەمەش بازنەکە بە وێنە




- کەوانە گەورەکانی ناوەوە سەرەتای کێشەکانن
- کەوانە بچووکەکانی دەرەوە ڕیزی پێیەکانن

[ لە کتێبی : فن التقطيع الشعري والقافية د. صفاء خلوصي
ل ١٢٩ .

وێنەی بازنەی عەرووزیی سێیە

# بەشی دووەم

# کێشە باوەکانی عەرووز لە کوردیدا

لێرەدا کێشەکان بە پێی ریزی ناو بازنەو کێشەکانی ناویان وەرناگرین، بە گوێرەی زۆر بەکارهاتنیانەوە وەریان دەگرین. باوترین کێشی عەرووزی لە کوردیدا ئەمانەن:

## یەکەم: کێشی هەزەج:

کێشی هەزەج لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن    مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

واتە هەر دێرێکی شەش پێیە (٣ +٣). دەشێ بە کورتکراوەیی (مجزوء) بە کار بێ واتە ببێ بە چوار پێ (٢ +٢). هەروەها دەشێ بە زیادکراویش بە کار بێ. بە هەشت پێیی (٤ +٤)و بە کەمیش بە دە پێ هاتووە (٥+٥). هەزەج لە کوردیدا، ٢١ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین.

کێشی هەزەج لەکوردیدا ئەم گۆڕانانە وەردەگرێ:

مفاعیلن: تەسبیغ  مفاعیلان.

کەف  مفاعیلُ

قەسر  مفاعیلْ

قەبز  مفاعلن

خەرب  فاعیلُ (مفعولُ)

حەزف  مفاعی (فعولن)

## قالب (لق)ە كێشە باوەكانی هەزەج لە كوردیدا:

**١– هەزەجی هەشتی موسەببەغ: (٣٢ ÷٢= ١٦ = ٤،٤،٤،٤)**

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
= = = موسەببەغ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
= = = موسەببەغ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلان |
| U—— —— —— | U—— —— —— | U—— —— —— | U—— —— —— . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلان |
| U—— —— —— | U—— —— —— | U—— —— —— | U—— —— —— . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- موسەببەغ (مفاعیلان) وەکوو زەربەکەی.

٢- تەواو--سالم (مفاعیلن)

نموونە:

- موحیتی عاریزی دڵبەر لە ســەر روو زولفی پڕ چین هات

بە دەوری باغی گوڵدا تەرزی سونبول مەحزی پەرژین هات (سالم ٤٦)

شیکردنەوە:

مو/حی/تی/عا//ری/زی/دڵ/بەر//لە/سەر/روو/زول//فی /پڕ/چین/ هات

U -- -- --U // -- -- -- //U -- -- -- U// -- -- -- --

مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلان

بە/ دەو/ری/ با//غی/ گوڵ/دا/ تەر//زی/ سون/بول/مەح//زی/ پە/ر/ژین/ هات

U -- -- --// U - -- -- // U -- -- --U// -- -- --.

مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلان

کێشی هەزەجی هەشتی موسەببەغ.

لێرەدا عەروزو زەرب هەردووکیان موسەببەغن (مفاعیلان). لەم قالبە کێشەدا، زەرب هەر دەبێ موسەببەغ (مفاعیلان) بێ بەڵام عەرووز بۆی هەیە ببێ بە سالم

(مفاعیلن). لەم حاڵەتەدا، لە دوای ناوی کێشەکە، ئەم تێبینییە دەنووسین: (عەرووزەکەی سالمە).

– ئەمەیش نموونەیەك بۆ عەرووزی تەواو – سالم:

گەلێکم بیستووە پەستیو بڵندی دەو//لەتان ئەمما

سالم مفاعیلن

جیهان نەیدیوە پەستی وا میسالی حاڵی کوردستان (حاجی ٩١)

لێردا دیارە عەرووزەکە تەواوە (مفاعیلن).

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

هەموو ئەندامی گوڵ گوێیە لە ڕۆژێکی کە ئەو شۆخە

لە گوڵشەن هەروەکوو غونچە دەمی پشکووتو ناوی برد (حەمدی ٢١٧)

ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختییایە هەلهەلەی مەخلووق

لە دەوری نەعشییا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلووق (مەحوی ١٨٠)

ب دل ئیرۆ خەدەنگم ئەز ژ مەکرا وان دو سولتانان

ب تەبعی خوەش بچووکم ئەز ب گریانم شەبستانان (باتەیی١٦٨)

قەلەم قوربانی نووکت بم دە بێرە فەسحەتو گفتار

وەکوو حاتەم دەبشکێنە خەزێنەی جەوهەری ئەسرار (قانع ١١٧)

ئەگەر حەتتا قیامەت ئەز بکم هەژمارو بنڤیسم

ژ عصیانا کو دێ ڕەش بن هەزاران دەفتەرو تۆمار (پەرتۆ ١٩٥)

## ٢- هەزەجی هەشتی تەواو -- سالم: (٣٢÷٢= ١٦= ٤،٤،٤،٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

مفاعیلن فاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن |
|---|---|---|---|
| U-- -- - -<br>- | U-- -- -- | U-- -- -- | U-- -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن |
|---|---|---|---|
| U-- -- -- | U-- -- -- | U-- -- -- | U-- -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- تەواو -- سالم وەکوو زەربەکەی

٢- موسەببەغ (مفاعیلان)

نموونه:

ب ناریٚ فرقەتیٚ صوهتم ژ فەرقی سەر حەتا پێدا

خەدەنگا غەفلەتیٚ نوهتـــم ژ بەرقا لامیعــا تێدا (جزیری ٤١)

شیکردنەوە:

ب/ نا/ریٚ/ فر//قە/تیٚ/ صوه/تم// ژ /فەر/قی/ سەر// حە/تا/ پیٚ/دا

-- -- -- // U -- -- -- U// -- -- -- // U-- -- -- U

مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن

خە/دەن/گا/ غەف//لە/تیٚ/ نوه/تم// ژ/ بەر/قا/ لا//می/عا/ تیٚ/دا

-- -- --// U -- -- -- U// -- -- --// U-- -- -- U

مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن

کێشی هەزەجی هەشتی تەواو.

لێـرەدا عــەرووزو زەرب هــەردووکیان تــەواو-- ســالمن. لــەم قالــە کێـشەی هەزەجدا، زەرب هەر دەبیٚ تەواو -- سالم بـیٚ بـەڵام عـەرووز دەشـیٚ تـەواو -- سالم بیٚ هەروەکوو دەشیٚ موسەببەغ بیٚ.

نموونەیەك بۆ عەرووزی موسەببەغ:

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەوبەخ//شی شەوگەردان

موسەببەغ مفاعیلان

کە نالی وا لە حاڵاتی مەحاقی نیوەشەودایە (نالی ١١٣)

لێرەدا وەکوو دیارە عەرووزەکە موسەببەغە (مفاعیلان).

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شیبیان بکەوە:

کڵاولار گورجی کەو رەفتار نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر
لە تیری ئاهی نـــاکـــامیم حـەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر (گۆران ٦٣)

ژ شەوقیٚ ئەبروان بنمێت هیلال دیســـا د قەوسەینان
ژ خـاوەر بێتـــە دەر خورشید زەلام وەر بت د نوورێدا (جزیری٤٤)

هجوومیان کرد رەقیبان وەك رەوی سەگ دەوریان لێدام
مـــەگـــەر شمشێری ئەبرۆی ئەو بکا ئێستاکـــە چاری من
(ئەحمەد موختار ٩٩)

دلا قەت نینە مەحبووبەك ژ تە جوزئەك نەبت لالی
دلارامە نە مەجزووبەك هـــەیـــە سرپا تی ژێ خالی (خانی، ٢، ٣١١)

بە سەر سامی لە سەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری رابردووم وەکوو خـــەو دێتـــە بـەر چاوم (هەردی ٥٨)

## ٣– هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور:

(٢٨÷٢= ١٤ =٣،٣،٤،٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەقسوور

فاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولان

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەقسوور

فاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولان

| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | فعولان |
|---|---|---|---|
| --- --- U | U-- --U | U-- -- U | U-- -- -- . |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | فولان |
|---|---|---|---|
| --- --- U | U-- --U | U-- -- U | U-- — — . |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

دوو عەروزی هەیە:

١- مەقسوور (فعولان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەحزووف ( فعولن)

نموونه:

ئەی سەروی بڵند قەددو برۆ تاقو مەمك جووت

کێ دەستی دەگاتە بەیو ناری نەگەیشتووت (نالی ٦٠)

شیکردنەوە:

ئەی/ سەر/وی// ب/ڵند/ قەد/دو// ب/رۆ/تا/قو// مە/مك/ جووت

-- --U // U -- -- U // U-- --U // U -- -- .

مفعولُ // مفاعيلُ // مفاعيلُ // فعولان

کێ/ دەس/تی// دە/گا/تە/ بە//یو/ نا/ری/ نە//گە/یش/تووت

-- --U // U -- --U // U-- -- U // U -- -- .

مفعولُ // مفاعيلُ // مفاعيلُ // فعولان

کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور.

لێرەدا عەرووزو زەرب هەردووکیان مەقسوورن (فعولان). لەم قالبە کێشەی هەزەجدا، زەرب هەر دەبێ (مەقسوور) بێ بەڵام عەرووز دەشێ مەقسوور (فعولان) بێ هەروەکوو دەشێ مەحزووف (فعولن) بێ.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەحزووف:

دوێنێ نەفەسم بوو بە عەتارخانە//ی چینی

مەحزووف فعولن

هێنای کە سەبا نامەیی مشکینی وەفاتان ( بیخود ٦١)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

دەستێ مە سەحەر گرتو برین سەیری حەبیبێ

فیلحال رەقیبی ژ حەســەد لـەرزەوو تـــا گرت (جزیری ٩١)

ساقی وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح

بەم راحە لە سەر راحە دەڵێن راحەتی ئــەرواح (نالی ٦٠)

جانێ خوە مە کر دانەیی داڤــا کـو ڤـەدایی

ئاهوو سیفەت ئەو پێ حەسیا راهی خەتا گرت (جزیری ١١٧)

فەرموویە کە من پادشەهی حوسنی دڵارام

خورشیدو مەهن ئاینەداری روخــی زیبــام (وەفایی٤٦)

هەر کەس سەحەرێ تالیبی تشتەك ب چەمەن هات

هن سووسنو هـن سـونبـولو هـن زولفی دوتــا گرت (جزیری ١١٨)

## ٤- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

(٢٨÷٢=١٤ =٣،٤،٤،٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەحزووف

فاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعی

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەحزووف

فاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعی

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | فعولن |
|---|---|---|---|
| U --- --- | U-- --U | U-- -- U | -- --U |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلٌ | فعولن |
|---|---|---|---|
| U --- --- | U-- --U | U-- -- U | -- --U |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

دوو عەروزی هەیە:

١- مەحزووف (فعولن) وەکوو زەربەکەی

٢- مەقسوور ( فعولان)

نموونە:

ئەشکال‌و خەتێن دائیرەیی نوقتەیی عیلمن

ئەڤ نەقش‌و میسالێن د خەیاڵاتی عەدەمدا (جزیری ٨)

شیکردنەوە:

ئەش/کا/ل‌و// خە/تێن/ دا/ئی//رە/یی/ نوق/تە//یی/ عیل/من

-- -- U // U -- -- U // U-- -- U // U -- --

مفعولُ // مفاعیلُ // مفاعیلُ // فعولن

ئەڤ/ نەق/ش‌و//می/سا/لێن/د// خە/یا/ڵا/تی// عە/دە‌م/دا

-- -- U // U -- -- U // U-- -- U // U -- --

مفعولُ // مفاعیلُ // مفاعیلُ // فعولن

کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف.

لێرەدا عەرووزو زەرب هەردووکیان مەحزووفن (فعولن).

لەم قالە کێشەی هەزەجدا، زەرب هەر دەبێ (مەحزووف) بێ بەڵام عەرووز هەروەکوو دەشێ مەحزووف (فعولن) بێ دەشێ مەقسوور (فعولان) بێ.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەقسوور (فعولان):

وا زەن مەبە روخسارەیی تۆ غائی//بە قوربان

مەقسوور فعولان

بنوارە چلۆن نەقشە لە نێو دیدەیی تەڕما (نالی ٥٠)

لێرەدا وەکوو دیارە عەرووزەکەی مەقسوورە.

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمـەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بــە فــەردا (نالی ٥)

ئەی ئائینەئی دل ب جەمـالا تــە مـوجــەللا
سەد سەفحە ب یەك زەڕرە ژ نوورا تە موتـەللا (خانی، ٢، ٨٣)

هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چـاوی سـپی بوو
نێرگز کە لە سەر یەك قەدەمو دیدە چـەقی بوو (حاجی ٨٩)

گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نـەزمێ تـە دخــــوازی
وەر شیعری مەلێ بین تە ب شــێراز ژ حــاجەت (جزیری ٩٤)

لـــەو ڕۆژەوە ڕۆیشتــووە تـــۆراوە دڵــی مـــن
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من (بێخود ٦٦)

## ٥- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ:

(٢٨÷٢=٤،٣، ٣، ٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب = ئەخرەب موسەببەغ

فاعیلُ فاعیلُ مفاعیلان

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلان

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب = ئەخرەب موسەببەغ

فاعیلُ فاعیلُ مفاعیلان

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلان

| مفعولُ | مفاعیلن | مفعولُ | مفاعیلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U | U-- -- -- | -- -- U | U-- -- -- . |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | مفاعیلن | مفعولُ | مفاعیلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U | U-- -- -- | -- -- U | U-- -- -- . |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

دوو عەرووزی هەیە: هەمووی ٢٨ بڕگە

١- موسەببەغ (مفاعیلان) وەکوو زەربەکەی

٢- تەواو – سالم (مفاعیلن)

نموونە:

موستەغریقی عیسیانم بێ بەهرە لە تاعەت خۆم

شەرمەندە لەقاپی حەق ڕووزەردوخەجالەت خۆم (مینە ٥٠)

شیکردنەوە:

موس/تەغ/ری//قی/ عیس/یا/نم// بێ/ بەھ/رە//لە/ تا/عەت/خۆم

-- -- U // U -- -- // -- -- -- U // U -- -- -- -- .

مفعولُ // مفاعیلن // مفعولُ // مفاعیلان

شەر/مەن/دە //لە/قا/پی/ حەق// روو/ زەر/دو//خە/جا/لەت/ خۆم

-- -- U // U -- -- // -- -- -- U // U -- -- -- -- .

مفعولُ // مفاعیلن // مفعولُ // مفاعیلان

کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ.

نموونەیەك بۆ عەرووزی تەواو -- سالم:

شان کەوتوو لە ژێر باری کرداری// پڕو پووچا

سالم مفاعیلن

ئەڤگەندەسەری رۆژی دیوانی شەفاعەت خۆم (مینە ٥٠)

لێرەدا عەرووزەکەی تەواوە- سالمە (مفاعیلن)

<u>ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:</u>

قوربان لە غەما فەوتام فەوتام لە غەمـــا قوربان

زیندان بووەتە قەسرم قەسرم بووەتـــە زینـدان (موخلیس دووسەرەیی)

فەخری عەرەبو تورکو کوردوو میلەلی تر بـووی

هەم بێ روخو بێ شاهو ئەسپوو فەرەست کردین ( دەشتی ١٢٤)

ڕۆژێ کە ئەڵێن مینە نامەی عەمەلت بینە
بێ نییەتی ڕەفتارو پڕ جورمو جەفاکارخۆم (مینە ٥٠)
وا هاتەوە ئەی یاران ئاشووبی دڵەفگاران
مست از می‌و میخواران از نرگس مستش مست (حەمدی ٣٣٠)
ئەی شاهی سلێمانی بێ بابو کەست کردین
بۆ لەو دەمە یەکجاری بێ خزمو کەست کردین (دەشتی ١٢٤)

٦- هەزەجی هەشتی ئەخرەب:

(٢٨÷٢=١٤=٤،٣،٤،٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب = ئەخرەب =

فاعیلُ = فاعیلُ

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب = ئەخرەب =

فاعیلُ = فاعیلُ

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن

| مفعولُ | مفاعیلن | مفعولُ | مفاعیلن |
| --- | --- | --- | --- |
| --- ---<br>U | - -- --U<br>- | -- --<br>U | -- --U<br>-- |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | مفاعیلن | مفعولُ | مفاعیلن |
| --- | --- | --- | --- |
| U --- --- | -- -- --U | U -- -- | -- -- --U |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

**هەمووی ٢٨ برگە**

**دوو عەرووزی هەیە:**

**١- تەواو – سالم (مفاعیلن) وەکوو زەربەکەی**

**٢- موسەببەغ (مفاعیلان)**

**نموونە:**

**نەق/قا/شی// ئە/زە‌ل/ رۆ/ژا// سەر/ لە‌و/حە//یی/ رەن/گین/ دا**

-- -- -- U // U -- -- -- // -- -- U // U -- --

**مفعولُ // مفاعیلن // مفعولُ // مفاعیلن**

پەر/گا/ری// د/دەس/تان /بۆ// سەر/ سوخ/مە// کو/ تەز/یین/ دا

-- -- U // U -- // -- -- -- U // U -- -- --

مفعولُ // مفاعیلن // مفعولُ // مفاعیلن

نموونە بۆ عەووزی موسەببەغ (مفاعیلان):

چاویشی لە نالی کرد دینو د//ڵو جانی برد

موسەببەغ مفاعیلان

گەر زولفە ئەگەر نازە گەر خەندەیە گەر چاوە (نالی ١٠٠)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

بۆ سەروی خـــەرامـــانت وەك قومری دەنـــاڵێنم

وەك قومری دەنـــاڵێنم بۆ ســـەروی خـــەرامـــانت ( بێخود ١٦)

ما سەجدە تەنێ من بر بەر سوورەتی مەحبووبـــان

ئیبلیسی نەبر ســـەجدە لـــەو مـــایە د نفریـــن دا (خانی،٢، ٣٠)

عیشقت کە مەجازی بێ خواهـــش مـــەکە ئیللا کچ

شـــیرین کچو لـــەیـــلا کچ ســـەلمـــا کچوعەزرا کـــچ (نالی ١٣٧)

دوو دیـــدەیی مـــەخمـــووری غـــارەتگەری ئیمـــانە

بـــۆ زولفی پەرێشـــانت حـــاڵم چـــە پـــەرێشـــانە (موختار ١٣٠)

وان جوملە ئەنەلحەق گۆت من واحیدی موتلەق گۆت

ســـاقی بخوە ئەز گرتم جامـــا مـــەیی نۆشـــین دا (خانی،٢، ٣١)

**٧- هەزەجی شەشی مەقسوور: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)**

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

= = مەقسوور

= = مفاعیلْ

مفاعیلن مفاعیلن فعولان

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

= = مەقسوور

= = مفاعیلْ

مفاعیلن مفاعیلن فعولان

| مفاعیلن | مفاعیلن | فعولان |
|---|---|---|
| U -- -- -- | U -- -- -- | U -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| مفاعیلن | مفاعیلن | فعولان |
|---|---|---|
| U -- -- -- | U -- -- -- | U -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ بڕگە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور (فعولان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەحزووف (فعولن)

نموونە:

هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران

لە مابەینی کەکۆنو هەیبە سولتان (حاجی٢٤٧)

شیکردنەوە:

هە/ڵی/ کەی/ بەی//رە/قی/ کوردی// لە/ دەو/ران

U // -- -- -- U // -- -- -- --U-- --- .

مفاعیلن // مفاعیلن // فعولان

لە/ ما/بەی/نی// کە/کۆ/ن‌و/ هەی//بە/ سول/تان

U // -- -- -- U // -- -- -- --U-- --- .

مفاعیلن // مفاعیلن // فعولان

کێشی هەزەجی شەشی مەقسوور.

نموونە بۆ عەرووزی مەحزووف (فعولن):

مەکەن لۆمەی پەشێوی دڵ //کە ئەمشەو

مەحزووف فعولن

پەشێواوە لە بەر پەرچەم پەشێوان (نالی ٣٢٢)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

ئیلاهی نێرگزا مەی مەســتو نـــازك

ژ دەستی خـوارو بەدخواهــان بپارێز (جزیری ١٥١)

ئەگەر دەستم دەگاتـە گۆیی پوسـتان

دەکەم گۆی مـەتلەبم بیرون لە مەیدان (سالم ٨٩)

تنیٚ فەرهاد دزانت لـــەززەتی عیشـق

کو وی جــان دایـە شیرینیٚ نـە پەروێز (جزیری ٢٥١)

لە خۆم ئـــاگر هـەڵێنم وەك چنـــارۆك

لە چاوم گریە دەر بیٚ وەك حـەمــامۆك (حاجی ٢٤٧)

م دی نەقشەك ژ نەقشیٚ نەقشەبەندان

ڤەبوو قەیدیٚ د من یەك یەك ژ زەنــدان (خانی،٢، ٢٤٦)

## ٨- هەزەجی شەشی مەحزووف: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن

= = مەحزووف

= = مفاعی

مفاعيلن مفاعيلن فعولن

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن

= = مەحزووف

= = مفاعی

مفاعيلن مفاعيلن فعولن

| مفاعيلن | مفاعيلن | فعولن |
|---|---|---|
| U -- -- -- | U -- -- -- | U -- -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| مفاعيلن | مفاعيلن | فعولن |
|---|---|---|
| U -- -- -- | U -- -- -- | U -- -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

**هەمووی ٢٢ بڕگە**

**دوو عەرووزی هەیە:**

**١- مەحزووف (فعولن) وەکوو زەربەکەی**

**٢- مەقسوور (فعولان)**

**نموونە:**

دەما هاتی دو سێ فنجان ددەستدا

ڤەخواری من مەی و ئاڤا موبارەك (داهی٦٠)

شیکردنەوە:

دە/ما/ ها/تی// دو/ سێ/ فن/جان//د/دەست/دا

U // -- -- -- U // -- -- -- U-- -- -- -- --

مفاعیلن // مفاعیلن // فعولن

ڤە/خوا/ری/ من// مە/ی/و/ ئا/ڤا// مو/با/رەك

U // -- -- -- U // -- -- -- U-- -- -- -- --

مفاعیلن // مفاعیلن // فعولن

**کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف**

**نموونە بۆ عەرووزی مەقسوور:**

بە دنیا دڵ مەبەستن ئەی ڕەفیقان

مەقسوور فعولان

گەلێ دامادی دی ئەم پیرە زالە (موختار١٤٥)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

ئەگەر هات ئەجنەبی لوتفت لەگەڵ کات

بە پارە ئەتکڕێ عەقلی هەبا بەس (قانیع ١٣٥)

نە هشیار بووم بەڵێ ئەمما فوجائەت

مە دی هاتی کو ئەو زاتێ موبارەك (داهی ٦٠)

نەگەیمە ئەو جوانەو گەیمە پیری

مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا (مەحوی ٨)

پەشێمانم ژ وێ عومری کو بووری

نزانم دێ چ کەم چەند رۆژ مە مانە (بریفکانی ٤٤)

تەمەننایێ دکم هندی ژ جانان

قەرارا ڤێ دلێ غەمگین قە نابت (پەرتۆ ١٦٦)

## ٩- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور:

(٢٠÷٢=١٠=٣،٤،٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەقبووز مەقسوور

فاعیلُ مفاعلن مفاعیلْ

مفعولُ مفاعلن فعولان

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەقبووز مەقسوور

فاعیلُ مفاعلن مفاعیلْ

مفعولُ مفاعلن فعولان

| مفعولُ | مفاعلن | | فعولان |
|---|---|---|---|
| U -- -- | -- U | -- U | U -- -- . |
| ٣ | ٤ | | ٣ |
| ١٠ | | | |

| مفعولُ | مفاعلن | | فعولان |
|---|---|---|---|
| U -- -- | -- U | -- U | U -- -- . |
| ٣ | ٤ | | ٣ |
| ١٠ | | | |

هەمووی ٢٠ برگە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور (فعولان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەحزووف (فعولن)

نموونە:

گەر گوڵ لە گوڵان ببن بە دڵدار

با خۆڵی وە سەر بی بولبولی ژار (خانی،١، ٣٢٣)

شیکردنەوە:

گە/ر گوڵ/ لە// گو/ڵان/ ببن// بە/ دڵ/دار

-- -- U // U – U --- // U -- -- .

مفعولُ // مفاعلن // فعولان

با /خۆ/ڵی// وە/ سەر /بی/ بول//بولی/ ژار

-- -- U // U – U --- // U -- -- .

مفعولُ // مفاعلن // فعولان

کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەحزووف:

دڵ بەحرە ئو سەد هەزا//ر مەوجن

مەحزووف فعولن

زاهید چ خەبەر ژ بەحری مەوواج

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

هیوامە لە راستو بێ گرێیان

نەبیەن لە چنۆكو زۆر بلێیان (خانی،٢، ٢٥٤)

سەد عاسی یو موجــرمو گونەهکار

دەرماندەوو عــاجــزو سییــەهکــار (پەرتۆ ٧١)

فکرا خوە دکر ژ ئینــسو جــانــان

سیڕڕا خوە دگۆتــــە بێ زەبــانــان (خانی، ١، ١٠٩)

شمشێر لە کەمەر جگەر وەکوو شێر

کێشرانە دەرێ ئــەسپ لـــە پشتێر (خانی، ١، ٣٣٠)

نیشەڤ دەمـــەکی ئـــەنیسی ما باش

بەس نینە بەیانی ئـــاشنـــا بــاش (پەرتۆ ٢٣٧)

## ١٠- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف:

(٢٠÷٢=١٠(٣،٤،٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەقبووز مەحزووف

فاعیلُ مفاعلن مفاعی

مفعولُ مفاعلن فعولن

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەخرەب مەقبووز مەحزووف

فاعیلُ مفاعلن مفاعی

مفعولُ مفاعلن فعولن

| مفعولُ | مفاعلن | فعولن |
|---|---|---|
| U -- -- | -- U -- U | -- -- U |
| ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٠ | | |

| مفعولُ | مفاعلن | فعولن |
|---|---|---|
| U -- -- | -- U -- U | -- -- U |
| ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٠ | | |

هەمووی ٢٠ برگە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەحزووف (فعولن) وەکوو زەربەکەی

٢- مەقسوور (فعولان)

نموونە:

شێخێ وەکو پێنجە حەج بژاری

دین کر تە ژ بۆ کەچا کوفاری (خانی،١، ٨)

شیکردنەوە:

شێ/خێ/ وە// کو/ پێن/جە/حەج // ب/ژا/ری

-- -- U // U – U --- // U -- --

مفعولُ // مفاعلن // فعولن

دین/ کرا/ ته// ژ/ بۆ/ که/چا // کو/فا/ری

-- -- U // U – U --- // U -- --

مفعولُ // مفاعلن // فعولن

**کێشی هەشتی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف.**

**نموونەیەك بۆ عەرووزی مەقسوور:**

لوتفا ته وەکه نەبت //ل من کێم

مەقسوور فعولان

شاکر به نزوولی سەد بەلایم (پەرتۆ٢٩٠)

**ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شیيان بکەوە:**

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللـەت

بێ بەهرە لـە خوێنـدن و کیتــابــەت (حاجی ٢٦٣)

قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخی لەولـەب

تــالع ببــتن ژ بـۆ مــه کـــەوکـــەب ( خانی، ٢٠٠١)

بێگانە بە تـــەرجــەمـــەی زوبـــانی

ئەســـراری کتێبـــی خــەڵقی زانـــی (حاجی ٢٦٣)

وەللاهی نـــەمـــایە مـــن قـــەرارەك

ئیـــدی کـــو بکێشـــم ئینتیـــزارەك (پەرتۆ ٧٠)

کێ دەستی درێژ بکاتە شیری

هەرچی بیەوێ دەخاتە گیری (خانی،١، ٢٤٩)

<u>پوختەی برگەو پێو دابەشبوونیان لە قالبە باوەکانی کێشی هەزەج لە کوردیدا:</u>

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان)2X (هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) 2X (هەزەجی هەشتی تەواو – سالم)

١٤ برگە (٣ + ٤+ ٤ + ٣) (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)2X (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور)

١٤ برگە (٣ + ٤ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)2X (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)

١٤ برگە ( ٣+ ٤+ ٣ +٤) (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلان)2X (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ)

١٤ برگە (٣ + ٤+ ٣ +٤) (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن)2X (هەزەجی هەشتی ئەخرەب)

١١ برگە (٤ + ٤ + ٣) (مفاعیلن مفاعیلن فعولان)2X (هەزەجی شەشی مەقسوور)

١١ بڕگـه (٤ + ٤ + ٣) (مفـاعيلن مفـاعيلن فعـولن)2X (هـەزەجی شەشـی مەحزووف)

١٠ بڕگه ( ٣ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعلن فعولان)2X (هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور)

١٠ بڕگه (٣ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعلن فعولن)2X (هەزەجی شەشـی ئـەخرەبی مەقبووزی مەحزووف)

<u>نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی هەزەج لە کوردیدا:</u>

ئەی دڵ شەوی بێدارییە ئـەمشەو لـە جەلالا

مەعلوومە تەجەللا لە هەموو دەشتو جیبالا (عاصی ٧٩)

سەد پارە کە پەردەیا فـیراقیٚ

پڕ شوعلە کە نوورا ئیشتیـاقیٚ ( پەرتو ٦٨)

کە دڵ دەتوێتەوە بـۆ تۆ دەکـەی ئـەو ڕۆژە تـۆ بـڕوا

کە خۆ دەرخەی وەکوو خۆر دڵ وەکوو شەونم لە خۆ بڕوا (مەحوی ٣٥)

بە غەمزەی چاوی مەخموورت بەتاڵ بوو

لە مەشریق تا بە مەغریب سیحرو جادوو (سالم١١٤)

سـەحنا حـەرەمیٚ ژ نـازەنینـان

جەننەت تژی بوو ژ حووری عینان (خانی،١، ٣٥)

کە دیمی ڕووی لە من چەرخانو ڕۆیی

بەهانـەی ڕۆینی شـەرمو حـەیـا کرد ( موختار ٧٠)

نەوایا موتریبو چەنگێ فغان ئاڤێتە خـــەرچەنگێ

وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دلێ ژڤێ ژەنگێ ( جزیری ٣)

تالآنی سەرو مالّم چاوی رەشی فەتتانت

پابەندی دلّو دینم گیسوویی پەرێشانت (سالم ٥١)

سەف سەف نە تنێ گەزمە دبارن ژ کەڤانان

دل کاکولو زولفان د کەمەندێ ب تەبا گرت ( جزیری ١٢١)

بەم کاسە لە سەر پەنجە دەڵێن نووری عەلا نوور

رەخشانە لە میشکاتی قـــەدەحـــدا وەکو میسباح (نالی٥٢)

براکەم حاڵەتم گریـــانە ئـــەمڕۆ

دڵو جەرگم تەواو بریانە ئەمڕۆ ( قانع٢١٣ )

لە بـــیرم دێ سلێمانی کـــە دارولمولـــکی بـــابـــان بوو

نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو (شێخ رەزا، ٣٤)

دائیم لە غەمی دووری ســـەوداسەرو داماوم

بۆ شاری مەدینەی یار تاری بووە دوو چاوم (دەشتی (٤٩)

ژیانو ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم

شـەرابی جـــامی دلّداری لـــە تافی لاوییـــا رشتـــم ( هەردی ٧٩)

شەوو رۆژ هەر لە فیکری زاری تۆدام

بـــە هیچی عومری شـــیرینم بەبـــادا (وەفایی ٤)

## دووەم: کێشی ڕەمەل:

کێشی ڕەمەل لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن          فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن)

واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣). دەشێ بە کورتکراوەیی (مجزوء) بە کار بێ واتە ببێ بە چوار پێ (٢ +٢). هەروەها دەشێ بە زیادکراویش بە کار بێ. بە هەشت پێیی (٤ +٤). ڕەمەل لە کوردیدا، ٢١ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین.

کێشی ڕەمەل لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە وەردەگرێ:

فاعلاتن   تەسبیغ   فەعلاتان

کەف   فاعلاتُ

قەسر   فاعلاتْ (فاعلان)

حەزف   فاعلن

خەبن   فعلاتن

شەکل   فَعِلاتُ

سەلم   فع لن

خەبن‌و حەزف   فَعِلن

خەبن‌و قەسر   فَعِلان

ئەمەیش هەندێ قالب (جۆر)ی باوی رەمەل لە کوردیدا:

**١- رەمەلی هەشتی مەقسوور: (٣٠÷٢=١٥=٣،٤،٤،٤)**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = = مەقسوور

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = = مەقسوور

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | -- --U  -- | -- ---U  -- | . -- U-- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | --- --- U -- | --- --- U -- | . --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ٣٠ بڕگە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور ( فاعلان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەحزووف (فاعلن)

نموونە:

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند

نەك نمەکگیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند (حەریق ١٩)

شیکردنەوە:

چا/وە/کەم/ ئەم// ڕۆ/ لە/ گوڵ/شەن// گوڵ/ بە/ عیش/وە// خۆی/ ن/واند

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U -- // -- -- U --.

فاعلاتن// فاعلاتن // فاعلاتن// فاعلان

نەك/ ن/مەك/گیر// بم/ بە/ مەر/گی// تۆ/ قە/سەم/ هیچ// نەم/دم/واند

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U -- // -- -- U --.

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

کێشی ڕەمەلی هەشتی مەقسوور.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەحزووف (فاعلن):

سینە کون کون بووم وەکوو نەی من لە بەر هیجر// انی تۆ

مەحزووف فاعلن

سەد وەکوو سەمتوورە دڵ هەر ناڵەییتی وەك ڕوباب

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن. شییان بکەوە:

من ددل کۆڤان هزارن داغو کەیبەر بێ حیســـاب
میحنەتا وەردێن ب خارن وێن ددلدا سەد نوشاب (جزیری ٧٩)

لێمگەڕێن با گۆشەگیر بم دەستـــە ئەژنۆ کـــەفزەنان
گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان (سالم ٩٧)

گەر تویی تم حووری زاتی لوتفـو ئیحسانو پەری
دل ددت پەروازو چەرخـــا مـــــا ببینی رۆژە عید ( داهی ٣٠)

بۆ ئومێدی زیندەگانی قووتی غەم جەم جـــەم دەخۆم
کەوتە داوی پەرچەمو هەم زولفی پڕ خەم خەم دەخۆم (عاصی ٥٥)

زولفـو گیسـوو کاکولو خالو خەتو موژگان ب سەف
هـــــاتنە دەعوا دلێ من دەستـــــــە دەستە تیپ تیپ (پەرتۆ ١٣٣)

## ٢- رەمەلی هەشتی مەحزووف: (٣٠÷٢=١٥=٣،٤،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = = مەحزووف

= = = فاعلا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = = مەحزووف

- = - فاعلا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
|---|---|---|---|
| -- U --- --- | --- U -- -- | -- U--- -- | --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ١٥ برگە

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
|---|---|---|---|
| -- U --- --- | --- U -- -- | -- U--- -- | --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەحزووف (فاعلن) وەکوو زەربەکەی

٢- مەقسوور (فاعلان)

نموونە:

چاوەکەم دور بێ لە رووت وا چاوەکانم ژان ئەکەن

هەر لە سورمەی خاکی رێگات ئارەزووی دەرمان ئەکەن(ئەحمەد موختار)

شیکردنەوە:

چاوەکەم دور// بیّ لە رووت وا// چاوەکانم// ژان ئەکەن

--- U --- ---- // --- U --- --- // --- U --- ---- // --- U ---

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

هەر لە سورمەی// خاکی رێگات// ئارەزووی دەر//مان ئەکەن

--- U --- ---U-- // --- ---- // --- U --- ----//--- U --

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

کێشی رەمەلی هەشتی مەحزووف.

نموونەیەك بو عەرووزی مەقسوور (فاعلان):

بشمرم حاکم لە پاش سەد ساڵ دەڵێ وەك سا//می نووح

مەقسوور فاعلان

ئەی مەسیحا چاوەڕێی یەك مەرحەباتم رۆحەکەم (بێخود ٥٧)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

چاکە فکرێ کەن لـــە ئیستیقلالی خۆ زوو چـــارە کەن

تەرکی وەحشەت کەن سیلاحی یەکدی کوشتن پارە کەن (دەشتی ١٢٦)

گەر قەناعەت کەین بە نانێ روو لە ماڵی کەس نەکەین

تووشی سـەد قۆرتی وەکوو تێلانو لێدانمـــان ئەکەی (زێوەر ٤٠)

ئەو پەری گاڤا ل تەختێ سینە موحکەم کر وەتەن

غەیری مەجنوونان ت شەهرێ من نەمـــا فەرزانەیەك ( پەرتۆ ٢٧٧)

شەوقی دانەی خاڵی تۆ خستوومیە ناو داوی خەتەر

بەم گوناهە ئادەمیش وەك من لـە جەننـەت دەرکرا (سالم ٣٩)

جەوری هیندی دیٚ کشینت هەر کەسی تاوس دڤێت

گەوهەرو دورپا یەتیم بی تەرکی سـەر تێتن تەلەب (جزیری ٧٨)

٣- رەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور: (٣٠÷٢=١٥=٣،٤،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (مەخبوون + مەقسوور)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (مەخبوون + مەقسوور)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

| فاعلاتن | فعلاتن | فاعلاتن | فعلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | -- -- UU | -- ---U U | . -- UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلان |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | -- --   UU | -- ---U  U | . --UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ٣٠ برگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون مەقسوور (فعلان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەخبوون مەحزووف (فعلن)

٣- ئەصلەم (فع لن)

٤- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

<u>تێبینی:</u> لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

نموونە:

لە کنەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس

لە حیکەم پەروەی بی بوو عەلی سینا نییە باس        (نالی ٥٧)

شیکردنەوە:

لە /ك/نەو/ جەو// هە/رە /فەر/دە// لە/ هە/یوو/لا// نی/یە/باس

UU // -- -- UU // -- -- UU // -- -- UU -- .

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فعلان

لە /حی/کەم/ پەر// وە/ری/ یی /بوو// عە/لی/ سی/نا // نی،/یە/ باس

U // -- -- UU // -- -- UU // -- -- UU -- .

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فعلان

کێشی رەمەلی هەشتی مەخبوون مەقسوور.

نموونەیەك بۆ عەرووزی (مەخبوون مەحزووف) (فعلن)

بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ ئەم// لی حەیا

مەخبوون مەحزووف فعلن

خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لە شەکراوی حەیات (مەحوی ٦٥)

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

تو خودوئێ وە مەبین قەنج نەزەرکی // جارەك

ئەصلەم فع لن

ل ئەساسی قیدەمێ دا نییە دیواری حودووس (جزیری ١٥٨)

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

بە سەراوێزەیی چاوێنەیی کەللەی // سەریان

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

لە کەی‌و قەیسەرو ئەسکەندەرو دارا نییە باس (نالی ٥٧)

-ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شیبیان بکەوە:

زەمزەمەی عیشقە لە ناو میسری وجوودم هەمە جا
ئاتەشەفشـانە هەنـــاسەم وەکو سوعبـــانی کەلیم (سالم ۸۸)

تــو دزانی ب خودێ من تو خەیالی شەبو روز
ب خەیالا خوە مەدام من تو ل بالی شەبو روز (جزیری ۲۵۵)

تەمی غەم عــالــەمی داگرتووە بێ مەئوا بووم
بەر دەری مەیکەدەیەو بەس لەوەلا نیمە مەلاز (مەحوی ۱۱٦)

ب تەرەححوم بکە یەك مەرحەمەت ئەی غیرەتی صوور
شبهی رۆژێ بەســـە بەر بەستـــە ل روو بەرقەعی نوور (پەرتۆ ۱۹۸)

ژمە دەعوایی ویســـالو ژ تە مەنعی بە مەجاز
سەنەدی مەنعی تە باتیل بویە ئیرۆ بە مەجاز (دەشتی ٤١)

٤- رەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف: (۳۰÷۲= ۱٥ =۳،٤،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
= مەخبوون مەخبوون (مەخبوون + مەحزووف)
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
= مەخبوون مەخبوون (مەخبوون + مەحزووف)
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلن |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | -- -- UU | -- ---U U | -- UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلن |
|---|---|---|---|
| --- --- U -- | -- -- UU | -- ---U U | --UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ١٥ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوونی مەحزووف (فعلن) وەکوو زەربەکەی

٢- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

٣- ئەصلەم (فع لن)

٤- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

<u>تێبینی</u>: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو

زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

نموونە:

بە حەقیقەت سەنەما دیدەتە ئوستادی هونەر

بۆ نگینی جگەرەلماسە موژەت گاهی نەزەر (سالم ٦٥)

شیکردنەوە:

بە/ حە/قی/قەت// سە/نە/ما/ دی//دە/تە/ ئوس/تا //دی/ هو/نەر

UU // -- -- UU // -- -- UU // -- -- UU --

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فعلن

بۆ/ ن/گی/نی// ج/گە/رە/لما//سە/ مو/ژەت/ گا// هی/ نە/زەر

-- UU // -- -- UU // -- -- UU // -- -- U --

فاعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فعلن

کێشی رەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف.

تێبینی دەکرێ پێی یەکەم لە سەدر خەبنی وەرگرتووە، کەچی پێی یەکەم لە عەجز بە سالمی هاتووە.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەخبوون مەقسوور (فعلان):

تەلعەتی ئایەتی جان مەرهەمی ئیعجاز// و بەیان

مەخبوونی مەقسوور فعلان

لەبی دورج و دەهەنی سرڕو کەلامی عەلەنە (نالی ٩٩)

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

مومکینەك دیٚ هەبتن دا کو تەلەب حا// سیل بت

ئەصلەم فع لن

سەیدو نێچیر کو نەبت توولەیی سەییاد چ کەت (جزیری ١٣٠)

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

وەکو پەروانە بە شەو هێندە بە موشتا// قی دێم

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

بە چرای کوڵمتەوە رەنگە عەسەس لێم بگەڕیٚ (نالی ١٣٠)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

حەرەکاتم سەکەنات سـەکـەناتم حـەرەکات

چوستە سستی قەوییە زیعفو سەریعە کـەسەلم (نالی ٧١)

حەزو لەززەتمە بعومریٚ خوە د عیشقا تە نـەدی

هەم ب ڤان دەردو غەمان زێدە تو ویسال چ حەز ( جزیری ٣٠٤)

مەنزیلی عەقرەبی زولفـە قەمـەری چیهرەیی تۆ

لەم دەرە بۆ منی غەمدیدە ئەبەد نەحسە سەقەر (سالم ٦٥)

چـاری هەر دەردو غـەمیٚ کردنـە مردن چ بکا

نەیتوانیـوە بکـا چـاری غەمو دەردی حەسەد ( مەحوی ١١٤)

تەمەفا شوکری بکـە ئـــیرو بریندارى تەمە

تە چ بازى چ خوە راگرتو بوى راڤى دکەى (بریفکانى ٧٣)

٥-رەمەلى هەشتى ئەصلەم موسەببەغ: (٢٨÷٢=١٤=٤،٤،٤،٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (ئەصلەم + موسەببەغ)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (ئەصلەم + مەسەببەغ)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان

| فاعلاتن | فعلاتن | فاعلاتن | فع لان |
|---|---|---|---|
| -- U --- --- | UU -- -- | U U--- -- | -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فع لان |
|---|---|---|---|
| -- U --- --- | UU -- -- | U U--- -- | -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- – ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) وەکوو زەربەکەی

٢- ئەصلەم (فع لن)

٣- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

٤- مەخبوونی مەحزووف (فعلن)

تێبینی: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

نموونە:

ئەی دلا گەر تە دڤێتن ببی دائیم مەسروور

د تەرەبخانەئی دونیا ڤەخوە ئاڤا ئەنگوور ( خانی، ٢، ١٢٨)

شیکردنەوە:

ئەی/ د/لا/ گەر// تە/ د/ڤێ/تن// ب/بی/ دا/ئیم// مەس/روور

- UU // -- -- UU // -- -- U -- -- // --- -.

فاعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فع لان

د/ تە/رەب/خا//نە/ئی دون/یا// ڤە/خوە/ ئا/ڤا// ئەن/گوور

UU // -- -- UU // -- --UU -- -- / -- -- --.

فاعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فع لان

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم:

بۆ ژنێکی کە لە سەر تەرمی کوڕی تا// قانەی

ئەصلەم فع لن

شین دەکا جەرگو دڵی لەت لەتو توێ توێن دەگریم (هێمن ١٦٣)

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەخبوون مەقسوور (فعلان):

دا بکەم کەسبی مەقاماتی عولوویێ // دەرەجات

مەخبوون مەقسوور فعلان

یا بکەم کەشفی کەراماتی ژ دارا مەنسوور ( خانی،٢، ١٢٩)

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەخبوون مەحزووف (فعلن):

وەختی سبحەینی کە داوێنی فەلەك ئەت// لەسی بوو

مەخبوون مەحزووف فعلن

هەر لە جێ راستەوە بوو دامەنی گرتم وەك خار (شێخ رەزا ١٩)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

دەفتەری عیشقی نەدا دەست تە موعەللیم ژ ئەزەل

مەعنەیا ئـایەتی حوسنێ ل تە لەومـا مـەستوور (خانی،٢، ١٣٠)

ماچ دەکەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەپچە دێشن

بۆو سەرانەی بە گرێی قەمچی دەگروێن دەگریم (هێمن١٦٣)

یەعنی ئەو خانەئی گـل نابتە قابل قـەتعا

نە ب چەشمێ دلی نازیر نە ب روویێ مەنزوور (خانی، ١، ١٢٩)

چەنگی وەك پەنجەیی شاهین لە یەقەم قایم کرد

دەستی کردە جـــەزەع‌و ناڵەوو هـــاوار هـــاوار (شێخ رەزا ١٩)

رابە ئەی ساقیی مەهوەش تو ژ رەغمـا فەلەکێ

بدە من بادەئی لـــەعلێ تو ژ جامـــا فـــەغفوور (خانی، ٢ ، ١٢٩)

## ٦- رەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم: (٢٨÷٢=١٤=٢،٤،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (ئەصلەم)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= مەخبوون مەخبوون (ئەصلەم)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

| فاعلاتن | فعلاتن | فاعلاتن | فع لن |
|---|---|---|---|
| -- U --- --- | UU -- -- | U U--- -- | -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فع لن |
| --- | --- | --- | --- |
| -- U --- --- | UU -- -- | U U--- -- | -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- ئەصلەم (فع لن) وەکوو زەربەکەی

٢- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

٣- مەخبوون مەقسوور (فعلان)

٤- مەخبوون مەحزووف (فعلن)

<u>تێبینی</u>: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

نموونە:

کێیە تا سەر لە فەزای دەردو غەمـــا مابێ

ئەوە هەر کوردە کە چاوی لە هەوا بێ وابێ (زێوەر ١٦)

شیکردنەوە:

کێ/یە/ تا/ سەر// لە/ فە/زای/ دەر//دو/ غە/ما/ بێ// ما/بێ

-- UU // -- -- UU // -- -- U-- -- -- // --- --- ---

فاعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فع لن

ئە/وە/ هەر/ کور//دە/ کە/ چا/وی// لە/ هە/وا/ بێ// وا/بێ

UU // -- -- UU // -- -- UU -- -- // --- -- --

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فع لن

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ:

قاتی پیاوە لە سەر ئەم ئەرزە دەبینی // مەنسوور

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

بە سەری دارەوە زوننوونە لە بن زیندانا (مەحوی ٣٤)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوون مەقسوور (فعلان):

چەند پرسی ژ تەبیبان م دەوایێ// دلی ژار

مەخبوونی مەقسوور فعلان

غەیری تریاکی ویسالێ قە نەکۆ دەرمانەك (پەرتۆ ٢٦٦)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوون مەحزووف (فعلن):

وەرە مەیدانی هونەر گەر ئەتەوێ بەر// زی وەتەن

مەخبوونی مەحزووف فعلن

وەسلی مەحبووبە بە بێ رەنجو عیتابێ نابێ (زێوەر ٦٦)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

من نە هن سووچو خەتاوو من نە هن جورمو گونەه
مەکە نابت ژ تە دڵشاد بهینم ئانەك (پەرتۆ ٢٦٦)

کوشتمیو ئەو دەمە خوێنم بە ئەدەب دامەنی گرت
بەسمەڵی عیشقمو کارم بە خوێنە راهی (مەحوی ٣٢١)

دل دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە جەوابی نادەم
موددەتێکە لە قەفەسدایە عەزابی نادەم ( نالی ٦٤)

ئەی وەتەنپەروەری تەنپەروەری پڕ لافو گەزاف
ئەسەری خزمەتی تۆ چین بە حیسابێ سا بێ (زێوەر ١٦)

هەرکە مەڕ لالەوەڕێکا لە شوانی گوم بێ
بێ شکە ئەو مەڕە بۆ گورگو چەقەل خۆراکە (ئەسیری ٢٠١)

٧- رەمەڵی شەشی مەقسوور: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
= = مەقسوور
فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
= = مەقسوور
فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلان |
|---|---|---|
| --- --- U -- | --- --- U -- | . --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلان |
|---|---|---|
| --- --- U -- | --- --- U -- | --- --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور ( فاعلان) وەکوو زەربەکەی

٢- مەحزووف (فاعلن)

نموونە:

ئەهلی تەعدادی مەحـاسین نووسییان

خاڵ یەکو زولفی دووان هەردوو سییان (نالی ٣٢٣)

شی کردنەوە:

ئەه/لی /تەع/دا//دی/ مە/حا/سین// نوو/سی/یان

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U --.

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

خاڵ/ یە/کو/ زول//فی/ دو/وان/ هەر//دوو/ سی/یان

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U --.

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەحزووف (فعلن):

روو بە رووی مەشریق ئەچم بۆ // مولکی رەی

مەحزووف فاعلن

ئەلوەداع ئەی قیبلەیی جان ئەلوەداع (سالم ٧٥)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

گەر چەنی حەحشەر شەفیعم لاعیلاج
شادمانم پێت وەکوو راهیب بە خـــاچ (جزیری ١٦٦)

شا بە مزگینم ل تە ئەی نازەنین
دێ ژ تە زاهیر بتن شاهێ ئەمـین ( باتەیی٦٥)

رۆڵە ئەم داماوییـەم بۆ خـۆم نییە
ماتەمو رەنجم لە بەر دوارۆژی تۆن (ئەسیری ١٤٥)

مەرحەبا ئەی بولبولی باغی ویسال

مەرحەبا ئـەی ئاشنایی زولجـەلال (باتەیی ٨٤)

حاکمانی مەحکەمەت نامە سییان

قەت نەماوە غیرەتو نـاموسیان (نالی ٣٢٥)

## ٨- رەمەلی شەشی مەحزووف: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = مەحزووف

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

= = مەحزووف

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
|---|---|---|
| -- U --- --- | -- U --- --- | -- U --- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| | | |
|---|---|---|
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
| -- U --- --- | -- U --- --- | -- U --- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ برگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەحزووف (فاعلن)وەکوو زەربەکەی

٢- مەقسوور ( فاعلان)

نموونە:

کافری بتخانە گەڕیام عاقیبەت

ساکنی وێرانە گەڕیام عاقیبەت (پەرتۆ ١٦٠)

شیکردنەوە:

کا/ف/ری/ بوت//خا/نە/ گەڕ/یام //عا/قی/بەت

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U --

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

سا/ك/نی/ وێ//را/نە/ گەڕ/یام// عا/قی/بەت

-- U -- // -- -- U -- // -- -- U --

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەقسوور (فاعلان):

حەسرەتا رۆژی ئەزەل نەی// دا قەسیم

مەقسوور فاعلان

قسمەتی سالم بە غەیرەز دەردو غەم (سالم ٨٢)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شیبیان بکەوە:

دل ژ من بر دلبـــەرەك زیبـــا قـەبـــا

چەعف غەزالو پورِ شەپالو مەه لیقا ( جزیری ٧١٩)

خاوو بێ خاوی دو زولفی خاوومەز

چاوە چاوی یەك غەزالەی چاومەز ( نالی ٥٣)

دل رەڤا ئیرۆ ژ من دلبـــەر عـــەبـەس

بێ خەتا بەر دایە بەر خەنجەر عەبەس ( پەرتۆ ١٧٣)

کەوتە سەر رووت پەرچەمی نارت بە خەم

رۆژو شەو رۆژو شەوی لێك دا بـــە هـــەم ( سالم ٨٢)

من ژ دلبەر قەت نەدی رۆژەك وەفـــا

هەر خەدەنگو ئاوران کرمە هەدەف ( وەداعی ٦٤)

<u>پوختەی بڕگەو پێو دابەشبوونیان لە قالبە باوەکانی کێشی ڕەمەل لە کوردیدا:</u>

١٥ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)X٢ ( ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

١٥ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)X٢ ( ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

١٥ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان)X٢ ( ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)

١٥ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)X٢ ( ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)

١٤ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٢) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)X٢ ( ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ)

١٤ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٢) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)X٢ (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم)

١١ بڕگە (٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)X٢ (ڕەمەلی شەشی مەقسوور)

١١ بڕگە (٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)X٢ (ڕەمەلی شەشی مەحزووف)

<u>نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی رەمەل لە کوردیدا:</u>

گەر دەپرسی من لە بەرچی کەم دەخۆم
من بە برسی قـەت مەزانە غەم دەخـۆم (نالی ٦٦)

تووشی راداری ئەجەل سالم کە بووی
رەسمی ئەو بۆ باری عومرت جانە باج ( سالم ٥٤)

ئاتەشێ شەوقا تە دیسا وێ ژ نوو
سینەوو ئەحشاوو دل کرنە کەباب ( پەرتۆ ١٣٧)

ماری موو بۆ باغی روو پەرژین دەکەی
کافری بێ دین ئەمینی دیـن دەکـەی ( سالم ١٥ )

زەنگیان جەوشەن ڤەبەستن پێش بەری جۆقا حەبەش
دابرِستن یەك ب یەك چون بـەر لیوایێ راسـتو چەپ ( جزیری ٩٦)

گفتوگۆی مەعریفەتێ چەندی (مەلا) پەیدا کی
گوهەرا مەعریفەتێ کـەس نـاگهیتێ ب خیرەد (جزیری ٢١٢)

ئەی وەتەن بەرلین بە نۆکەر سۆسەنو نەسرینی تۆ
لۆندرەو پاریس فیدات بن بۆ هەوای شـیرینی تـۆ ( قانیع ٢٣٤)

تەلەبی رەحمو مرووەت لە دڵی ئەهلی زەمان
تـەلـەبی ئاوی حەیـاتـە لـە سەرابستانا (مەحوی ٣٣)

تەلەبی سینەیی چـــاکم مەکە بەو چـــاوانە
سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەراپی نادەم (نالی٦٥)

تازە گوڵ ڕۆیشت لە باغـــا دڕکی پیر هەر مایەوە
گێژە هەر کەس خۆی ئەخاتە گێژی ئەم دنیایەوە (پیرەمێرد(٢٣٧)

میری مـــەجلیس نەکـــەنت موتریبی گۆیا چ بکەت
غونچـــە خـــەندان نـــەبتن بولبولی شەیدا چ بکەت (خانی ١٢٣)

تیشکی ڕۆژی کورد لە ژێر هەوری سییا
هاتە دەر ئـــــەنگـــاوتی وا لوتکەی چیا ( هێمن ٦٨)

شەربەتا شیرین لەبان زەهرا هەلاهیل بوو دناڤ
لەو بناریێ فرقەتیێ ئـــاخر ل من دل کر کەباب (جزیری ٨٨)

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان
نایڕمێنێ دانـــــەیی تـــــۆپی زەمـــــــان (دڵدار ١٧٤)

دلبەریێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگی من دو دۆخ
یەك ل سینـە یەك ددلـــدا لەو ژ من تێن ئاخ و ئۆخ (جزیری ٢٠١)

## سێیەم: کێشی موزاریع:

کێشی موزاریع لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن   مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن )

واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣).  لە کوردیدا بە زۆری بە زیادکراوی بە کار هاتووە. بە هەشت پێیی (٤ +٤). موزاریع لە کوردیدا، ٦ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین.

کێشی موزاریع لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە وەردەگرێ:

مفاعیلن: تەسبیغ   مفاعیلان.

کەف   مفاعیلُ

قەسر   مفاعیلْ

قەبز   مفاعِلن

خەرب   فاعیلُ (مفعولُ)

حەزف   مفاعی (فعولن)

فاع لاتن تەسبیغ   فاعلاتان

کەف   فاع لاتُ

قەسر   فاع لاتْ

حەزف   فاع لن

کێشی موزاریع لە کوردیدا بە زۆری هەر بە زیادکراوی بە کار هاتووە واتە لە جیانی شەش پێ وەك لە ناو بازنەی خۆیدا هاتووە، بووە بە هەشت پێ (٤ + ٤). لە کۆتایی سەدرو عەجزدا یەك پێی (فاع لاتن)ی بۆ زیاد کراوە. ئینجا بە پێی قالبە کێشەکان زیحافو عیللەی جیا جیا وەردەگرێ.

١- مـــوزاریعی هەشـــتی ئـــەخرەبی موســـەببەغ: (٢٨÷٢=١٤= ٣،٤،٣،٤)

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب = ئەخرەب موسەببەغ

فاعیلُ = فاعیلُ فاع لاتان

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتان

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب = ئەخرەب موسەببەغ

فاعیلُ = فاعیلُ فاع لاتان

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتان

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفعولُ | فاع لاتن | مفعولُ | فاع لاتان |
| U -- -- | -- -- U --- | U -- -- | . --- --- U - |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | فاع لاتن | مفعولُ | فاع لاتان |
|---|---|---|---|
| U -- -- | --- -- U -- | U -- -- | . --- --- U --- |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- موسەببەغ (فاع لاتان) وەکوو زەربەکەی.

٢- تەواو – سالم ( (فاع لاتن)

نموونە:

خــاکی جــزیــرو بۆتــان یــانی وڵاتی کـوردان

سەد حەیفـو سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان (حاجی ٨٥)

شیکردنەوە:

خا/کی/ ج//زی/رو/ بۆتان// یا/نی/ و//ڵا/تی/ کور/دان

. -- -- // – U // U - -- -- // -- -- U U -- --

مفعولُ // فاع لاتن // مفعولُ // فاع لاتان

سەد/ حەی/فـو// سەد/ م/خا/بن// دەی/کەن/ بە// ئەر/مە/نس/تان

. -- -- U // U - -- -- // -- -- U //-- U -- --

مفعولُ // فاع لاتن // مفعولُ // فاع لاتان

نموونەیەك بۆ عەرووزی تەواو—سالم (فاع لاتن):

سەد بار ئەگەر لە گوڵشەن گوڵ چەتری// زی لە سەر نێ

تەواو – سالم فاع لاتن

دڵ تەنگە غونچە ئاسا بێ ڕوویی گوڵعوزاران (سالم ٩٣)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

با نامەیی ئەیازم وەسلی بداتە مەحموود

تا جامەیی نیازم ئەمڕۆکە بێتە مەوجوود (دەشتی ١٢٩)

لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی

فەرقی نەبێ شوانو جوتیارو میرو گاوان (حاجی ٨٤)

شێواوە دڵ بە گوڵزار ئەفغانی بولبولی زار

پەیوەستە ئینتیزارە وەك چاوی ڕووزەداران (سالم ٩٣)

شیرو قەلەم شەریکن لەم عەسرەدا درێغا

شیرم قەلەمتراشەو کالانییە قەڵەمدان (حاجی ٨٧)

دەشتی بە سەد کینایەت شەرحی دڵی بە تۆدا

سەد حەیفە لێت بزر بێ تەسبیحی دوڕو زمڕوود (دەشتی ١٣٠)

٢- موزاریعی هەشتی ئەخرەب: (٢٨÷٢=١٤ =٤،٣،٤،٣)

فاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب = ئەخرەب =

فاعیلُ - فاعیلُ -

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب = ئەخرەب =

فاعیلُ = فاعیلُ =

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن

| مفعولُ | فاع لاتن | مفعولُ | فاع لاتن |
|---|---|---|---|
| U -- -- | -- -- U -- | U -- -- | -- -- U -- |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | فاع لاتن | مفعولُ | فاع لاتن |
|---|---|---|---|
| U -- -- | -- -- U -- | U -- -- | --- --- U --- |
| ٣ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- تەواو - سالم ( (فاع لاتن) وەکوو زەربەکەی.

٢- موسەببەغ (فاع لاتان)

نموونە:

یەك عەیبی خەڵك ئەبینی خۆت ساحیبی هەزاری

خەڵکت لە لا خـــەرارە خۆشـــت وەکوو دەواری (زێوەر ٣١)

شیکردنەوە:

یەك/ عەی/بی// خەڵك/ ئە/بی/نی// خۆت/ سا/حی//بی/ هە/زا/ری

-- --U U -- -- // -- -- // –U U– // -- -- .

مفعولُ // فاع لاتن // مفعولُ // فاع لاتان

خەڵ/کت/ لە// لا/ خە/را/رە// خۆشت/ وە//کوو/دە/وا/ری

-- -- U U -- -- // -- -- // –U U– // -- --

مفعولُ // فاع لاتن // مفعولُ // فاع لاتن

کێشی موزاریعی هەشتی ئەخرەب

نموونەیەك بۆ عەرووزی موسەببەغ:

حوسنو جەمالی جانان نادێر تن تو پایان

موسەببەغ فاع لاتان

هەرچی نەبت بیدایەت ئەسلا نە هن نیهایەت (جزیری ١٣٥)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

چـاکە فکرێ کەن لە ئیستیقـلالی خۆ زوو چـارە کەن

تەرکی وەحشەت کەن سیلاحی یەکدی کوشتن پارە کەن (دەشتی ١٢٦)

چۆن پێت بڵێم موسلمان یا فەردی نەوعی ئینسان

دووری لە خێرو ئیحسـان مەستی مەیو قومـاری (زێوەر٣١)

تۆ نەوشکۆفە وەردی من مایلم بە زەردی

تۆ هەمسەرت نەسیمە من هەدەمم لەهیبە (نالی ٣٩٥)

دەستت لە سەنعەتا بێ ناوت لە حورمـەتایە

قەلبت لە غەفلەتا بێ قەلبو زەلیلو خواری ( زیوەر ٣٢)

مـیری یو پـادشـاهی موویـەك لنـك مەلایی

نادەم بە مولکی عالەم یەك زەڕڕە یەك عینایەت (جزیری ١٣٩)

٣- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور:

(٢٨÷٢=١٤=٣،٤،٤،٣)

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەقسوور

فاعیلُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاعلاتْ

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاعلان

مفاعيلن  فاع لاتن  مفاعيلن  فاع لاتن

ئەخرەب  مەكفووف مەكفووف مەقسوور

فاعيلُ  فاع لاتُ  مفاعيلُ  فاعلاتْ

مفعولُ  فاع لاتُ  مفاعيلُ  فاعلان

| مفعولُ | فاع لاتُ | مفاعيلُ | فاع لان |
|---|---|---|---|
| U -- -- | U -- U -- | U -- --U | . --- U -- |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | فاع لاتُ | مفاعيلُ | فاع لان |
|---|---|---|---|
| U -- -- | U -- U -- | U-- U -- | . --- U -- |
| ٣ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨برگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور (فاع لان) وەكوو زەربەكەی.

٢- مەحزووف (فاع لن)

نموونە:

بۆ پـــارە حــەیفە خۆ دەکەیە پوولی نارەواج

بۆ پارویێکی نان ئەسەفە روو دەکەی بە ساج (مەحوی ٩٢)

شیکردنەوە:

بۆ/ پا/رە// حەی/فە/ خۆ/ دە//کە/یە/ پوو/لی/ نا//رە/واج

.-- U // -- U -- U // U -- -- U // -- U -- --

مفعولُ // فاع لاتُ // مفاعیلُ // فاع لان

بۆ/ پا/رو// یێ/کی/ نان/ ئە// سە/فە/ روو/ دە// کەی/ بە/ ساج

.-- U // -- U -- U // U -- -- U// -- U -- --

مفعولُ // فاع لاتُ // مفاعیلُ // فاع لان

کێشی موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور.

نموونە بۆ عەرووزی مەحزووف (فاع لن):

سالم نەکەی لە شەوکەتی مونعیم نە// زەر بە کەم

مەحزووف فاع لن

نادەم پەلاسی کۆنەیی فەقرم بە سەد سەموور (سالم؟)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مــروور

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور (نالی١٧٤)

با بێنە سەیری گەردن‌و سینەی نیگاری مــن
نەیدیوە هەر کەسێ بتی زیوو سەنەم لە عاج (مەحوی٩٣)

زارم وکوو هیلال‌و زەعیفم وەکوو خــەیـــاڵ
ئایا دەکەومە زارو بە دڵدا دەکــەم خــوتوور (نالی ١٤٣)

تا سەر نەبۆتە گۆ دە لە دونیا دە تـۆ شـەقێ
هەر ئەم شەقە بە کارە کەوا هەڵدرێ لـە هیچ (مەحوی ٩٨)

دنیا کە هیچە جوملە دەزانن کەچی چ کــەس
مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لـە هیــچ (مەحوی ٩٨)

## ٥- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

(٢٦÷٢=١٤=٣،٤،٤،٣)

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەحزووف

فاعیلُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

ئەخرەب مەکفووف مەکفووف مەحزووف

فاعیلُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

| مفعول | فاع لات | مفاعیل | فاع لن |
|---|---|---|---|
| U -- -- | U -- U -- | U -- -- U | --- U --- |
| ۳ | ٤ | ٤ | ۳ |
| ١٤ | | | |

| مفعولُ | فاع لاتُ | مفاعیلُ | فاع لن |
|---|---|---|---|
| U -- -- | U -- U -- | U -- -- U | --- U --- |
| ۳ | ٤ | ٤ | ۳ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ۲۸ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەحزووف (فاع لن) وەکوو زەربەکەی.

۲- مەقسوور (فاع لان)

نموونە:

گۆ هاتفی ئەلەستو ژ ڕۆژێ کـەرەم نیدا

زەڕڕات دا جەواب نەعەم یەك ب یەك بەلا (پەرتۆ۲٤)

شیكردنەوە:

گۆ/ ها/ت// فی/ ئە/لەس/ت/و// ژ/ ڕۆ/ژێ/ كە// ڕەم/ نی/دا

--- U // --U-- U // U -- -- U// ---U -- --

مفعولُ // فاع لاتُ // مفاعیلُ // فاعلن

زە/ڕ/ڕا/ت // دا/جە/وا/ب // نە/عەم/ یەك/ ب//یەك/ بە/لا

-- U // --U-- U //U -- -- U // --U -- --

مفعولُ // فاع لاتُ // مفاعیلُ // فاعلن

نموونە بۆ عەرووزی مەقسوور:

هەر ناڵە وا لە بورجی جەلالا وە// كوو هیلال

مەقسوور فاع لان

هەر ماهە وا لە كونجی مەلالا لە ناڵ ئەچێ (حەمدی٧٢)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەكێشن، شییان بكەوە:

جانم فیدایی سروەكەت ئەی بادەكەی سەحەر

وەی پەیكی شارەزا لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر ( سالم ٦٦)

واعیز لە من بڵێ بە نەزەر تەعنە بەس بدا

دینی بتانە دینی من ئەو مەزهەبی زەهەب ( مەحوی ٤٨٩ )

عشق ئافراندو كریە دلێ عاشقانی زار

سەر موهر گەر بنا ژ تەناڤ پەردەیا حەیا (پەرتۆ ٢٥)

بازاڕی دەهرە قیمـــەتی ئەشیـــا بە جێگـــەیە

مێشێ گەیشتە ڕوویی نیگاریێ لە خـــاڵێ ئـــەچێ (حەمدی ٧٢)

بدڕێنە لادە جـــامـــەیی زیلبـــاری میحنـــەتـــت

ئەی کورد بە عەزمو غیرەتی خۆت فەرزە ئیرتیقا ( زیوەر ١٠)

پوختـەی بڕگـەو پـیێو دابەشبوونیان لـە قالبـە باوەکـانی کێـشی موزاریـع لـە کوردیدا:

١٤ بڕگە (٣ +٤ + ٣ +٤) (مفعول فاع لاتـن مفعـول فـاع لاتـان)٢X (مـوزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ)

١٤ بڕگـە ٣+ ٤+ ٣+٤) (مفعـول فـاع لاتـن مفعـول فـاع لاتـن)٢X (مـوزاریعی هەشتی ئەخرەب)

١٤ بڕگـە (٣+ ٤+ ٤ +٣) (مفعـول فـاع لات مفاعیـل فـاع لان)٢X(مـوزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور)

١٤ بڕگـــە (٣+ ٤ +٤ +٣) (مفعـــول فـــاع لات مفاعیـــل فـــاع لـــن)٢X (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)

نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی موزاریع لە کوردیدا:

زاهیر فەقیرو سالم بە ڕەنگو بەرگی عالەم

ئەمما لە ناو دەروونا مـــارێکی ژەهرەداری (زێوەر ٣١)

گەر هیچ نەبێ بـــە ئۆین تـــابیع بە دەولەتێ بن
بێگـــانە چاکە دوژمن نەك دوژمنی لە خـــۆتـــان (حاجی٨٦)

بەو ئاوە خۆت بشـۆ لە کودووراتی ســـەر زەمین
شاد بن بە وەسلی یەکدی ئەتۆ تاهیر ئەو تەهوور (نالی ١٣٩)

جـــاما ددەستی شـــاهید ژەنگی ژ دل دشـــۆتن
پیری موغـــان ژ رەنـــدان وەهوە دکر ریوایـــەت (جزیری ١٣٨)

شەو تا سەحەر لە هیجرت بۆ من حەرامە خۆ خەو
هەر دێ سەدایی گریەم وەك رەعدی نەوبەهـــاران (سالم ٨٩)

دووشیزەگانی غـــەیب هـەمی جـــوملە تێ دیـــار
مەستوورەگـــانی مەعنـا ســـەراســـەر تویی نەما (پەرتۆ ٢٤)

شیعرێ کـــە تـــۆ بـــە چاکی دەزانی شییاکەیە
نەزمێ کە تو بـــەیـــانی دەفـــەرمووی گەن‌و گووە (شێخ رەزا ٤٠)

بۆ یارەکانی عـــەســـرین ئـەم هـــەدیە گەر بنێرم
ئـــایـــا دەبێ بزانن مـــانـایی شیعی مـــەنشـــوود (دەشتی ١٢٩)

فەرمووی بە من کە ئێستە لـە بەر غەم زەعیفی تۆ
حەقتە ببی بە حەڵقە بـــە دەوری کـەمـــەرمـــەوە (موختار ١٥٠)

ئەی چاوی پڕ نەدامەت دڵ پڕ غـــەموو غـــەرامەت
بگری کە وشکە سۆفی لـەم فـــەیزە بێ نـــەسیبە (نالی ٨٨)

موشـکیل لـه مـن مـەبینن عەرعـەر قـەدانی ناسـك
هـەر دەم کـە دوڕ ئـەبارێ لـەم چاوی پـڕ غوبـارا

(دەشتی ٢٣)

شەخسێکی ساحیب ئەحوال پرسی کە ئەی فـەلاتوون
یۆنانییـانی قـەومت بۆچـی بـە دەردی سـەگ چـوون

(مەحوی ٢٤٥)

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ تەدبیر بکەن بەبێ دەنـگ
ئەسـبابی شـەڕ پـەیا کـەن تـۆپو تفـەنگو هـاوان

(حاجی ٨٧)

ئـەو نـەو نەمامـە سـێبەری دوێنـێ لـە نـاز ئـەکرد
ئـەمڕۆ لـە ئاگرایـە لـە چـیلکەو چـەواڵ ئەچـێ

(حەمدی ٧٢)

هـەوری بـەهاری بەسـیە ئـیتر ناڵەناڵەکـەت
گـوڵ عـاجزە لـە گرمـەوو ناوچـاوە تاڵەکـەت

(موختار ٦٨)

## چوارەم: کێشی ڕەجەز:

کێشی ڕەجەز لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(مستفعلن مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلن مستفعلن)

واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣). دەشێ بە کورتکراوەیی (مجزو) بە کار بێ واتە ببێ بە چوار پێ (٢ +٢). لەو حاڵەتە لە کوردیدا زۆر جار دەبێ بە مورەففەل. هەروەها دەشێ بە زیادکراویش بە کار بێ. واتە بە هەشت پێیی (٤ +٤). ڕەجەز لە کوردیدا، ١٥ قالب واتە جۆری جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین. ڕەجەز لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە (زیحافو عیللە) وەردەگرێ:

مستفعلن   ئیزالە  مستفعلان

خەبن   مُتَفْعِلن (مفاعلن)

تەی   مسْتعلن (مفْتَعِلن)

تەرفیل   مستفعلاتن

### ١- ڕەجەزی هەشتی مورزال: (٣٢÷٢=١٦=٤، ٤، ٤، ٤)

مستفعلن مستفعلن مستفعلن   مستفعلن

-   -   =   مورزال

مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلان

مستفعلن مستفعلن مستفعلن   مستفعلن

=   -   =   مورزال

مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلان

| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلان |
|---|---|---|---|
| -- U _ _ | _U _ _ | _U _ _ | . _U _ _ |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلان |
|---|---|---|---|
| -- U -- -- | -- U -- -- | _U _ _ | . -- U -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- موززال (مستفعلان) وەکوو زەربەکەی.

٢- تەواو - سالم (مستفعلن)

نموونە:

دیسا ژ نوو بێ حاڵە دڵ ساقی وەرین جاما زولال

موشتاقی خەمرا ئالە دل لێ خۆش ئانی بت میزاج (جزیری ١٧٣)

شیکردنەوە:

دی/سا/ ژ/ نوو// بیٚ/ حا/ڵە/ دڵ// سا/قی/ وە/رین// جا/ما/ زو/لال

_ _ U _ _ // _ U _ _ // _ U _ _ // _ U _ .

مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن // مستفعلان

موش/تا/قی/ خەم//را/ ئا/لە/ دل// لیٚ/ خۆ/ش/ ئا // نی/ بت/ می/زاج

_ _ U _ _ // _ U _ // _ U _ // _ U _

مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن // مستفعلان

نموونەیەك بۆ عەرووزی تەواو– سالم (مستفعلن):

تا دڵ نەسووتیٚ دەم بە دەم فانی نەبیٚ// سەر تا قەدەم

تەواو – سالم مستفعلن

پەروانە قەت ناگاتە شەم هذا طریق العاشقین (وەفایی ٩٩)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن. شییان بکەوە:

مەستانە مەستان نۆشە نۆش قەرقەف د جامان هاتە جۆش

ما دیٚ بمینت کەس ل هۆش وەقتیٚ کو بێن دوڕدانە رەقص

(جزیری ٢٧٩)

ئــەی دڵ وەرە هوشــیار ببــە هــذا طریــق العاشــقین

مــەحوی جــەمالی یــار ببــە هــذا طریــق العاشــقین

(وەفایی ٩٩)

ئـەو یووسـفی میـسری میـسال وێ هاتـە بـازاڕی جـەمال
مـن جـانو دل ئینـان بـال گـۆ دێ هـەڕە کاسـید مـەتاع
(پەرتۆ ٢٤٦)

بولبـول لـە بـاغی جەننـەتێ دایـم دەخـوێنێ عەنـدەلیب
سەد ئافەرین لەو سوحبەتەی شاد بین بە یارێ عەن قـەریب
(ئە. کۆر ١٦٢)

ئـەی هەمنـشینان ئەلمـەدەد ئـەی دۆسـتان ئەلموسـتەغاس
بـا شـد تـرا زەخمـی ب دل دوود ب جـان ئەلموسـتەغاس
(صەیدی هەورامی ٢٥)

## ٢- رەجەزی هەشتی تەواو (سالم): (٣٢÷٢=١٦=٤،٤،٤،٤)

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن |
| _ _ U _ | _ _ U _ | _ _ U _ | _ _ U _ |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن |
|---|---|---|---|
| _ _ U _ | -- U _ _ | _ U _ _ | _ U _ _ |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- تەواو – سالم (مستفعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- موززال (مستفعلان)

نموونە:

من دی سەحەر شاهێ مەجەر لەبسێ دبەر مەخموور بوو

ئەو دیم زەری سوڕ مشتەری یا رەب پەری یا حوور بوو (جزیری ٤٠٧)

شیکردنەوە:

من/ دی/ سە/حەر//شا/هێ/مە/جەر// لەب/سێ/ د/بەر//مەخ/موو/ر/ بوو

_ _ U _ // _ _ U _ // _ _ U _ // _ U _

مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن

ئەو/ دیم/ زە/ری// سوڕ/ مش/تە/ری// یا/ رەب/ پە/ری// یا/ حوو/ر/ بوو

_ _ U _ // _ _ U _ // _ _ U _ // _ U _

مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن // مستفعلن

کێشی ڕەجەزی هەشتی تەواو – سالم

نموونەیەك بۆ عەرووزی موززال (مستفعلان):

فەریادرەسی بۆ خاسو عام ڕەوشەن دەکەی// لەیلی زەلام

موززال مستفعلان

چی بۆت نەسووتێ سوبحو شام پەروانەوو قەقنەس نییە (ئەحمەدی کۆر ٢٥٢)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

خــەلقۆ ل مــن کــەن شــیرەتێ ئــەو دلبــەرا زەڕڕیــن کەمــەر

مــن دی د حــالی غەفلــەتێ هــات دەر ژ بــورجی وەك قەمــەر

(جزیری ٢٣١)

جیلوەی سەبا لەهجەی شەمال بۆی زولفو خاڵی یار ددەن

یا نەوبەهار دێنێ بە بار مشکی تەتار بۆی نەستەرەن

(وەفایی ٩٤)

پەروانەوەش تەن دەر عەزاب قەقنەس سیفەت دل چون رویاب

چی تەرك نەکا بۆت خوردو خواب وی غەیری ئاگر کەس نییە

(ئە. کۆر ٢٥٣)

ویرۆکــە بەرقــەك خاتیفــەك عــشقێ ل جــانم لەمعــەدا

نەشــئییەتا تەوحیــدی حــەی ژەنــدازە دەرڤــە نەشــئەدا

( پەرتۆ ١١٥)

ئەمشەو کە بەختم هاتە سەر شیرین جەماڵێ وەك قەمەر

فنجانی مەم قەد نەیشەکەر پرسی لە وەزعی من خەبەر

(قانیع١١٣)

## ٣- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون: (٣٢÷٢=١٦=٤،٤،٤،٤)

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

مەخبوون مەخبوون مەخبوون مەخبوون

متفْعلن متفْعلن متفْعلن متفْعلن

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

مەخبوون مەخبوون مەخبوون مەخبوون

متفْعلن متفْعلن متفْعلن متفْعلن

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

| مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن |
|---|---|---|---|
| _U _U | _U _U | U _U | _U _U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن |
|---|---|---|---|
| U _ U _ | _U _U | U _ U _ | U _ U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون(مفاعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوون موززال (مفاعلان)

نموونە:

غەزالی خۆش خەرامی من کە توڕڕە ئینتیشار ئەکا

هەزار شێری ســــەفشکـەن بە رشتەیێ شکار ئەکا (بێخود ٣)

شیکردنەوە:

غە/زا/لی/ خۆش// خە/را/می/ من// کە/ توڕ/ڕە/ ئین//تی/شار/ ئە/کا

U _ U _ // U _ U _ // U _ U _ // U _ U _

مفاعلن // مفاعلن // مفاعلن // مفاعلن

هە/زا/ر/ شێ//ری/ سەف/ش/کەن// بە/ رش/تە/یێ// ش/کا/ر/ ئـە/کـا

U _ U _ // U _ U _ // U _ U _ // U _ U _

مفاعلن // مفاعلن // مفاعلن // مفاعلن

کێشی ڕەجەزی هەشتی مەخبوون.

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەخبوون موززال (مفاعلان):

کە تۆ هیلانە بەستی خۆت بە دەستی خۆت// بکەی خەراب

مەخبوون موززال مفاعلن

بزانە سونبولو گوڵی وەرامەکەت وەرایەوە (راجی ٣٣٧)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شیبیان بکەوە:

بـە تیکـە تیکـە بـیێ دڵـیێ کـە نـەبیی ئیـشتییاقی تـۆ

حـــەیاتی مـــن ویـــسالی تـــۆ مـــەماتی مـــن فیراقـــی تـــۆ

(بێخود ٥)

وەتــەن کــچێکی تــازە بــوو لــە باوەشــێکی پــیرە زاڵ
وەکـــوو ســـتارەیی ســـەعد بـــە نـــاز راکـــشایەوە

(راجی ٣٤٠)

کە تیری غەمزە تیژ ئەکا لە جەرگو سینە کار ئەکا
کــە قامــەتی بــە دەر ئــەخا قیامــەت ئاشــکار ئــەکا

(بێخود ٣)

نیگــاری گوڵعــوزاری مــن هــەوا بــە بــاڵو پــەڕ ئــەدا
بولبــولی خاکەســاری دڵ لــە ڕێــی وەلامــی ســەر ئــەدا

(راجی٣١)

خۆش ئەو دەمەی کە ڕۆژو شەو تەواف ئەکا رەواقــی تــۆ
خۆش ئەو سەرەی کە کەوتبێ لە کووچەوو سوقاقی تـۆ

( بێخود ٥)

تێبینی: ئەگەر پێی کۆتـایی دێـرە شـیعر واتـە زەربەکـەی لەگـەڵ مەخبوونیـدا موززالیش بێ (مفاعلان) لقە کێشەکە دەبێ بە رەجەزی مەخبوونی موززال. بـەڵام لەبەر ئـەوەی نموونـەی لـە کوردیـدا کەمـە ٠ وەکـوو لقێکـی سـەر بـەخۆی کێـشی رەجەز باسمان نەکرد.

٤- رەجەزی هەشتی مەتوی مەخبوون: (٣٢÷٢=١٦+٤،٤،٤،٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن |
| مەتوی | مەخبوون | مەتوی | مەخبوون |
| مسْتعلن | متفْعلن | مسْتعلن | متفْعلن |
| مفْتعلن | مفاعلن | مفْتعلن | مفاعلن |

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

مەتوی مەخبوون مەتوی مەخبوون

مسْتعلن متفْعلن مسْتعلن متفْعلن

مفْتعلن مفاعلن مفْتعلن مفاعلن

| مفْتعلن | مفاعلن | مفْتعلن | مفاعلن |
|---|---|---|---|
| _U _U | _U _U | _U _U | _U _U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

| مفْتعلن | مفاعلن | مفْتعلن | مفاعلن |
|---|---|---|---|
| _U _U | _U _U | _U _U | _U _U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٤ |
| ١٦ | | | |

هەمووی ٣٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون(مفاعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوون موززال (مفاعلان)

ن

موونە:

ڕاحەتی جان ئەدا بە دڵ هەر ستەمو جەفایی تۆ

سەفوەتی دڵ ئەدا بە من فکری سەفا وەفایی تۆ (خادیم،١ (٢١٢)

شیکردنەوە:

ڕا/حە/تی/جان// ئە/دا /بە/ دڵ// هەر/ س/تە/مو//جە/فا/یی/ تۆ

_ U _ U _ // U -- U -- //U U _ // U _ U

مفْتعلن // مفاعلن // مفْتعلن // مفاعلن

سەف/وە/تی/ دڵ // ئە/دا/ بە/ من// فك/ری/ سە/فا //وە/فا/یی/ تۆ

_ U U _ // U _ U _ //U _ U _ // U _ U _

مفْتعلن // مفاعلن // مفْتعلن // مفاعلن

کێشی ڕەجەزی هەشتی مەتوی مەخبوون

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەخبوونی موززال (مفاعلان):

جۆششی مەوجو ئەشکی خوێن کەوتە کەنا// ڕی مولکی ڕۆم

مەخبوونی موززال مفاعلان

سەیل بە سەیلو شەت بە شەت دەجلە بە دەجلە جوو بە جوو (سالم ١١٢)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

تووتیی تۆ لە حیرسی دڵ داوی تەمەع دەکاتە مل

بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنییەوو تەرەب دەکا

(نالی ١٠٠)

نەشئە بە عەتری گوڵ ئەدا جیلوە بە نافەیی خوتەن

تابی بنەوشە هەم ئەدا تورڕەیی مشکسای تۆ

(خادیم، ١: ٢١٧)

قەیدە لە گەردەنی دڵم زولفی سیاهی پڕ خەمت

حەڵقە بە حەڵقە چین بە چین عوقدە بە عوقدە موو بە موو

(سالم ١١٢)

ئەی گوڵی خۆش نەسیمی من جەننەتی خۆش نەعیمی من

هەوڵی دڵی سەقیمی من بۆ تەمەعی شیفایی تۆ

(خادیم،١، ٢١٧)

نالی حەریفی کەس نییە ئیلفو ئەلیفی کەس نییە

بەیتی رەدیفی کەس نییە هەرزەنویسە گەپ دەکا

(نالی ١٠٠)

تێبینی: ئەگەر پێی کۆتایی دێرە شیعر واتە زەربەکەی لەگەڵ مەخبوونیدا موززالیش بێ (مفاعلان) لقە کێشەکە دەبێ بە رەجەزی مەتوی مەخبوونی موززال. بەڵام لەبەر ئەوەی نموونەی لە کوردیدا کەمە . وەکوو لقێکی سەر بەخۆی کێشی رەجەز باسمان نەکرد.

## پوختەی بڕگەو پێو دابەشبوونیان لە قالبە باوەکانی کێشی ڕەجەز لە کوردیدا:

١٦ بڕگـە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مـستفعلن مـستفعلن مـستفعلن مـستفعلان)2X (ڕەجەزی هەشتی موززال)

١٦ بڕگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)2X (ڕەجەزی هەشتی تەواو — سالم)

١٦ بڕگـە (٤ + ٤+ ٤ +٤) ( مفـاعلن مفـاعلن مفـاعلن مفـاعلن)2X (ڕەجـەزی هەشتی مەخبوون)

١٦ بڕگـە (٤ + ٤+ ٤ +٤) ( مفْـتعلن مفـاعلن مفْـتعلن مفـاعلن)2X (ڕەجـەزی هەشتی مەتوی مەخبوون)

<u>نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی ڕەجەز لە کوردیدا:</u>

حەتتا ب نوورا بادەیێ ڕەنگین نەکی سەججادەیێ

دووری ژ وی شەهزادەیێ دوڕدانەیا گەردن ژ عاج

(جزیری ١٧٤)

داری ئیراکو داری هیند هەردوو کە عوودە ئیسمیان

هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوو لەهەب دەکا

(نالی ٩٨)

جامـا زەلال خـەمرا حـەلال یـاری شـەپال دامـن ب حـال

عیشقا غەدار صوهتی ستار نیڤ مارو یار سەد سوور بوو

(جزیری ٤٠٩)

فیدایی دڵبەرێ ئەبم کە عەینی دڵڕوباییە

غولامی سەروەرێ ئەبم کە فەخری پادشاییە

(بێخود ٣)

من دلبەرەك وەك دوڕ هەیە مەحبووبی شیرین سوڕ هەیە

حوسنو جەمالەك پوڕ هەیە بەلقیس سیفەت مەسكەن سەبا

(جزیری ٢٨)

دل بۆچە گۆشم دارەنێ مەوزە سەرەت بێکارە نی

تۆ مەگنە (پەی) ئەر یارەنی با ڤەس چەنیت بێزارەڤە

(سەیدی ٢٤)

حینا د مەجلس بوو دیار ئەو هەیکەلا ساحب شوعاع

جانان ژ جسمانی وجوود فیلحال گۆتن ئەلوەداع

(پەرتۆ ٢٤٦)

مەیلا وی مەحزا حیکمەتە سەیدا وی عەنقا سیرەتە

تەیری وی بالا هیممەتە لەورا تەلەب ئەڤراز کر

(خانی ١٥٤)

تەنگە دەهانی دڵبەرم حەسرەتی دایە گوڵروخان

وا دڵی غونچە بوو بە خوێن پەردە بە پەردە توو بو توو

(سالم ١١٢)

خاكو هەوایەكەی وەتەن هەر وەكو سەر چوو بە هەبا
كەوتەوە باوەشی رەقیب هەر وەكو قاوتو رەشەبا

(راجی ٢٧)

سەهمو نەسیبی ئەسلییە بەحسی گیاهو گوڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنە ماچی لەب دەكا

(نالی ٩٨)

شێری عەجەم ئەسپی عەرەب بیجادە چاوو خۆش تەلەب
سافی وەكوو جامی حەلەب توندو گەڕۆكو كاریگەر

(قانیع ١٢١)

نانو تەعامی شامی من دەردو غەمی فیراقی تۆ
بوو بە عەزابی رۆحی من لوقمە بە لوقمە جەم بە جەم

(خادیم، ١ ،١٧٣)

چەرخی زەمانە كەی دەدا بەزمی ویسالی یارو من
بۆسە بە بۆسە لەب بە لەب دیدە بە دیدە روو بە روو

(سالم ١١٢)

زولفێن بتی شیرین لەبان ژەهرینە شبهەت عەقرەبان
لێ من ژ بسكا پڕ گری ئێرۆ تنێ گرتن دو تا

(جزیری ٣٥)

## پێنجەم: کێشی خەفیف:

کێشی خەفیف لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن  فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن  )

واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣). لە کوردیدا بە زۆری بە شەش پێی هاتووە. خەفیف لە کوردیدا، ٥ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین. خەفیف لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە (زیحافو عیللە) وەردەگرێ:

فاعلاتن   تەسبیغ   فەعلاتان

کەف   فاعلاتُ

قەسر   فاعلاتْ (فاعلان)

حەزف   فاعلن

خەبن   فعلاتن

شەکل   فَعِلاتُ

سەلم   فع لن

خەبنو حەزف   فَعِلن

خەبنو قەسر   فَعِلان

مستفع لن تەسبیغ   مستفع لان

خەبن   (مُتَفْعِ لن) مفاع لن

١- کێـــــشی خـــــەفیفی شەشـــــی مـــــەخبوونی مەقـــــسوور:

(٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

| | | |
|---|---|---|
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| = | مەخبون | مەخبوون + مەقسوور |
| = | متفْع لن | فعلاتْ |
| فاعلاتن | مفاع لن | فعلان |
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| = | مەخبون | مەخبوون + مەقسوور |
| = | متفْع لن | فعلاتْ |
| فاعلاتن | مفاع لن | فعلان |

تێبینی: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سـەدرو عـەجز دەشـێ هـەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتـە هـەر وەکـوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللـەی هەیـە. لـە سـەرەتا تـا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

| فاعلاتن | مفاع لن | فعلان |
|---|---|---|
| --- U --- --- --- | U --- U -- | U U --- . |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| فاعلاتن | مفاع لن | فعلان |
|---|---|---|
| --- --- U --- | -- U --- U | . --- U U |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون مەقسوور (فعلان) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوون مەحزووف (فعلن)

٣- ئەصلەم (فع لن)

٤- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

نموونە:

بۆ ئەمیرانی غـــەیرە دەبنە گزیر

نەك لە خۆیان یەکێکی بێتە ئەمیر (حاجی ٢٣٧)

شیکردنەوە:

بۆ/ ئە/می/را// نی/ غەی/رە/ دەب// نە/ گ/زیر

. --- U   --- --- // U      --- U ---     // U U ---

فاعلاتن // مفاع لن // فعلان

نەك/ لە/ خۆ/یان// یە/کێ/کی/ بێ//تە/ ئە/میر

--- U U // --- U --- // U --- --- // U ---.

فاعلاتن // مفاع لن // فعلان

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

ساقیا لەم شەرابەیەم // بدەری

مەخبوونی مەحزووف فعلن

کە نەکەم فەرقی هەر نشێوو فراز (خادیم، ١ : ١٤٣)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

لازما خول بخۆی وەکوو// بەرداش

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

هەمو رۆژێ دەگۆڕی ئەمری مەعاش (حاجی ١٨٧)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

هەر ئەتۆی غەمبەری دڵەی// عاشق

ئەصلەم فع لن

حافیزت بێ خودایی بەندە نەواز (خادیم،١، :١٤٣)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

قەیدو تەزبیبو حاشییەو ئیعراب

هەمو با بردی بووە مەوجی سەراب

(حاجی٢٣٠)

وا لە سەر بانی مەیکەدە راهیب

ئەم کەلامە دەڵێ بە ناڵەیی زار

(سالم ۵۹)

موتریبا تۆش بە نەغمەیی نەیو عوود
وەرە مەحفەل بە سەد گریشمەوو ناز

(خادیم،۱: ۱٤۳)

مەدەنییـــــەت وەســـــیلەیی ئیحیـــا
بـۆ هــەموو میللــەتو عومــوومی وڵات

(گۆران، ۷۱)

بــە حەقیقــەت جیهــانی بــێ بنیــاد
نییــەتی بـۆ کەســێ ســەباتو قــەرار

(سالم ۵۹)

## ۲-کێشی خەفیفی شەشی مەخبوون مەحزووف: (۲۲÷۲=۱۱=۳،٤،٤)

| | | |
|---|---|---|
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| - | مەخبوون | مەخبوون +مەحزووف |
| - | مُتَفْعِ لن | فعلا |
| فاعلاتن | مفاع لن | فعلن |
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| - | مەخبوون | مەخبوون +مەحزووف |
| - | مُتَفْعِ لن | فعلا |
| فاعلاتن | مفاع لن | فعلن |

تێبینی: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو

زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ.

| فاعلاتن | مفاع لن | فعلن |
|---|---|---|
| --- --- U --- | -- U --- U | --- U U |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| فاعلاتن | مفاع لن | فعلن |
|---|---|---|
| --- --- U --- | -- U --- U | --- U U |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون مەحزووف (فعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوون مەقسوور (فعلان)

٣- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

٤- ئەصلەم (فع لن)

نموونه:

چوونه ریزی موعەززاتی میلەل

وەختە خۆیان حیساب بکەن بە دووەل (حاجی ٢٤٠)

شیکردنەوە:

چوو/نە/ ری/زی// مو/عەز/زە/ما//تی/ می/لەل

--- U --- --- // U --- U --- // U U ---

فاعلاتن // مفاع لن // فعلن

وەخ/تە/ خۆ/یان// حی/ساب/ ب/کەن// بە/ دو/وەل

--- U --- --- // U --- U --- // U U ---

فاعلاتن // مفاع لن // فعلن

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوون مەقسوور (فعلان):

مەدەنییەت گوڵی بەهار// ی حەیات

مەخبوونی مەقسوور فعلان

مەدەنییەت هەوایی نەش عو نوما (گۆران ٧١)

نموونەیەك بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

دورپو مەرجان‌و کارەبای// کوردان

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

نێرگسەو لالەیەو گیایی وەتەن (خادیم ٧٠)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

دامەنی کامو دەستی تۆ// دوورن

ئەصلەم  فع لن

تا بە رۆح ئەبیە گەردی پایی وەتەن (خادیم ٧٠)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

عولومامــان بــە قــەولی بــێ ســەرو پــا

پــاکی خنکــا لــە بــەحری وشــکی هــەوا

(حاجی ٢٣٦)

بــــێ شــــرینقەی برایــــەتی هــــەرگیز

نییــــە چــــارەی مــــەلاریایی وەتــــەن

(خادیم ،١،٦٩)

ئەی شوعاعی هـەتاوی حـەققو نـەجات

مەدەنییــەت دەخیلــە ســا پەلەپــەل

(گۆران ٧٢)

هـــەر زەمـــانێ کـــە گوێـــت زرنگـــاوە

پێت دەڵێ باری خۆت ببەستە جـەرەس

(حاجی ٦٦)

بـە هـەزار تـەختی خوسـرەوی نـادەم

جێگـە پێیێکـی یـەك گـەدایی وەتـەن

(بێخود ٧٠)

### ٣- کێشی خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ:

(٢٠÷٢=١٠=٢،٤،٤)

فاعلاتن    مستفع لن    فاعلاتن

-    مەخبوون    ئەصلەم موسەببەغ

-    مُتَفْعِ لن    فع لان

فاعلاتن    مفاع لن    فع لان

فاعلاتن    مستفع لن    فاعلاتن

-    مەخبوون    ئەصلەم موسەببەغ

-    مُتَفْعِ لن    فع لان

فاعلاتن    مفاع لن    فع لان

تێبینی: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ

| فاعلاتن | مفاع لن | فع لان |
|---|---|---|
| --- U --- --- --- | U --- U -- | --- --- . |
| ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٠ | | |

| فاعلاتن | مفاع لن | فع لان |
| --- | --- | --- |
| --- U ---- --- | U --- U -- | --- ---. |
| ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٠ | | |

هەمووی ٢٠ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) وەکوو زەربەکەی.

٢- ئەصلەم (فع لن)

٣- مەخبوون مەقسوور (فعلان)

٤-- مەخبوون مەحزووف (فعلن)

نموونە:

حاکمو میرەکانی کوردستان

هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان (حاجی ٢١٣)

شیکردنەوە:

حا/ک/مو/ می//رە/کا/نی/ کور// دس/تان

--- U --- U // --- --- U --- // --- --- .

فاعلاتن // مفاع لن // فع لان

هەر /لە/ بۆ/تا// نە/وە/ هە/تا// با/بان

--- U --- // U --- --- U --- // --- --- ---.

فاعلاتن // مفاع لن // فع لان

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

دڵی ئەهلی نەزەر لە جیل// وەی تۆ

مەخبوونی مەحزووف فع لن

هەر وەکوو مانگو پرتەوی مەهتاب (خادیم، ١ :٧٢)

نموونە بۆ مەخبوونی مەقسوور (فعلان):

بە رەوانی میسالی ئا// بی رەوان

مەخبوونی مەقسوور فعلان

ئێرتیجالین هەموو بە بێ دامان (حاجی ٢٢٦)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

وەکوو تۆ قەت نەبوو لە روو// یی زەوی

مەخبوونی مەحزووف فعلن

نەبو هەرگیز لە عالەمی ئەسباب (خادیم،١ :٧١)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

شەهـــــسواری بەلاغــــەتی کـــــوردان

یەککــــەتازی فەســــاحەتی بابــــان

(حاجی ٢١٩)

دەورەیـــی حـــادیسو زەمـــانی قیـــدەم

هەر دو لـەم بـەحری نـوورە یـەك گـەرداب

(خادیم،١ : ٧٢)

غـــەیری دڵبـــەر کـــە مـــەحرەمی رازە
ناکەســم گــەر بــە کــەس بڵــێم ئەســرار

(سالم ٥٩)

بۆچــی وات کــرد بــە میللــەتی مــەزلووم
مــل قـــەوی دایکــی فتنـــەوو ئیفـــساد

(قانیع ١٠٠)

پەشمـــە حـــاجی وەرە وەکـــوو جـــاران
بێـــرەوە ســـەر حیکایـــەتی کـــوردان

(حاجی ٢١٨)

## ٤- کێـــــشی خـــــەفیفی شەشـــــی مـــــەخبوونی ئەصـــــلەم:

(٢٠÷٢=١٠=٢،٤،٤)

| | | |
|---|---|---|
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| - | مەخبوون | ئەصلەم |
| فاعلاتن | مُتَفْعِ لن | فا علْ |
| فاعلاتن | مفاع لن | فع لن |
| فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| = | مەخبوون | ئەصلەم |
| = | مُتَفْعِ لن | فا علْ |
| فاعلاتن | مفاع لن | فع لن |

تێبینی: لەم قالبە کێشەدا، پێی یەکەمی سەدرو عەجز دەشێ هەردووکیان، یان یەکێکیان مەخبوون بێ، یان سالم بێ . خەبنی واجب نییە. واتە هەر وەکوو زیحاف وایە کەچی خەبن لە پێیەکانی تردا دەوری عیللەی هەیە. لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوە دەبێ هەبێ

| فاعلاتن | مفاع لن | فع لن |
|---|---|---|
| --- --- U --- | -- U --- U | --- --- |
| ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٠ | | |

| فاعلاتن | مفاع لن | فع لن |
|---|---|---|
| --- --- U --- | -- U --- U | --- --- |
| ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٠ | | |

هەمووی ٢٠ بڕگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- ئەصلەم (فع لن) وەکوو زەربەکەی

٢- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) .

٣- مەخبوونی مەحزووف (فعلن)

٤-- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

نموونە:

قەت تەواو نابی ئارەزووی یارم

ئاخری عومرە ئەووەلی کارم ( سالم ٨١)

شیکردنەوە:

قەت/ تە/واو/ نا// بی/ ئا/رە/زووی // یارم

--- --- // --- U --- --- // U --- U ---

فاعلاتن // مفاع لن // فع لن

ئا/خ/ری/ عوم// رە/ ئەو/وە/لی // کا/رم

--- --- // --- U --- --- // U --- U ---

فاعلاتن // مفاع لن // فع لن

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

گڕی بەست دڵ بە شەو لە نەش// ئەی رام

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

هاتو چۆ بوو لە مەستییا هەر سوو (سالم ١١٦)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

شاپەڕی دا لە دڵ خەروو// سی سەحەر

مەخبوونی مەحزووف فعلن

وای غوباری کەدوورەتم جادوو (سالم ١١٦)

نموونە بۆ عەووزی مەخبوونی مەقسوور

تا نەبینێ مەهی جەما // لی حەبیب

مەخبوون مەقسوور فعلان

عارە خەو بێتە چاوی بێدارم (سالم ٨١)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن. شیيان بکەوە:

ل گـــولان میـــسکو عەنبـــەرێ برشـــین
ژ گـــــولافێ جونەســـــرییان تـــەڕ کــــە

(جزیری ٤٥٣)

دڵی پێکام بە بـە عیـشوە تـیری مـوژەی
تـــورکی ئەندێـــشەیی کــــەمان ئـــەبروو

(سالم ١١٦)

ئـەم قـسەی ئێـستە عـەیبی لێ دەگـرن
ئـەو دەمـەش دێ کـە ئێـوە بـۆی دەمـرن

(حاجی ٢١٤)

کەسکو سۆرێن ژ رەنگی قـەوسو قـەزەح
ژ ســـــەراپا گـــــولاڤو مـــــاوەر کــــە

(جزیری ٤٥٣)

هەڵسە ئـەی دڵ بـچینە لای مـەجنوون
رشــــتەیی عـــاقلی لـــە دەس دەرچــوو

(سالم ١١٦)

پوختـەی برگـەو پـێو دابەشبوونیان لـە قالبـە باوەکـانی کێـشی خـەفیف لـە کوردیدا:

١١ برگە (٤+ ٤+ ٣) (فاعلاتن مفاعلن فعلان)X٢ ( خەفیفی شەشی مـەخبوونی مەقسوور)

١١ برگە (٤+ ٤+ ٣) (فاعلاتن مفاعلن فعلن)X٢ ( خەفیفی شەشـی مـەخبوونی مەحزووف)

١٠ بڕگە (٤+ ٤+ ٢) (فاعلاتن مفاعلن فع لان)2X ( خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ)

١٠ بڕگە (٤+ ٤+ ٢) (فاعلاتن مفاعلن فع لن)2X ( خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەصلەم)

<u>نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی خەفیف لە کوردیدا:</u>

وەرە وەك ڕۆژ ب سـەر دەری کەلـەهێ
عالـەمێ تێکـدا مونـەووەر کـە

(جزیری ٤٥٤)

کـەر ئـەکا چـەند هـەزاری وەك خـۆی
تـاوەکوو خـۆی بـژی بـە مـەیلو مـراد

(قانیع ١٠٠)

دڵـی پێکـام بـە عیـشوە تـیری مـوژەی
تـورکی ئەندێـشەیی کـەمان ئـەبروو

(سالم ١١٦)

فـەرقی ناکـەس لەگـەڵ کەسـان ناکـەم
هـا بـە عەکـسی بخوونـەوە ناکـەس

(حاجی ٦٦)

هـەر یەکێکـە خـودایی حـەق نـەك دوو
وەحـدەهوو لا ئیلاهـە ئـیللا هـوو

(سالم ١١٦)

لـەفزی کـوردی بـڵاو نـەبوو گـرد بـوو
وا لـــە مابــەینی ئێمـــەدا تـــێ چـــوو

(حاجی ٢٤٠)

خـــادیمی ئاســـتانی عـــالی تـــۆم
لـوتفی تـۆم کافییـە لـە ڕۆژی حیـساب

(خادیم، ٧٢)

مـن لـە غـەمخواری ئـەم قـسانە دەکـەم
وەرنــە پەشمــە لــە لام هــەموو عالــەم

(حاجی ٢٦٤)

حیــشمەتی خوســرەوی مەحالــە هــەتا
جـانی شـیرین نەکـەن فیـدایی وەتـەن

(خادیم ٦٩)

قـــەومی کـــوردی هـــەژارو بێـــچارە
وێلـــی تـــەیهی جەهالەتـــە هـــاوار

(گۆران ٧١)

دائیمـــا بیبـــە ســـەر دڵـــم ســـروەت
چونکە هەر تۆی بـە ئێمـە مـەحرەمی ڕاز

(خادیم،١ ١٤٤)

خـــەتو خـــاڵان نیـــشان (نیـــشانی) دە
مـــە ژ نـــاڤێ خـــوەڕا ب دەفتـــەر کـــە

(جزیری ٤٥٤)

بــه قــسەی ســادە برســی تێــر نــابێ
عەمەلــە عیــززی دیــن‌و دونیــا بــێ

(حاجی ٢٣٥)

کاســـب‌و پـــارە زاهیـــدو جەننـــەت
بێخـــودو خـــاکی دڵگوشـــایی وەتـــەن

(بێخود ٧٠)

میللـــەتی بـــێ کتێـــب‌و بـــێ نووســـین
غـەیری کـوردان نییـە لـە رووبـی زەمـین

(حاجی ٢٦٤)

## شەشەم: کێشی موجتەس:

کێشی موجتەس لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن )

واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣). لە کوردیدا بە زۆری بە هەشت پێی هاتووە. موجتەس لە کوردیدا، ٥ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین. موجتەس لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە (زیحافو عیللە) وەردەگرێ:

فاعلاتن تەسبیغ فەعلاتان
کەف فاعلاتُ
قەسر فاعلاتْ (فاعلان)
حەزف فاعلن
خەبن فعلاتن
شەکل فعلاتُ
سەلم فع لن
خەبنو حەزف فعلن
خەبنو قەسر فعلان
مستفع لن تەسبیغ مستفع لان
خەبن مفاع لن

### ١- کێـــــشی موجتەســــی هەشـــــتی مــــەخبوونی مەقـــــسوور:

(٣٠÷٢=١٥=٤،٤،٤،٣)

| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
|---|---|---|---|
| مەخبوون | مەخبوون | مەخبوون | مەخبوون + مەقسوور |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فعلات |

مفاع لن     فعلاتن     مفاع لن     فعلان

<u>مستفع لن</u>     <u>فاعلاتن</u>     <u>مستفع لن</u>     <u>فاعلاتن</u>

مەخبوون     مەخبوون     مەخبوون     مەخبوون + مەقسوور

مُتَفْعِ لن     فعلاتن     مُتَفْعِ لن     فعلات

مفاع لن     فعلاتن     مفاع لن     فعلان

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلان |
|---|---|---|---|
| -- U -- U | -- -- U U | -- U -- U | . -- UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلان |
|---|---|---|---|
| -- U -- U | -- -- U U | -- U -- U | . -- UU |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ٣٠ برگە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوون مەقسوور (فعلان) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوون مەحزووف (فعلن)

٣- ئەصلەم (فع لن)

٤- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

نموونە:

فەلەك بە تیرو کەمانی لە ئێمە چۆتە کەمین

شکارگاهی زەمینە لە چەنگی کێوە دەچین (حاجی ۹٦)

شیکردنەوە:

فە/لەك/بە/ تی//رو/ کە/ما/نی//لە/ ئێ/مە/چۆ//تە/ کە/مین

U U // --U --U // -- --UU // --U -- U --.

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فعلان

ش /کا/ر/گا// هی/ زە/می/نە// لە/ چەن/گی/ کێ// وە/ دە/چین

U U // – U – U //-- -- // UU – U – U --.

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فعلان

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

کە باسی لێوو ددانی بکەن بە دەر//دەکەوێ

مەخبوونی مەحزووف فعلن

نیساری لەعلو گوهەر کردی دەمی لافیز (مەحوی ۱٦۲)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

ئەمەرزە کۆنە هەوارە خەلایقیش// کۆچە

ئەصلەم فع لن

تەماعی سووری نەبێ کەس لە ژێری چادری شین (حاجی ۹٦)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

خەزانە بولبولی بێچارە کەوتەوە هاوار

فع لان ئەصلەم موسەببەغ

نەماوە باغو گوڵ سەروو لە بووستانی نەشات (خادیم،۱٥ :۱٥۱)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

مەکانە شەوقی بە عێلاتە پەشمە کۆنە هەوار
حەیاتە زەوقی بە ئەحبابە بایە ئابو هەوا

(حاجی ٣٥)

بە داغو حەسرەتەوە دەچمە حەڵقەیی ماتەم
سەفایەکی نەبو سەعییم لە تەرەف کۆیی نیگار

(حەریق ٢٥)

بە سەر سەمایی تەهیدا گوشاد ئەکا باڵی
لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسسومی نوور

(گۆران ٧٤)

مەڵێن لە زەربەتی غەمزەی چ کەس بەرین لە برین
نیشانی زامی دیارە لە پیرو جوانی وڵات

(بەختیار زێوەر ٤٣)

مروری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە رەمەق
زوبوولی نیکسە دەگێڕێ کە عەکسی ریش بە شیر

(نالی ٢٠٩)

٢- کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووف:
(٣٠÷٢=١٥=٣،٤،٤،٤)

| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| --- | --- | --- | --- |
| مەخبوون | مەخبون | مەخبوون | مەخبوون + مەحزووف |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فعلا |
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلن |

| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
|---|---|---|---|
| مەخبوون | مەخبون | مەخبوون | مەخبوون + مەحزووف |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فعلا |
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلن |
| -- U -- U | -- -- U U | -- U -- U | -- U U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فعلن |
| -- U -- U | -- -- U U | -- U -- U | -- U U |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١٥ | | | |

هەمووی ٣٠ برگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- مەخبوونی مەحزووف (فعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

٣- ئەصلەم (فع لن)

٤- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

نموونە:

لە بورجی سینە کە ئەو زوهرە چاوە پێ ئەکەنێ

فرشتەییێکە لــە عەرشی خــوداوە پێ ئـــەکەنێ

(بێخود ١٢٤)

شیکردنەوە:

لە/ بور/جی/ سی//نە/ کە/ ئەو/ زوه//رە/چا/وە/ پێ// ئە/کە/نێ

-- U – U – // UU -- -- / U – U – // U U

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فعلن

ف/رش/تە/یێ//کە/ لە/ عەر/شی// خو/دا/وە/ پێ// ئە/کە/نێ

-- U – U – // UU-- -- U// – U – // U U

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فعلن

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەقسوور (فعلان):

ئەگەر چ مەی نییە لەم بەزمەدا بە تەن// گەوە نیم

مەخبوون مەقسوور فعلان

بە بێ پیاڵە لە باغا وەنەوشە مەستی ئەکا (شێخ نووری ٢٠٩)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

لە من فیدایی تری لێرەدا نییە ئەمڕۆ

ئەصلەم فع لن

بە غەیری غونچە کە ڕەفعی حیجابی هەستی ئەکا (شێخ نووری ٢٠٨)

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

لە گرمە گرمی سەحابو لە هاژەیی// باران

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

چیایە پڕ لە هەراوو نوالە پڕ لە سەدا (حاجی ٢١)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

بەهارە ئەمرۆ لە باغا وەنەوشە مەستی ئەکا
سەبا لە پەڕەیی گوڵدا دەراز دەستی ئەکا

(شێخ نووری ٢٠٨)

کە لێوی گوڵ بە هەناسەم ئەگا ئەڵێی ئۆخەی
چ غونچەیێکە بە دەم بادی سەباوە پێ ئەکەنی

(بێخود ١٢٤)

شکۆفە درهەمی شاباشی بایی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە دارو بەردی چیا

(حاجی ٢١)

لە خۆشیی ئەو دەمە زۆری نەماوە باڵ بگرم
رەقیب کە ئەگری یو ئەو شۆخی لاوە پێ ئەکەنێ

(بێخود ١٢٤)

گەڵێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم ما بوو
کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا

(حاجی ٣٧)

## ٣- کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ:

(٢٨÷٢=١٤=٢،٤،٤،٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| مەخبوون | مەخبوون | مەخبوون | ئەصلەم موسەببەغ |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فع لان |
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لان |

| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
|---|---|---|---|
| مەخبوون | مەخبوون | مەخبوون | ئەصلەم موسەببەغ |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فع لان |
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لان |

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لان |
|---|---|---|---|
| U -- U -- | U U -- -- | U -- U -- | -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لان |
|---|---|---|---|
| U -- U -- | U U -- -- | U -- U -- | -- -- . |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨برگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) وەکوو زەربەکەی.

٢- ئەصلەم (فع لن)

٣- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

٤- مەخبوونی مەحزووف (فعلن)

نموونە:

شەوی بەهاری جەوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر

لـــە فـــەجری پـــایزی پیری بەیانی دا تەعبیر (نالی ٢٠٤)

شیکردنەوە:

شە/وی/ بە/ها//ری/ ج/وا/نی// خە/وێ/ بو/ پڕ// تەش/ویر

U – U // -- -- UU // – U – U – // -- -- .

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فع لان

لە/ فەج/ری/ پا// ی/زی/ پی/ری// بە/یانی/ دا // تەع/بیر // -- U --U

U – U // -- -- // UU – U – U – // -- -- .

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فع لان

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم (فع لن):

لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر// جوزئی

ئەصلەم فع لن

سەقیمە عاجزە تەسحیحی رابیتی تەدبیر (نالی ٢١٠)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلان):

سبەینێ هەستە مەوەستە خەبەر بگەی// نە وڵات

مەخبوونی مەقسوور فعلان

دیارە چەندە حەزین‌و غەریب‌و بێ کەیفین (حاجی ٩٧)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

لە کوردی بگرە هەتا تورک‌و عارەب‌و// عەجەمی

مەخبوونی مەحزووف فعلن

لە ئاخ‌و داخی دەسووتێن‌و شین دەکەن دەگرین (حاجی ٩٧)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەكێشن، شییان بكەوە:

كە ئێستە مەوقیعی بالآیی سەرتە مەستی غروور
ئەبینی ئاخری رۆژێ سقووت ئەكا مەقهوور

(گۆران ٧٠)

لە عەشقی حوسنی خەت و خاڵی نێرگسی شەهلات
ئەسیرە چەن دڵی زاری فەقیرو چەن شەهـ لات

(بەختیار زێوەر ٤٣)

ئەمین مەبە لە سبەینێ ئەمەت بە سەر دێنێ
حەوادیساتی زەمانە كە نایەتە تەخمین

(حاجی ٩٦)

ئەكێشی ئاه و تەحەسسور لە بەر خەساری دڵان
دڵانی پڕ لە شەباب و غەرامی جانبازان

(گۆران ٧٠)

دەخاتە گەردەنی ئێمە میسالی دابەستوو
گوریسەكی بەڵەكی سوبح و شام و ناترسین

(حاجی ٩٦)

٤- كێشی موجتەسی هەشتی ئەصلەم: (٢٨÷٢=١٤=٢،٤،٤،٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |
| مەخبوون | مەخبوون | مەخبوون | ئەصلەم |
| مُتَفْعِ لن | فعلاتن | مُتَفْعِ لن | فاعلْ |
| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لن |
| مستفع لن | فاعلاتن | مستفع لن | فاعلاتن |

مەخبوون مەخبوون مەخبوون ئەصلەم
مُتَفْعِ لن فعلاتن مُتَفْعِ لن فاعلْ
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لن |
|---|---|---|---|
| U -- U -- | U U -- -- | U -- U -- | -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

| مفاع لن | فعلاتن | مفاع لن | فع لن |
|---|---|---|---|
| U -- U -- | U U -- -- | U -- U -- | -- -- |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٢ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨برگەیە

چوار عەرووزی هەیە:

١- ئەصلەم (فع لن) وەکوو زەربەکەی.

٢- ئەصلەم موسەببەغ (فع لان)

٣- مەخبوونی مەحزووف (فعلن)

٤- مەخبوونی مەقسوور (فعلان)

نموونە:

بە تاوی ئاگری عیشقی تو جانو تەن سووتا

لە هەر نەفەس لە گڕی سینە پیرەهەن سووتا (خادیم، ١ ، ١٠٢)

شیکردنەوە:

بە/ تا/وی/ ئا// گ/ری/ عیش/قی// تو/ جا/ن/و/ تەن // سوو/تا

U -- // U --- -- U U // --U -- U-- // U-- // ---- --

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فع لن

لە/ هەر/ نە/فەس// لە/ گ/ڕی/ سی// نە/ پی/رە/هەن // سوو/تا

U -- // U -- -- U U // --U -- U-- // U-- // ---- --

مفاع لن // فعلاتن // مفاع لن // فع لن

کێشی موجتەسی هەشتی ئەصلەم.

نموونە بۆ عەرووزی ئەصلەم موسەببەغ (فع لان):

لە پاشی ئەم هەمو داستانە بەختی خواب // ئالوود

ئەصلەم موسەببەغ فع لان

میسالی ئەژدەری نووستوو بە رق لە خەو هەستا (حاجی ٣٥)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەحزووف (فعلن):

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتۆ // بی خودا

مەخبوونی مەحزووف فعلن

لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا (حاجی ٣١)

نموونە بۆ عەرووزی مەخبوونی مەقسوور (فعلان):

گوڕەی بەهارییە ئێستێکە شاخو دا// خی وڵات

مەخبوونی مەقسوور فعلان

پڕە لە لالەوو نەسرین و نەرگسی شەهلا (حاجی ٣١)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

بـە داوە وەعـزی یـو خۆشـی بـە تـاوە وا واعیـز
لــە هەڵقولانــە کــە لیکــی دەمو لــچی واعیــز

(مەحوی ١٦٢)

کە هاتـە گوێمـەوە دەنگت بـە نەغمـەیی نـەرمت
وتــت چ مفتــە تەماشــا بــە نرخــی بــێ عــاری

(گۆران ٧٣)

نەشاتی ساقی یو موتریب لە نەشئەیی مـەی بـوو
دەروونـی مەیکـەدە بـۆ عاشـقان مـەکانی نەشـات

(خادیم،١ ١٥٢)

لـە وەسـفی روویـی ئـەوا عـاجزن زوبـانو قەلـەم
لە بـەرقی حوسـنی ئـەوا حوسـنی جوملـە دڵداری

(خادیم،١ ٢٥٦)

کـە خـۆتی تێنەگـەیێنی لـە نیکتـەکانی نەگـەی
دەڵێــی هــەمووی هەزەیانــە خــودا بــەلای لێ دا

(حاجی ٣٧)

پوختەی برگەو پـێو دابەشـبوونیان لـە قالبـە باوەکـانی کێـشی موجتـەس لـە کوردیدا:

١٥ برگـە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (مفـاعلن فعلاتــن مفـاعلن فعـلان)2X (موجتەســی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)

١٥ برگـە (٤+ ٤+ ٤ +٣) (مفـاعلن فعلاتــن مفـاعلن فعلـن)2X (موجتەســی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)

١٤ برگـە (٤+ ٤+ ٤ +٢) (مفـاعلن فعلاتــن مفـاعلن فــع لان)2X (موجتەســی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ)

١٤ برگـە (٤+ ٤+ ٤ +٢) (مفـاعلن فعلاتــن مفـاعلن فــع لـن)2X (موجتەســی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم)

نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی موجتەس لە کوردیدا:

سـەمایی واسـیعی دڵ گـەر لـە ژن بکـەی خـاڵی
تەجـەللیاتی بـەدایع غـرووب ئـەکا دەیجـوور

(گۆران٧٤)

منـیش لـە ئـاگری ئـەم جیلوەیـە دڵـم سـووتا
بـە نـاعیلاجی ئـەبووم لێـرەدا کـەباب فـرۆش

(خادیم،١، ١٤٧)

نەشاتی ساقی یو موتریـب لـە نەشئەیی مـەی بوو
چ خونـچەیێکە بـە دەم بـای سـەباوە پـێ ئەکـەنێ

(بێخود ١٢٤)

هـەوایی دێـرو حـەرەم نەشئەبەخشی مەستییەتی
لە کوفرو دین گـوزەری کـرد لـە مەستیا دەروێش

( خادیم، ١، ١٤٨)

بـە ئیبتیـسامی نـەوازش لـەبت بکـەی تـەمزیز
دڵی هەزاری وەکـوو مـن لـە عەشـق ئەکـەی لـەبریز

(گۆران ٧٠)

حیکایـەتم لـە مەحەببـەت کـە خـستە سـەر کاغـەز
لـە ئـاهی گـەرمی دەروونم دڵۆ سـوخەن سـووتا

(خادیم،١، ١٠٢)

لە شادی وەك سەفی شایی لە کێوو کەژ ئەزهار
هەژا بە خەلعەتی گولگوونو کەوتە رەقسو سەما

(حاجی ٣٢)

لە خۆشیی ئەو دەمە زۆری نەماوە باڵ بگرم
رەقیب کە ئەگری یو ئەو شۆخی لاوە پێ ئەکەنێ

(بێخود ١٢٤)

مەپرسە دەردی غەریبی یو لەززەتی وەتەنم
ئەوی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم

(حاجی ٨١)

چ شۆخە هاتبوو گۆیا عەیادەتە مەحوی
کە رۆیی رووشی نەدامێ بڵێ خودا حافیز

(مەحوی ١٦٣)

وەکوو نەهاری بەهاری درێژو پایزی کورت
ئەمەل گەلێکو تەویلو عەمەل کەمێکو قەسیر

(نالی ٢٠٧)

ئەکێشی ئاهی تەحەسسور لە بەر خەساری دڵان
دڵانی پڕ لە شەبابو غەرامی جانبازان

(گۆران ٧٠)

ئەدەب لە سەروی سەهی وەرگرە ئەگەر ژیری

لەگەڵ بڵندیی خۆیا هەوایی پەستی ئەکا

(شێخ نووری ٢٠٨)

وەکوو خەیاڵی ئەسووڕێمەوە ئەگێڕم چاو

لە شەش جیهەت کە ببینم یەکێ لە دۆستو کەس

(سەفوەت ٥١)

ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ

ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێ ئەوا سووتا

(حاجی ٣٤)

## حەوتەم: کێشی موتەقارەب:

کێشی موتـەقارەب لـە بازنـەی پێنجەمدایـەو پێیـەکانی لـەناو بازنـەی خۆیـدا ئەمانەن.

(فعولن فعولن فعولن فعولن فعولن فعولن فعولن فعولن)

واتە هەر دێڕێکی هەشت پێیە (٤+٤). لە کوردیدا بە زۆری هەر بە هەشت پێـی هاتووە. موتەقارەب لە کوردیدا، ٤ قالب واتە لقی جیاجیـای هەیـە: لێـرەدا هـەرە باوەکانیان وەردەگرین. موتـەقارەب لـە کوردیـدا ئـەم گۆڕانانـە (زیحـافو عیللـە) وەردەگرێ:

فعولن تەسبیغ فعولان

قەسر فعولْ

حەزف فعو (فعلْ)

### ١- موتـەقارەبی هەشتی تەواو - سالم: (٢٤÷٢=١٢=٣،٣،٣،٣)

فعولن فعولن فعولن فعولن

فعولن فعولن فعولن فعولن

| فعولن | فعولن | فعولن | فعولن |
|---|---|---|---|
| -- -- U | -- -- U | -- -- U | -- -- U |
| ٣ | ٣ | ٣ | ٣ |
| ١٢ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فعولن | فعولن | فعولن | فعولن |
| U -- U -- | U U -- -- | U -- U -- | U -- -- |
| ٣ | ٣ | ٣ | ٣ |
| ١٢ | | | |

هەمووی ٢٤ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- تەواو - سالم (فعولن) وەکوو زەربەکەی.

٢- موسەببەغ (فعولان)

نموونە:

وەتەن تۆ مەکانێکی فەخری دیاری

وەتەن تۆ نیگارێکی سەرمایەداری (بەختیار ٦٦)

شیکردنەوە:

وە/تەن/ تۆ// مە/کا/نێ//کی/ فەخ/ری// د/یا/ری

U -- -- // U -- -- // U -- -- // U -- --

فعولن // فعولن // فعولن // فعولن

وە/تەن// تۆ// نی/گا/رێ//کی/ سەر/ما//یە/دا/ری

U -- -- // U -- -- // U -- -- // U -- --

فعولن // فعولن // فعولن // فعولن

نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ (فعولان):

لە ناڵینی سابیر چ جایی // حەکیمان

موسەببەغ فعولان

چ بوو وا جیهانی خرۆشان خودایا (سابیری ٣٦)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن شییان بکەوە:

کــەوا خانــە وێرانــە ســافی لــە دونیــا

لە تاوی گوڵی رووت بووە شێت و شەیدا

(سافی ٢١١)

نــەماوە ســەبووریم پەرێــشانی دووریــم

کەرەم کەی شیفایە بـە قورئـان خودایا

(سابیری ٣٦)

وەتــەن تــۆ نــەمامی لــە بــاغی جیهانــا

وەتـــەن تـــۆ ئـــەمیرێکی دارو دیـــاری

(بەختیار ٦٦)

چ خۆشە کـە روخـساری جانـان خودایا

ببیـــنم فیـــدا کـــەم دڵ و جـــان خودایـــا

(سابیری ٣٦)

بــە ئــەبرۆت کــوژاوم دڵــم پــڕ زوخــاوە

بریـنـــی دەروونم دوبـــــارە کــــولاوە

(سافی ٢٠٨)

## ٢- کێشی موتەقارەبی هەشتی مەقسوور: (٢٢÷٢=١١=٣،٣،٣،٢)

فعولن فعولن فعولن فعولن

= - - مەقسوور

فعولن فعولن فعولن فعولْ

فعولن فعولن فعولن فعولن

= - - مەقسوور

فعولن فعولن فعولن فعولْ

| | | | |
|---|---|---|---|
| فعولن | فعولن | فعولن | فعولْ |
| U -- -- | U -- -- | U -- -- | U -- . |
| ٣ | ٣ | ٣ | ٢ |
| ١١ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فعولن | فعولن | فعولن | فعولْ |
| U -- -- | U -- -- | U -- -- | U -- . |
| ٣ | ٣ | ٣ | ٢ |
| ١١ | | | |

هەمووی ٢٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەقسوور (فعولْ) وەکوو زەربەکەی.

٢- مەحزووف (فعلْ)

نموونە:

دە ساقی بە حەققی پیاڵەی شەراب

بە جەرگی پرووزاوی هەر وەك کەباب (قانیع ٣٣٢)

شیکردنەوە:

دە/ سا/قی// بە /حەق/قی// پ/یا/ڵەی// شەه/راب

U -- --   U //  فعولن   -- -- -- U -- --   //   U //  -- .

// فعولن // فعولن // فعولْ

بە/ جەر/گی// پ/روو/زا//وی/ هەر/ وەك// کە/باب

U -- --  //  U -- --  //  U -- --  //  U //  -- .

فعولن // فعولن // فعولن // فعولْ

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەحزووف (فعل):

حەزەر کە لە نادان کە دانا// لە ئەو

مەحزووف فعلْ

گەلێ باشترە دوژمنت بێ بە جان (خادیم،٢، ١١١)

<u>ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن. شییان بکەوە:</u>

دە ســـاقی بـــە میحرابـــی هـــەردوو بـــرۆت

بـــە نـــازو گرشمـــەی دو چـــاوانی خـــۆت

(قانیع ٣٣٢)

درەختـــێ کـــەوا تاڵـــە ئەسـڵی لـــە دەشـــت

هەڵیکێـــشە تـــو بیبـــە بـــاخی بەهەشـــت

(کەمالی ١٨٣)

دەمـــــی راپەڕینـــــە دەمـــــی راپـــــەڕین

هـــەتا کـــەی بـــە ســـستیو بـــە پەســـتی بـــژین

(گۆران ٤٠٣)

مـــــەمامتم حەیاتـــــە حـــــەیاتم مـــــەمات
کـە لـێم توند دەبـێ ئـەو دەمـی ئیلتیفـات

(حاجی ٥٥)

شـــەرابێ کـــەرەم کـــە پیاڵـــەی بلـــوور
نەوەم پشت بە پشت مەست بێ تا نەفخی سوور

(قانیع ٣٣٣)

## ٣- کێـــــشی موتـــــەقارەبی هەشـــــتی مـــــەحزووف:

(٢٢÷٢=١١=٣،٣،٣،٢)

فعولن فعولن فعولن فعولن

- = - مەحزووف

= = - فعو

فعولن فعولن فعولن فعلْ

فعولن فعولن فعولن فعولن

- - - مەحزووف

- - = فعو

فعولن فعولن فعولن فعلْ

| فعولن | فعولن | فعولن | فعلْ |
|---|---|---|---|
| U -- -- | U -- -- | U -- -- | U -- |
| ٣ | ٣ | ٣ | ٢ |
| ١١ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فعولن | فعولن | فعولن | فعلْ |
| U -- -- | U -- -- | U -- -- | U -- |
| ۳ | ۳ | ۳ | ۲ |
| ۱۱ | | | |

هەمووی ۲۲ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

۱- مەحزووف (فعل) وەکوو زەربەکەی.

۲- مەقسوور (فعول)

نموونە:

بە خاکی وڵاتم گەلم میللەتم

کەسم کۆمەڵم لا ئەبەن زیللەتم (ئەسیری ۱۱۳)

شیکردنەوە:

بە/ خا/کی // و/ڵا/تم // گە/لم/ میل// لە/تم

U -- -- // U -- -- // U -- -- // U --

فعولن // فعولن // فعولن // فعلْ

کە/سم/ کۆ// مە/ڵم/ لا // ئە بە/ن/ زیل// لە/تم

U -- -- // U -- -- // U -- -- // U --

فعولن // فعولن // فعولن // فعلْ

نموونەیەك بۆ عەرووزی مەقسوور (فعولْ)

هەتا کەی بە کاسی لە گوێی گا //بنووم

مەقسوور فعولْ

هەزاران کە وا ڕۆیی ئاواڵەکەم (چڕوستانی ۲٤٤)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن شییان بکەوە:

بـە گـورجی بجوولـە لـە کـاری کەسـت
لـە عالـەم بـە جـێ ماوەیـە میللـەتت

(ئەسیری ٥٦)

لە گوێ بگرە ئەی یاری خاوەن هونـەر
لـە غـەزلو هونـەردا چـە پایـەی نـەبێ

(خادیم، ٢، ١١٠)

بـە پـیری عـەجایب گـڕو گـاڵ ئەکـەم
عەجەبتر کە باسـی خـەتو خـاڵ ئەکـەم

(چڕوستانی ٢٤٤)

لـە بـاغی ئیرەمـدا سـەدا هاتـە دەر
کـە نـەرگز ژیـاوە خونـاوێکی بـوو

(دەشتی ٨٢)

زەمـانێ کـەوا پـێ ئـەگاو بـەر ئـەدا
وەکـوو خـۆی بـەری تـاڵو بـێ فـەڕ

ئەدا (کەمالی ٢٨٣)

پوختەی برگەو پێو دابەشبوونیان لە قالبە باوەکانی کێشی موتـەقارەب لـە کوردیدا:

١٢برگـە (٣ + ٣ + ٣ + ٣) (فعـولن فعـولن فعـولن فعـولن) X٢ (موتـەقارەبی هەشتی تەواو– سالم)

١١ برگـە (٣ + ٣ + ٣ + ٢) (فعـولن فعـولن فعـولن فعـول) X٢ (موتـەقارەبی هەشتی مەقسوور)

١١ برگـه (٣ + ٣ + ٣ + ٢) (فعـولن فعـولن فعـولن فعـل) 2X (موتـەقارەبی هەشتی مەحزووف)

نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی موتەقارەب لە کوردیدا:

لـە دانـش یـەکێ بێـتو مایـەی نـەبێ
لـە فـەزلو هونـەردا چ پایـەی نـەبێ

(خادیم،٢، ١١٠)

حـەبیبی دڵـی مـن بـەهارێکی بـوو
کـە کۆچـی دڵـی مـن هـەوارێکی بـوو

(دەشتی ٨٢)

تـەماعم بـوو دونیـاوو عوقبـا بخـۆم
ئەمم چوو لـە دەستو ئـەوم بـۆ نـەهات

(حاجی ٥٥)

هـەوایی بـە سـەر نەسـیمی گوڵـشەنا
لـە سـەیری رەزان مـەحوە کـا عیللـەتم

(ئەسیری ١١٣)

دە سـاقی بـە حاجـەت رەزی لا نـزار
بـە زەردی خـەزانو بـە سـەوزی بـەهار

(قانیع ٣٢٣)

چ غەوغایـە ئیمـڕۆ لـە بـاغی گـوڵان
کـە سـولتانە بولبـول لـە بـاغی گـوڵان

(دەشتی ٦٦)

تەعامول سەفەر هەردو هەر وەك مەحەك
کـە زاهـیر ئەکـەن بـۆت سـیفاتی نیهـان

(خادیم،٢، ١١١)

مەکە مەردوم ئازاری هەرگیز بە خوو
حەزەرکە لە ئاهی شەوان‌و سەحەر

(خادیم،٢، ١١٠)

برێژە لە بارانی مەی سوبح‌و شام
زرەی ئیستیکان‌و جەلاجیلی جام

(قانیع ٣٣٤)

لە ئەسلا کە چونکە بەدە خیلقەتی
بە دەست خۆی نییە تاڵە ماهییەتی

(کەمالی ١٨٣)

هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن
لە بێ حورمەتیمان بوو حاجی هەڵات

(حاجی ٥٦)

برێژەو بگێڕەو بنۆشە شەراب
بە ناڵینی عوودو بە زیکەی روباب

(قانیع ٣٣٤)

لە سەر دەشتی میحنەت پەڕەی کردەوە
کەوانی بەڵالووکەیی پەیکەرم

(حاجی ٢٦٦)

لە دامێنی عومرت چ نوورێك عەیانە
لە ئاخیری شەودا سەفیدەی بەیانە

(سافی ٢٠٩)

بەڵالووکە دەرمانی دەردم دەڵێن
بە پارە وەگیر ناکەوێ بیکڕم

(حاجی ٢٦٦)

## هەشتەم: کێشی بەسیت:

کێشی بەسیت لە بازنەی یەکەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

(مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن  مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن)

واتە هەر دێرێکی هەشت پێیە (٤+٤). لە کوردیدا بە زۆری هەر بە هەشت پێی هاتووە. بەسیت لە کوردیدا، ٧ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین. بەسیت لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە (زیحافو عیللە) وەردەگرێ:

مستفعلن  ئیزالە  مستفعلان

خەبن  مُتَفْعِلن (مفاعلن)

تەی  مُسْتَعِلن (مُفْتَعِلن)

تەرفیل  مستفعلاتن

فاعلن  خەبن  فعلن

ئیزالە  فاعلان

١- بەسیتی هەشتی مەتوی موززال: (٢٨÷٢=١٤=٣،٤،٣،٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفعلن | فاعلن | مستفعلن | فاعلن |
| مەتوی | - | مەتوی | موززال |
| مستعلن | = | مستعلن | فاعلان |
| مفتعلن | فاعلن | مفتعلن | فاعلان |

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

مەتوی = مەتوی موززال

مُسْتَعِلن = مُسْتَعِلن فاعلان

مُفْتَعِلن فاعلن مُفْتَعِلن فاعلان

| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |
|---|---|---|---|
| -- U U -- | -- U -- | -- U U -- | -- U -- . |
| ٤ | ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |
|---|---|---|---|
| -- U U -- | -- U -- | -- U U -- | -- U -- . |
| ٤ | ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ برگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- موززال (فاعلان) وەکوو زەربەکەی.

٢- تەواو - سالم (فاعلن)

نموونە:

تازە ژ چاڤێت تە بەلکە مە هاتینە تیر

زولفی ب زنجیرو بەند گرتمو کرمە ئەسیر (پەرتۆ ٢٠٨)

شیکردنەوە:

تا/زە/ ژ/ چا// ڤێ/ت/ تە // بەل/کە/ مە/ ها// تی/نە/ تیر

-- U -- // -- U U -- // -- U -- // -- U U -- .

مُفْتَعِلن // فاعلن // مُفْتَعِلن // فاعلان

زول/فی/ ب/ زن// جی/رو/ بەند// گر/ت/مو/ کر//مە/ ئە/سیر

-- U -- // -- U U -- // -- U -- // -- U U -- .

مُفْتَعِلن // فاعلن // مُفْتَعِلن // فاعلان

نموونەیەك بۆ عەرووزی تەواو — سالم (فاعلن):

مەستو جنوونو سەیی دەفعە ل سەر// <u>وان قەلەم</u>

تەواو — سالم فاعلن

من دو ژ وانن نەسیب دەستی منو داڤی پیر (پەرتۆ ٢٠٨)

<u>ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن شییان بکەوە:</u>

مـــاتو پەشـــێوم نـــەما ســـەبرو قـــەارو شـــەکیب

چـــونکە عیلاجـــی نـــەبوو دەردی دڵـــی بـــێ تـــەبیب

(نالی٤١)

روتبـــەئێ پەروانـــەکی مەنـــسەبێ دیوانـــەکی

شـــوهرەتا بێگانـــەکی بـــوو ژ مـــەڕا دەســـتگیر

(پەرتۆ ٢٠٨)

ئـــاوی حـــەیاتی منـــە بۆســـەیی لێـــوی حـــەبیب

حـــاڵی مـــەماتی منـــە دیـــدەنی روویـــی رەقیـــب

(سالم ٤٥)

ئـەی بـوتی ئـەبرۆ کـەمان ئاشـوب‌و فتنـەی جیهـان
باعیـــسی ســـووتی دڵان قـــابزی رۆحـــی رەوان

(دلزار٢٨٠)

دەستی لـە روویـی گـەڵان خـست بـووە بـۆس‌وو کـەنار
زولفی رەشی سونبولان خـستیيە سـەروو رووی گـولان

(وەفایی ٣٨)

**٢- بەسیتی هەشتی مەتوی: (٢٨÷٢=١٤=٣،٤،٣،٤)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مستفعلن | فاعلن | مستفعلن | فاعلن |
| مەتوی | = | مەتوی | = |
| مُسْتَعِلن | = | مُسْتَعِلن | = |
| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |
| مستفعلن | فاعلن | مستفعلن | فاعلن |
| مەتوی | = | مەتوی | = |
| مُسْتَعِلن | = | مُسْتَعِلن | = |
| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |
| -- U U -- | -- U -- | -- U U -- | -- U -- |
| ٤ | ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مُفْتَعِلن | فاعلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |
| -- U U -- | -- U -- | -- U U -- | -- U -- |
| ٤ | ٣ | ٤ | ٣ |
| ١٤ | | | |

هەمووی ٢٨ برگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- تەواو - سالم (فاعلن) وەکوو زەربەکەی.

٢- موززال (فاعلان)

نموونە:

موغبەچەیێن مەیفرۆش هەر سەحەرێ تێن سەما

بادەخوران نۆش نۆش مانە ل دۆرێ جەما (جزیری ١٩)

شیکردنەوە:

موغ/بە/چە/یێن// مەی/ف/رۆش// هەر/ سە/حە/رێ// تێن/ سە/ما

-- U -- // -- U U -- // -- U -- // -- U U --

مُفْتَعِلن // فاعلن // مُفْتَعِلن // فاعلن

با/دە/خو/ران// نۆ/ش/ نۆش// ما/نە/ ل/ دۆ/رێ// جە/ما

-- U -- // -- U U -- // -- U -- // -- U U --

مُفْتَعِلن // فاعلن // مُفْتَعِلن // فاعلن

نموونە بۆ عەرووزی موززال (فاعلان):

گریە بە گوڕ دێتە خوار هەر وەکو عەی//نی بەهار

موززال فاعلان

خۆش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەرشاری من (نالی ٣٣٤)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

جـانو دلێ مـن ئـەوە حووروەشـیێ مـن ئـەوە

پادشـەهێ مـن ئـەوە ئـەز ل دەرێ وی گـەدا

(جزیری ٢٢)

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من

باری خودایا کە تۆ بگری سەبەبکاری من

(نالی ٣٣٣)

بینە ژ بۆ من تو گول عەنبەرو رێزانەنە

پێ چ بکەم خانە وەك مونیسو بتخانەنە

(پەرتۆ ٣٣٠)

مژدە لە تۆ (دەشتی)یا فکری قیاماتی کرد

قیبلەیی خاسو عەوام مەیلی ویسالت دەکا

(دەشتی ١١٧)

بالّی هوما سێبەری زولفی پەرێشانی ژن

نافەیی مشکی خەتا پەرچەمی ئەفشانی ژن

(ناری ٧٥)

**پوختـەی بڕگـەو پـێو دابەشبوونیان لـە قالبـە باوەکـانی کێشی بەسـیت لـە کوردیدا:**

١٤بڕگـە (٤ + ٣ + ٤ + ٣) (مفـتعلن فـاعلن مفـتعلن فـاعلان) ٢X (بەسـیتی هەشتی مەتوی موززال)

١٤ بڕگـە (٤ + ٣ + ٤ + ٢) (مفـتعلن فـاعلن مفـتعلن فـاعلن) ٢X (بەسـیتی هەشتی مەتوی)

**نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی بەسیت لە کوردیدا:**

دڵبـــەری عـــالی دەمـــاغ هەمقـــەدەمی ســـەروی بـــاغ
بێتـــە نەزەرگـــەی قـــەراغ دیـــدەیی جۆبـــاری مـــن

(نالی ٣٣٥)

یـاریَ کـو دی ئـەم گـەدا دەسـت ب دەسـتیَ مـە دا
ئـــەم ب ســـەمایی بـــڕین ڕەقـــسو ســـەما ژێ وەمـــا

(جزیری ٢٢)

شـــانە لـــە زولفـــت مـــەدە جێـــی دڵـــی ئاوارەیـــە
حەیفـە مەشـێوێنە سـا مەسـکەنی مـسکین غـەریب

(سالم ٤٥)

لێ ب تـــە بـــت ئاشـــنا دیَ ب دو ســـەد جـــانو دل
نینـــە نـــەبوو موتلـــەقا ئـــەو ژ خـــوە بێگانەنـــە

(پەرتۆ ٣٣٠)

زولفـــی لـــە دوو لا بـــەلا خـــەتتی چـــەلیپا نومـــا
نافییـــە بـــۆ ماســـیوا ناهییـــە بـــۆ هـــەر ســـەلیب

(ناری ٤١)

دامـــە ب دەســـتی ســـڕی جامـــا ژ ڕەنگـــیَ دوڕی
جەزبـــە گـــەها جـــانو دڵ پـــڕ شەوشـــاندن هـــەما

(جزیری ٢٣)

جـەمعی مەلـەك دێنـە دەر فەسـلی نەزاکـەت کـە دێ
گرپەیـی شـەوقوو بـەزم تەعزییـەیی غـەم دەکـا

(دەشتی ١١٧)

مەسـتو جنـوونو سـەیی دەفعـە ل سـەر وان قەلـەم
مـن دو ژ وانـن نەسـیب دەسـتی مـنو داڤـی پـیر

(پەرتو ٢٠٨)

بـاغی ئـیرەم روویـەتی مـشکی خـەتا موویـەتی
دیـدەیی جادوویـەتی رەهزەنـی یاروغـەریب

(ناری ٤٢)

زیـدی یـەکن یـەك بـە یـەك نـارو خـەس ئـاوو نمـەك
شـاهیدو عەهـدو وەفـا سـالمو سـەبرو شـەکیب

(سالم ٤٥)

روومـەتی رەخـشانە یـا مـاهی درەخـشانە یـا
لـەعلی بەدەخـشانە یـا لالـەیی لێـوی حـەبیب

(ناری ٤١)

فاختـەوو عەنـدەلیب بولبـولو کـەبكو هـەزار
هاتنە چەمەن کـەفزەنان خـۆش نەفـەسو نەغمـەخوان

(وەفایی ٣٨)

غـەیری لـەبت کـێ دەکـا چـارەیی دەردی دڵـم
نـەبزی مـنو دەردی مـن دوورە لـە فکـری تـەبیب

(سالم ٤٥)

ئـەی تەلـەفی گفـتو گـۆ جـامیعی کیـزبو درۆ
واعیزییـە ئیـشی تـۆ عاشـقییە کـاری مـن

(نالی ٣٣٦)

زولفی رەشـی سـونبولان خـستییە سـەرو رووی گـولان
ئایـەتی نـارد بـۆ دلان حـاجیبی لـەیلو نـەهار

(وەفایی ٣٨)

## نۆیەم: کێشی سەریع:

کێشی سەریع لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی لەناو بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

( مستفعلن مستفعلن مفعولات مستفعلن مستفعلن مفعولات ). واتە هەر دێڕێکی شەش پێیە (٣ +٣). لە کوردیدا بە زۆری بە شەش پێی هاتووە. سەریع لە کوردیدا، ٢ قالب واتە لقی جیاجیای هەیە: لێرەدا هەرە باوەکانیان وەردەگرین. سەریع لە کوردیدا ئەم گۆڕانانە (زیحافو عیللە) وەردەگرێ:

مستفعلن ئیزالە مستفعلان

تەی مُسْتعلن (مُفْتَعِلن)

مفعولات تەی + وەقف مَفْعُلاتْ (فاعلان)

تەی + کەشف مَفْعُلا (فاعلن)

١- <u>کێشی سەریعی مەتوی مەوقووف</u>: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

| | | |
|---|---|---|
| <u>مستفعلن</u> | <u>مستفعلن</u> | <u>مفعولات</u> |
| مەتوی | مەتوی | مەتوی + مەوقووف |
| مُسْتَعِلن | مُسْتَعلن | مَفْعُلاتْ |
| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |
| <u>مستفعلن</u> | <u>مستفعلن</u> | <u>مفعولات</u> |
| مەتوی | مەتوی | مەتوی + مەوقووف |
| مُسْتَعِلن | مُسْتَعِلن | مَفْعُلاتْ |
| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |

| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |
|---|---|---|
| -- U U --- | -- U U --- | -- U --- . |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلان |
|---|---|---|
| -- U U --- | -- U U --- | -- U --- . |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

**هەمووی ٢٢ بڕگەیە**

**دوو عەرووزی هەیە:**

**١- مەتوی مەوقووف (فاعلان) وەکوو زەربەکەی.**

**٢- مەتوی مەکشووف (فاعلن)**

**نموونە:**

**دل ژ عیلاجێ کو ب دەرکەت میزاج**

**دێ ژ لەبی نۆش عەتا بت عیلاج (جزیری ١٧٠)**

**شیکردنەوە:**

**دل/ ژ/ عی/لا// جێ/ کو/ ب /دەر// کەت/ می/زاج**

-- U -- // --- U U -- // --- U U --- .

**مُفْتَعِلن // مُفْتَعِلن // فاعلان**

**دێ/ ژ/ لە/بی// نۆ/ش/ عە/تا// بت /عی/لاج**

. --- U U --- // -- U U --- // -- U --

مُفْتَعِلن // مُفْتَعِلن // فاعلان

نموونه بۆ عەرووزی مەتوی مەکشووف(فاعلن)

من له غەمت رێگەیەکم// کەوته بەر

مەتوی مەکشووف فاعلن

خوانی بەهەشتەو سەفەری هەفت خوان (حاجی ٩٤)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

پەرچەم‌و فێسی کەچی تۆ ئەی جەوان

تـــاجی کەیانـــەو عەلـــەمی کاویـــان

(حاجی ٩٤)

سـککەیی شـیعرا مـە ب نـاڤێ تـە هـات

لـــەو ب عـــەیاری د جیهـــان دا رەواج

(جزیری ١٧٢)

سا چییە ئەی بت کە بلێی دەفعەیێ

انـــــە مـــــن عبادنـــــا الـــــصالحین

(دەشتی ١١١)

(ئیننـەهو مـین عیبادینەسـسا لـیحین)

تـیری مـوژەت بـۆ دڵـی ئەسـفەندیار

تـیری گـەزی رۆسـتەمی مازەنـدەران

(حاجی ٩٤)

ئاوینـــەیی جـــامی جیهـــانبینی جـــەم

بـــادەیی لەعلینـــە د جامـــا زوجـــاج

(جزیری ١٧٠)

## ٢-کێشی سەریعی مەتوی مەکشووف: (٢٢÷٢=١١=٣،٤،٤)

مستفعلن      مستفعلن      مفعولات

مەتوی      مەتوی      مەتوی + مەکشووف

مُسْتَعِلن      مُسْتَعِلن      مَفْعُلا

مُفْتَعِلن      مُفْتَعِلن      فاعلن

مستفعلن      مستفعلن      مفعولات

مەتوی      مەتوی      مەتوی + مەکشووف

مُسْتَعِلن      مُسْتَعِلن      مَفْعُلا

مُفْتَعِلن      مُفْتَعِلن      فاعلن

| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |
|---|---|---|
| --- U U -- | --- U U -- | --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

| مُفْتَعِلن | مُفْتَعِلن | فاعلن |
|---|---|---|
| --- U U -- | --- U U -- | --- U -- |
| ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | | |

هەمووی ٢٢ بڕگەیە

دوو عەرووزی هەیە:

١- مەتوی مەکشووف (فاعلن) وەکوو زەربەکەی

٢- مەتوی مەوقووف (فاعلان).

نموونە:

بەم روخ و لەب مەیلی گوڵستان مەکە

هەتکی گوڵ و غونچەیی خەندان مەکە (وەفایی ١٢٩)

شیکردنەوە:

بەم/ رو/خو/ لەب // مەی/لی/ گو/ڵس// تان/ مە/کە

--- U U --- // -- U U --- // -- U --

مُفْتَعلن // مُفْتَعِلن // فاعلن

هەت/کی/ گو/ڵو// غون/چە/یی/ خەن// دان/ مە/کە

--- U U --- // -- U U --- // -- U --

مُفْتَعِلن // مُفْتَعِلن // فاعلن

نموونە بۆ عەرووزی مەتوی مەوقووف (فاعلان):

جانی عەزیزم بە سەری // زولفی خاو

مەتوی مەکشووف فاعلان

یووسفی دڵ چیدی لە زیندان مەکە (وەفایی ١٢٩)

ئەم دێرە شیعرانەیش لە سەر هەمان قالبەکێشن، شییان بکەوە:

راپەرە وەك شێرو شکارێ بکە

یەعنی هەتا فورسەتە کارێ بکە

(فانی ٢٩)

گوڵ شەکەری زارو عوزاری دەوێ

تیفلی دڵم حەیفە لە گریان مەکە

(وەفایی ١٢٩)

ڕوو لـە تەفـەننون کـە نـەزانیت نـەویٚ
یـاری بـەدو جـاهیلی جانیـت نـەویٚ

(فانی ٢١)

ڕووحـم فیـدای نـووری زیـا چـاوەکەم
لە عیشقی تـۆ چـوومە چیا چاوەکەم

(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ١٠١)

سـستی درەختێکـە بـەری لا نییـە
لاتـی بناغـەی خەفـەتو ماتییـە

(فانی ٢٩)

پوختـەی برگـەو پـێو دابەشبوونیان لـە قالبـە باوەکـانی کێشی سـەریع لـە کوردیدا:

١١ برگە (٤+ ٤ + ٣) (مفتعلن مفتعلن فـاعلان) 2X (سـەریعی هەشـتی مـەتوی مەوقووف)

١١ برگە (٤+ ٤ + ٣) (مفتعلن مفتعلن فـاعلن) 2X (سـەریعی هەشـتی مـەتوی مەکشووف)

نموونەی گشتی بۆ قالبە باوەکانی کێشی سەریع لە کوردیدا:

ژینی بەشـەر فـەخرە لەگـەڵ عـیلمو فـەن
بولبولـە زانـاوو زەمـین وەك چـەمەن

(فانی ٢١)

سەبرو سکوون چوونە مـە نـیف دەجلـەدا
لـەو ژ دو چـەشمان مـە درژێـت ئـابی نیـل

(جزیری ٣٤٥)

جـانی عـەزیزم بـە سـەری زولفـی خـاو
یووسـفی دڵ چـیدی لـە زینـدان مەکـە

(وەفایی ١٢٩)

ژافـــیێ حـــەیاتیێ ب مـــەدا شـــەربەتەك
زینـــدە کـــرین مـــا ژ عـــەدوورا نەشـــاج

(جزیری ١٧١)

راکـە لـە بـەر یـاری نـەزان میـسلی بـا
تا کە لـە بـەر بـای دەڵەسـەی نەبییـە کا

(فانی ٢٨)

فرقـــەتی تـــۆ لەشـــکری ئێرانییـــە
ســـەبری منـــیش لەشـــکری توورانیـــان

(حاجی ٩٤)

جەژنـەیی رووحو جەسـەدم مـاهی دیـن
قیـــل ادخلـــوا النـــار مـــع الـــداخلین

(دەشتی ١١١)

(قیلەدخولوننارە مەعەدداخیلین)
ئەی عەلەمی سوورو سپیو سـەوزو رەش
دیـدەیی میللـەت بـە تەماشـاتە گـەش

(زێوەر ١٢٢)

لـەو ژ لـەبێ لـەعلی تـە جام بـوو خـەجل
بـادەیی ئـەنگووری کوجـا سەلـسەبیل

(جزیری ٣٤٤)

حـالّی وەفـایی گولّـە بـا تێـك نەچـێ
سـونبولی ژوولیـدە پەرێـشان مەکـە

(وفایی ١٢٩)

گولّـشەکەری زارو عـوزاری دەوێ
تیفلـی دلم حەیفـە لـە گریـان مەکـە

(وەفایی ١٢٩)

غەفلّـەتو بێکارییـە تـۆی کـردە لات
لاتییـە تـۆی کـردە بـەلآ بـۆ ولآت

(فانی ٢٨٩)

رۆحـی منـە حاریـسە بـۆ سـێبەرت
لەنجـەیی تـۆ جیلـوەیی تۆیـە تـەمیز

(زێوەر ١٢٢)

خوسرەوی شیرینی ل دەر بەندی حوسن
سـیمبەران لازمـە لێ مـوهرو بـاج

(جزیری ١٧٢)

حاجییە فیردەوسییی کورد سا ئەتۆش
گوێ وەکوو مەحموود مەدە قەولی بەدان

(حاجی ٩٥)

# پوخته

ژمارەی قالب (لق )ەکانی ئەو کێشانەی لە پێشەوە باس کراون بەم جۆرەیە:

کێشی هەزەج (١٠)، کێشی رەمەل (٨)، کێشی موزاریع (٤)، کێشی رەجەز (٤)، کێشی خەفیف (٤)، کێشی موجتەس (٤)، کێشی موتەقارەب (٣)، کێشی بەسیت (٢)، کێشی سەریع (٢).

هەمووی نۆ کێشو (٤٩)و قالب (لق)ە کێش.

<u>پوختەی برگەو پێو دابەشبوونیان لە قالبە باوەکانی کێشی عەرووزیی کوردیدا:</u>

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان)2X (هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)2X (هەزەجی هەشتی تەواو – سالم)

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان)2X (رەجەزی هەشتی موزال)

١٦ برگە (٤+ ٤+ ٤ +٤) (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)2X (رەجەزی هەشتی تەواو – سالم)

١٦ برگە (٤ + ٤+ ٤ +٤) ( مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن)2X (رەجەزی هەشتی مەخبوون)

١٦ برگـه (٤ + ٤+ ٤ +٤) ( مفـتعلن مفـاعلن مفـتعلن مفـاعلن)٢X (رەجـەزی هەشتی مەتوی مەخبوون)

١٥ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلان)٢X (رەمـەلی هەشتی مەقسوور)

١٥ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلن)٢X ( رەمـەلی هەشتی مەحزووف)

١٥ برگه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتـن فعـلان)٢X (رەمـەلی هەشـتی مەخبوونی مەقسوور)

١٥ برگه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فعلاتـن فعلاتـن فعلـن)٢X (رەمـەلی هەشـتی مەخبوونی مەحزووف)

١٥ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (مفـاعلن فعلاتـن مفـاعلن فعـلان)٢X (موجتەسـی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)

١٥ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٣) (مفـاعلن فعلاتـن مفـاعلن فعلـن)٢X (موجتەسـی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)

١٤ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٢) (مفـاعلن فعلاتـن مفـاعلن فـع لان)٢X (موجتەسـی هەشتی ئەصلەم موسەببەغ)

١٤ برگـه (٤+ ٤+ ٤ +٢) (مفـاعلن فعلاتـن مفـاعلن فـع لـن)٢X (موجتەسـی هەشتی ئەصلەم

١٤-برگـه (٣ + ٤+ ٤ + ٣) (مفعـول مفاعيـل مفاعيـل فعـولان)٢X (هـەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور)

١٤ برگه (٣ ٤ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن)٢X (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)

١٤ برگـه ( ٣+ ٤+ ٣ +٤) (مفعـول مفـاعيلن مفعـول مفـاعيلان)٢X (هـەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ)

١٤ برگـه (٣ + ٤+ ٣ +٤) (مفعـول مفـاعيلن مفعـول مفـاعيلن)٢X (هـەزەجی هەشتی ئەخرەب)

١٤ برگه (٤+ ٤+ ٤ +٢) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)٢X ( رەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ)

١٤ برگه (٤+ ٤+ ٤ +٢) (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فـع لـن)٢X (رەمـەلی هەشـتی مەخبوونی ئەصلەم)

١٤ برگه (٣ +٤ + ٣ +٤) (مفعول فاع لاتـن مفعـول فـاع لاتـان)٢X (مـوزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ)

١٤ برگـه ٣+ ٤+ ٣+٤) (مفعـول فـاع لاتـن مفعـول فـاع لاتـن)٢X (مـوزاریعی هەشتی ئەخرەب)

١٤ برگــه (٣+ ٤+ ٤ +٣) (مفعــول فــاع لات مفاعيــل فــاعلان)٢X(مــوزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور)

١٤ برگه (٣+ ٤ +٤ +٣) (مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن)٢X( موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)

١٤برگە (٤ + ٣ + ٤ + ٣) (مفـتعلن فـاعلن مفـتعلن فـاعلان) ٢X (بەسـیتی هەشتی مەتوی موزال)

١٤ برگە (٤ + ٣ + ٤ + ٣) (مفـتعلن فـاعلن مفـتعلن فـاعلن) ٢X (بەسـیتی هەشتی مەتووی)

١٢- برگە (٣ + ٣ + ٣ + ٣) (فعولن فعـولن فعـولن فعـولن) ٢X (موتـەقارەبی هەشتی تەواو)

١١ برگـە (٤ + ٤ + ٣) (مفـاعیلن مفـاعیلن فعـولان)٢X (هـەزەجی شەشـی مەقسوور)

١١ برگـە (٤ + ٤ + ٣) (مفـاعیلن مفـاعیلن فعـولن)٢X (هەزەجـەی شەشـی مەحزووف)

١١ برگه (٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)٢X (رەمەلی شەشی مەقسوور)

١١ برگه (٤+ ٤ +٣) (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)٢X (رەمەلی شەشی مەحزووف)

١١ برگـە (٣ + ٣ + ٣ + ٢) (فعـولن فعـولن فعـولن فعـول) ٢X (موتـەقارەبی هەشتی مەقسوور)

١١ برگـە (٣ + ٣ + ٣ + ٢) (فعـولن فعـولن فعـولن فعـل) ٢X (موتـەقارەبی هەشتی مەحزووف)

١١برگه (٤+ ٤ + ٣) (مفتعلن مفتعلن فاعلان) ٢X (سەریعی هەشتی مەتوی مەوقووف)

١١برگه (٤+ ٤ + ٣) (مفتعلن مفتعلن فاعلن) ٢X (سەریعی هەشتی مەتوی مەکشووف)

١١ برگه (٤+ ٤+ ٣) (فاعلاتن مفاعلن فعلان)٢X ( خەفیفی شەشی مەخبوونی مەقسوور)

١١ برگه (٤+ ٤+ ٣) (فاعلاتن مفاعلن فعلن)٢X ( خەفیفی شەشی مەخبونی مەحزووف)

١٠ برگه (٣ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعلن فعولان)٢X (هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور)

١٠ برگه (٣ + ٤ + ٣) (مفعول مفاعلن فعولن)٢X (هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف)

١٠ برگه (٤+ ٤+ ٢) (فاعلاتن مفاعلن فع لان)٢X ( خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەصلەم موسەببەغ)

١٠ برگه (٤+ ٤+ ٢) (فاعلاتن مفاعلن فع لن)٢X ( خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەصلەم).

# نموونەی گشتی

لە سەر هەموو قالبە (لقە) باوەکانی کێشی عەرووزیی لە کوردی:

رەببـــی مـــووی لێ بـــێ زمـــانی پەنجـــەکانی هـــەڵوەرێ

هـەر کەسـێ گوڵـشەن بـە دەردی کوڵخـەنی دۆزەخ بـەرێ

( حەمدی ٨٦)

شەو دێ لە عومرم کەم دەبێ رۆژ دێ لە عومرم کـەم دەبـێ

ئەز خـۆفی وی ئافـەت دەبـێ جـا چـۆن دڵـم پـڕ غـەم نـەبێ

(ئە. کۆر ٢٧٣)

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کـا لـە راسـتی مووچـەخۆری خـۆی

سـوراحی سـەرفرۆدێنێ لـە بـۆ پیاڵـە کـە تێکـا بـۆی

(پیرەمێرد ٧٢)

جودابـــوون ژەڤ رح‌و قالـــب د عـــشقا بولبـــول‌و گولـــدا

د نـەزما نووبـەهار دیـسا تـەنێ عـشقا مـە غـەددار بـەس

(داهی ٤٨٩)

ســـێ ســـاڵە ژ دەردێ تـــە غـــەم‌و تـــەعلی دبـــارن

مـــا هێـــژ تـــو نزانـــی ژ برینـــا دکـــەلم ئـــەز

(بریفکانی ٩٢)

بکێشە دەستی دل جارەك ب سەد ناز
ل سحریٚ وی هەمی مەککاری تەنناز

(پەرتۆ ٢٢٢)

کە شادی دوژمن و غەم دۆستە یاران
جەفا یارو وەفا ئەغیارە بێ تۆ

(صافی ١٩٢)

وەی کە رووزەردی مەدینەو رووسیاهی مەککە خۆم
دەرکراوو دەر بە دەر یا رەب دەخیلی عەفوی تۆم

(نالی ٦٥)

ئەی شوکری تە جەوهەرا زەبانی
وەی زیکری تە سەیقەلا جەنانی

( خانی، ١، ٦)

کەس نەما مەهدەر بکت ئیرۆ ل حالێ تە دەلیل
مەلجەئێ عیشق و عوشاقان ئەو رەبێ تم باقییە

(داهی ٧٦)

بۆ رەفوو کردنی چاکی دەمی شمشیری برۆ
موژە تەڕ دەستە لە دلّما وەکوو سوژن لە حەریر

(سالم ٦٨)

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە
نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یا سێبەرییە

(نالی ١١٢)

زالمـــی دڵڕەقـــی روو گـــرژی موســـولمان ئـــازار
هــەر بــە ئیزایــە کــە رەنگــی بگەڕێتــە روخــسار

(مەحوی٣٣٧)

چــەند هــەزارێکی ئــەتۆ ســاڵی لــە برســا دەمــرێ
ســەد ئەوەنــدەش جگــەری رێــڕەوی گــەرما دەبــڕێ

(ئەسیری ٢٧٥)

بــێ لــەبت شــاد نــین بــە سەرچــەشمەی حــەیات
دەردی تــــۆ نـــادەم بـــە دەرمـــانی حـــەکیم

(سالم ٨٨)

ئــــەو زەمـــانی بوونـــە ئـــاردی نێـــو درك
پارەیــــەك ناکــــا دو ســــەد جــــار بێتــــە رك

(حاجی٢٠٧)

نــاری ســـینەم گـــەر نـــەبێ غـــەرقم ئـــەمن
ئـــاوی چـــاوم گـــەر نـــەبێ ســـووتاومەز

(نالی ٢٢٢)

ئــەی قیبلــەیی مــرادان ئــاخۆ بــە رۆژگــاران
پرسـیوتە قـەت لـە هـیچ کـەس حـاڵی غـەریبی تـاران

(سالم ٨٩)

هوستایی عیشقێ دل فەهۆت سەر تا قـەدەم هنگـی دصۆت
رەمـزا ئەنەلحـەق هـەر دگـۆت بـاوەڕ بکـەن مەنـسوورە دل

(جزیری ٣٥٣)

دڵ پـــەی دەکــا نیگــاهی ســـەهمی مــوژەی ســـییاهی
رەمـــزی هـــەموو بەڵایـــە غـــەمزی هـــەموو موســـیبە

(نالی ٣٩٧)

قوربـــان مەحالـــە پێکـــەوە بـــن ســـەبرو ئیـــشتییاق
خـــاریج لـــە نەســـــی ئایەتـــە تـــەکلیفی لایوتـــاق

(نالی ٣٤٨)

شـــاخانی ئـــەورووپا بـــە فیـــدای ئـــەم مەقامـــە بـــن
هـــەر مـــەنزەرەی تەبیعییەکـــەی مـــەحوەکا کـــەدەر

(زێوەر ١٦)

مـاوەر کـە تـەرح‌و پـشکووان جیرانـی بـەرگ‌و لوولـووان
ئەو عەرعەرو سەلوا جوان شـەتری ب مەسـتی لێ خوشـین

(جزیری ٣٩٠)

نەفحە بدا لە عەتری زولف لەو دەمـە بـۆ دەمـاغی خوشـك
تەپڵە بە تەپڵە مشك بە مـشك نافـە بـە نافـە بـوو بـە بـوو

(سالم ١١٢)

ئـــەی خـــیرەد تـــو خـــووا لـــە دڵ دەرچـــۆ
دڵ نـــــەماوە لـــــە فیرقـــــەتی دڵـــــدار

(سالم ٥٩)

مـــــن کەســـــێکم زەمانـــــەیی ناکـــــەس
دایبڕیـــــوم لـــــە قـــــەوم‌و قیلـــــەو کـــــەس

(حاجی ٢١٠)

لە وەختی عالەمی ئەرواحەوە هەتا ئێستا
سەفەر ئەکەم نەگەیشتم بە مەنزیلی دڵدار

(حەریق ٢٥)

نەزەر لە گۆشەیی چاوی لە خاکی تیرە بکا
بە نووری تەربیە ئەیکا بە کیمیا دەرویش

(خادیم،١، ١٤٨)

لە سەر دەشتی میحنەت پەڕەی کردەوە
کـــــەوانی بەلالووکـــــەیی پەیکـــــەرم

(حاجی ٢٦٦)

بێـــــژەنی چـــــاهی زەقـــــەنی تۆیـــــە دڵ
راهـــــی نـــــەجاتی فەلـــــەک و ڕێـــــسمان

(حاجی ٩٤)

# چەند سەرنجێکی گشتی

* ئەم کێشانەی لێرەدا باس کراون بە گوێرەی زنجیرەی ناو بازنەکانەوە نەهاتوون. بە پێی زۆر بە کار هاتنیان لە کوردیدا، ریز کراون.

* کێشەکانی تر بۆیە باس نەکراون چونکە یان لە کوردیدا نین یان هەن و بە کەمی و دەگمەنی بە کار هاتوون.

* کێشی هەزەج و کێشی رەمەل بە رادەیەکی گەلێ زۆر لە شیعری کوردیدا بە کار هاتوون. هەموو شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەم دوو کێشەیان بە کار هێناوە کە لە هەموو کێشەکان باوترن و بە هەردووکیان نزیکەی (٨٧٪)ی شیعری کوردیان پێ نووسراوە.

* ئەم کێشانەی لێرەدا باس کراون هەموو لقەکانیان باس نەکراوە. تەنیا لقە باوەکانیان باس کراوە.

* بۆ هەر قالبە کێشێك (٥) نموونەو بۆ هەر کێشێك (١٥) نموونەو بۆ هەموو کێشەکان (٣٠) نموونە بۆ مەشق و راهێنانان دراوە.

* لە هەموو لقە کێشە مەخبوونەکاندا، بە تایبەتی لە لقە مەخبوونەکانی رەمەل و موجتەس و خەفیفدا، وا دەبێ لەتێکیان برگەیەك کەمتر بێ لە لەتەکەی تر. بەم جۆرە:

جیاوازییەکە هەمیشە لە (فاعلاتن)ی کۆتایی لەتەکاندا دەردەکەوێ. واتە لە عەرووزو زەربدا. ئەگەر عەرووز ئەصلەم (فع لن) یان ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) بێ و لە هەمان دێردا زەرب مەخبوونی مەحزووف (فعلن) یان مەخبوونی مەقسوور (فعلان) بێ، سەدر برگەیەکی کەمتر دەبێ لە عەجز. ئەگەر عەرووز مەخبوونی مەحزووف (فعلن) یان مەخبوونی مەقسوور (فعلان) بێ و لە هەمان دێردا زەرب ئەصلەم (فع لن) یان ئەصلەم موسەببەغ (فع لان) بێ سەدر برگەیەك زیاتر دەبێ

لە عەجز.(بۆ زانیاری زیاتر لەم دیاردەیەوە بڕوانە: (عەزیز گەردی، نایەکسانی بڕگەیی لە سەدرو عەجزی هەندێ کێشی عەرووزیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ( ١٣)ن ٢٠٠١)

* لە زۆر بە کارهێنانی چوار قالب (لق)ە کێشدا، هەزەجو رەمەل پێچەوانەی یەکترن. هەزەجی هەشتی موسەببەغو هەزەجی هەشتی تەواو لە کوردیدا زۆر بە کار هاتوونو هەزەجی هەشتی مەقسووررو هەزەجی هەشتی مەحزووف کەم بە کار هاتوون. کەچی رەمەلی هەشتی مەقسووررو رەمەلی هەشتی مەحزووف زۆر بە کارهاتوونو رەمەلی هەشتی مومەسەببەغو رەمەلی هەشتی تەواو کەم بە کار هاتوون.

* لە مەسنەویاتدا، کە سەرواکانی دوو لەت دوو لەت بە یەکەوە دێن، عەرووزو زەربی موسەببەغو تەواو، موزالو تەواو، مەقسووررو مەحزووف، مەقتووعو مەحزووف لە یەك هۆنراوەدا بە کار دێن. بۆ نموونە وەکوو مەمو زینی خانیو وەرگێڕانەکەی هەژار، کێشەکەی لە نێوان هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسووررو هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووفدایە.

* کێشی رەجەز لە شیعری زاری کرمانجی باکوور زیاتر بە کار هاتووە بە بەراورد لەگەڵ شیعری زاری کرمانجی ناوەڕاست.

* جێی سەرنجە کێشی موجتەس، کە تا رادەییەکی باش لە شیعری زاری ناوەڕاستی کوردیدا هاتووە، لە شیعری زاری باکووردا نەکەوتۆتە بەر چاو.

# بەشی سێیەم

# کێشی ژمارەیی لە شیعری کوردیدا

لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی برگەکانی دێرە شیعرو دابەشبوونیان بە سەر پێدا دەکرێ. گوێ بە جۆری برگە (کورتیو درێژی)و چۆنیەتی ریزبوونیان نادا. ئەمە کێشی رەسەنی کوردییە. هەموو شیعری میللی کوردی بەم جۆرە کێشە گوتراوە. هەروەها نزیکەی هەموو شیعری زاری گۆران بەم جۆرە کێشە نووسراوە. جگە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەوارییو چیرۆکە ئایینییەکان.

لە کێشی ژمارەییدا ، حیساب تەنیا بۆ لەتێك دەکرێ. چەند پێیەو پێیەکان چەند برگەیین کەچی لە کێشی عەرووزیدا ، وەکوو دیمان حیساب بۆ هەردوو لەت دەکرێ. پێی کێشی ژمارەیی بە ژمارەی برگە دیارە دەکرێ نەك وەکوو پێی عەرووزی کە بە کێشی تایبەتی دیاری دەکرێو پێیەکانی لە (فعل)ی عەرەبی وەردەگیرێ. پێیەکانی کێشی ژمارەیی کوردی ژمارەیان کەمە. تەنیا سێ پێی سەرەکی هەن. ئەم جۆرە کێشە هەندێ کەس پێی دەڵێن (کێشی برگەیی)و هەندێکی تر پێی دەڵێن (کێشی خۆماڵی).

لەوانەی باسی ئەو جۆرە کێشەیان کردووە، وتارەکەی جگەر خوێن لە هەموویان سەرنجکێشترە (گۆڤاری هاوار ژمارە ٢٢ سالی ٢ ، ١٩٣٣). جگەر خوێن هەوڵی داوە هەندێ زاراوەی تایبەتی دابنێ. ئەو بۆ لەتە شیعر زاراوەی (گاڤ)و بۆ برگە (موڤك)ی داناوەو هەوڵی داوە ناوی تایبەتی بۆ کێشەکان دابنێو ناوەکانی لە جۆری ئەسپەوە وەرگرتەوە. وەکوو:

ئەسپی چەلەنگ دوو لەتی پێنجییە، ئەسپی لاغر دوو لەتی شەشییە (ئەمە لە راستیدا دوو پێی سێییە)، ئەسپی سڤك دوو لەتی حەفت برگەییە ( لە راستیدا

دوو پێیە: چواری‌و سێیی)، ئەسپی رەوان دوو لەتی هەشت بڕگەییە ( لە راستیدا دوو پێی چوارییە) چونکە لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی لەتێك دەکرێ نەك هەردوو لەت.

پێیە سەرەکییەکانی کێشی ژمارەیی کوردی:

١- پێی سێ بڕگەیی

٢- پێی چوار بڕگەیی

٣- پێی پێنج بڕگەیی

پێیە ناسەرەکییەکانی کێشی ژمارەیی کوردی:

تەنیا دوو پێی ناسەرەکی هەن:

١- پێی یەك بڕگەیی

٢- پێی دوو بڕگەیی.

ئەم دوو پێیە ناسەرەکییە تەنیا لە شیعری ئازاددا دەردەکەون‌و زۆر بە کەمیش. بە تایبەتی پێی یەك بڕگەیی هەر زۆر بە دەگمەن دەردەکەوێ.

چەند پێیەك لە سێ پێیە سەرەکییان خۆیان دەدەنە پاڵ یەکترو لەتە دێر پێك دێنن.

ئەمەیش گرنگترین کێشی ژمارەیی شیعری کوردی‌و ژمارەی پێ‌و بڕگەکانیان.

کێشی ژمارەیی کوردی بە پێی جۆری پێیەکانی لەتە شیعر سێ جۆرە:

١- کێشی ساف

٢- کێشی تێکەڵاو

٣- کێشی دەوری

## یەکەم: کێشی ساف:

کێشی ساف لە دووبارەبوونەوەی یەك جۆرە پێ دروست دەبێ:

<u>١- پێی سێ بڕگەیی:</u>

ئەم پێیە چەند جارێك لە لەتە دێرێك دووبارە دەبێتەوەو بە گوێرەی ژمارەی پێیەکانی لەتە دێرەکە کێشی جیا جیا دروست دەکا. بەم جۆرە:

<u>ئەلف- دوو پێی سێ بڕگەیی:</u>

نموونە:

هاڤینا دلێ من    ئاڤا سار دخوازە (ك. بەدرخان ل٣٧)

شیکردنەوە:

ها/ڤی/نا//د/ل/ێ من

١ /٢/ ٣  //١ /٢/ ٣

ئا/ڤا/ سار// د/خوا/زە

١  /٢/ ٣  // ١ /٢/ ٣

ئەم دێرە شیعرە هەر لەتێکی دوو پێی سێ بڕگەییە، واتە ژمارەی بڕگەکانی ٦ بڕگەیە:

٦ = ٣ + ٣

<u>ب- سێ پێی سێ بڕگەیی:</u>

نموونە:

ئەسووتاو شەوقێکی زەردباوی

ئەدا لە ڕوخســـاری غەمگینی (شێرکۆ)

شیکردنەوە:

ئە/سوو/تاو// شەو/قێ/کی// زەرد/با/وی

١ / ٢ / ٣ // ١ /٢/ ٣ // ١/ ٢ /٣

ئە/دا /لە// ڕوخ/سا/ری// غەم/گی/نی

١ / ٢ / ٣ // ١ /٢/ ٣ // ١/ ٢ /٣

ئەم دێرە شیعرە هەر لەتێکی سێ پێی سێ بڕگەییە، واتە ژمارەی بڕگەکانی ٩ بڕگەیە.

٩ = ٣ + ٣ + ٣

<u>ج- چوار پێی سێ بڕگەیی:</u>

نموونە:

قژ کـــاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگـــا کـــاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ (گۆران )

شیکردنەوە:

قژ/ کا/ڵی// لێو/ ئا/ڵی// پر/شن/گی// نی/گا /کاڵ

١ / ٢ / ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢ / ٣

ئەی/ ك/چە// جوا/نە/کەی// سەر/ گۆ/نا// نەخ/تیٚ/ ئالّ

١ / ٢ / ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢ / ٣

هەر لەتێکی چوار پێی سێ برگەییە، واتە ژمارەی برگەکانی ١٢ برگەیە

٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ١٢

پوختەی کێشە سافەکانی پێی سێ برگەیی:

١- دوو پێیی (٦ = ٣ + ٣)

٢ - سێ پێیی (٩ = ٣ + ٣+ ٣)

٣ - چوار پێیی (١٢ = ٣ + ٣+ ٣ + ٣)

٢- <u>پێی چوار برگەیی:</u>

ئەم پێیە چەند جارێك لە لەتە دێرێك دووبارە دەبێتەوەو بە گوێرەی ژمارەی پێیەکانی لەتە دێرەکە کێشی جیا جیا دروست دەکا. بەم جۆرە:

<u>ئەلف- یەك پێی چوار برگەیی:</u>

نموونە:

دارو چیا        نەما گیا (ك. یەدرخان)

شیکردنەوە:

دا/رو/ چ/یا

١ / ٢ / ٣ /٤

نە/ما/ گ/یا

١ / ٢ / ٣ / ٤

هەر لەتێکی یەك پێی چوار بڕگەییە، واتە ژمارەی بڕگەکانی ٤ بڕگەیە.

٤ = ٤

ب- دوو پێی چوار بڕگەیی:

نموونە:

لە ژێــرزەردەی خۆرەتــاوا

بە ناو چیمەنی گوێ ئاوا (گۆران)

شیکردنەوە:

لە/ ژێر/زەر/دەی// خۆ/رە/ت/اوا

١/ ٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢ ٣/ / ٤

بە/ ناو/ چی/مە//نی/ گوێ/ ئا/وا

١/ ٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢ ٣/ / ٤

هەر لەتێکی دوو پێی چوار بڕگەییە، واتە ژمارەی بڕگەکانی ٨ بڕگەیە.

٨ = ٤ + ٤

ج- سێ پێی چوار بڕگەیی:

نموونە:

بڵێن بە یار بڵێن بە یــار یــاری نــازدار

سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار منی هەژار (گۆران)

شیکردنەوە:

ب/ڵێن/ بە/ یار // ب/ڵێن/ بە/ یار// یا/ری/ ناز/دار

١ /٢/ ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤

سەد/ هە/زار/ جار// خۆز/گەم/ بە/ پار// م/نی// هەژار

١ /٢/ ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣/ ٤ // ١ / ٢/ ٣/ ٤

هەر لەتێکی سێ پێی چوار برگەییە، واتە ژمارەی برگەکانی ١٢ برگەیە.

١٢ = ٤ + ٤ + ٤

د- چوار پێی چوار برگەیی:

نموونە:

ڕێگـــەم بـدە دابیهێنم چەپکـــە خـــەمی پەرچەمی تۆ

دەرونی من پڕ لە عیشقە خۆم ئەکەم بە هاوخەمی تۆ (ح. قەرەداغی)

شیکردنەوە:

ڕێ/گەم/ ب،دە// دای/ب/هێ/نم// چەپ/کە/ خە/می// پەر/چە/می/ تۆ

١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤

دە/روو/نی/ من// پڕ/ لە/ عیش/قە// خۆم/ ئە/کەم/بە// هاو/خە/می/ تۆ

١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤ // ١ /٢/ ٣/ ٤

هەر لەتێکی چوار پێی چوار برگەییە. واتە ژمارەی برگەکانی ١٦ برگەیە.

٤+ ٤+ ٤ + ٤ = ١٦

پوختەی کێشە سافەکانی پێی چوار برگەیی:

١- یەك پێیی (٤ = ٤)

٢- دوو پێیی (٨ = ٤ + ٤)

٣- سێ پێیی (١٢ = ٤ + ٤ + ٤)

٤- چوار پێیی (١٦ = ٤ +٤ + ٤ +٤)

٣- پێی پێنج برگەیی:

ئەم پێیە چەند جارێك لە لەتە دێرێك دووبارە دەبێتەوەو بە گوێرەی ژمارەی پێیەکانی لەتە دێرەکە کێشی جیا جیا دروست دەکا. بەم جۆرە:

ئەلف – یەك پێی پێنج برگەیی:

نموونە:

من باژارِ ناڤێ بەس لێڤا ئاڤێ (ك. بەدرخان)

شیکردنەوە:

من/ با/ژارِ/ نا/ڤێ / بەس/ لێ/ڤا/ئا/ڤێ

١ /٢/ ٣ / ٤ ٥ / ١ /٢/ ٣ / ٤ / ٥

هەر لەتێکی یەك پێی پێنج برگەییە. واتە ژمارەی برگەکانی پێنج برگەیە.

٥ = ٥

ب- دوو پێی پێنج بڕگەیی:

نموونە:

گـــول چون رووی نەزاکـــەت پۆشـــــان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان (مەولەوی)

شیکردنەوە:

گوڵ/ چون/ رووی/ ئا/زیز// نە/زا/کەت/ پۆشان

١ / ٢ / ٣ / ٤ /٥ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ /٥

وەف/را/وان/چون/ سەیل//دی/دەی/ من/جۆشان

١ / ٢ / ٣ / ٤ /٥ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ /٥

هەر لەتێکی دوو پێی پێنج بڕگەییە. واتە ژمارەی بڕگەکانی ١٠ بڕگەیە.

١٠ = ٥ + ٥

ئەم کێشە لە هەموو کێشە ژمارەییەکانی کوردی باوترەو لە هـەموو یـان زیـاتر لە شـیعری سـتوونی بـە کـار هـاتووە. نزیکـەی هـەر هـەموو شـیعری زاری گـۆران و زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شـیعرییەکان و شـیعری میللـی بـەم کێـشە نووسـراون بۆیە ئەم کێشە بە (کێشی نەتەوایەتی کوردی) دادەنرێ.

ج- سێ پێی پێنج بڕگەیی:

نموونە:

توزقـــاڵێ زێڕی زەردو ســـاردو ســـڕ خودا پێی داوە

لەم ناو باخەدا چیمەنی سینەی بۆ ڕێك خراوە (ح. قەرەداغی)

شیکردنەوە:

توز/قا/لێ/ زێ/ڕی// زەر/دو/ سار/دو/ سڕ// خو/دا پێی/ دا/وە

١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥

لەم/ ناو/ با/خە/دا// چی/مە/نی/ سی/نەی// بۆ/ ڕێك/ خ/را/وە

١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥

هەر لەتێکی ئەم دێرە شیعرە سێ پێی پێنج بڕگەییە. واتە ژمارەی بڕگەکانی ١٥ بڕگەیە.

١٥ = (٥ + ٥ + ٥)

پوختەی کێشە سافەکانی پێی پێنج بڕگەیی:

١- یەك پێی (٥ = ٥)

٢- دوو پێیی (١٠ = ٥ + ٥)

٣- سێ پێیی (١٥ = ٥ + ٥ + ٥)

## دووەم: کێشی تێکەڵاو

کێشی تێکڵاو لە دوو پێ دروست دەبێ هەر یەکە جۆرە پێیەکە. یان لە سێ چوار پێ دروست دەبێ پێیەکیان یەك جار دێو پێیەکانی تر دوو سێ جار دێن.

ئەلف– پێیەکی چوار برگەییو پێیەکی سێ برگەیی:

نمونە:

جەژنی دارو درەختە

کۆتایی رۆژی سەختە (هەوری)

شیکردنەوە:

جەژ/نی/ دا/رو// د/رەخ/تە

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

کۆ/تا/یی/ رۆ// ژی/ سەخ/تە

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

هەر لەتێکی ئەم دێرە لە دوو پێ پێك هاتووە. پێیەکی چواریو پێیەکی سێیی. واتە ژمارەی برگەکان ٧ برگەیە.

٧ = ٤ + ٣

ب – دوو پێی چوار بڕگەیی و پێیەکی سێ بڕگەیی:

نموونە:

ئەی شەوەکەی بێ ترووسکەی دڵتەنگی

کوا تریفەی زەردەخـــەنەی هـــاودەنگی (جەمال شارباژێڕی)

شیکردنەوە:

ئەی/ شە/وە/کەی// بێ/ ت/رووس/کەی// دڵ/تە/ن/گی

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

کوا/ت/ری/فەی// زەر/دە/خە/نەی// هاو/دە/ن/گی

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

هەر لەتێکی ئەم دێرە لە سێ پێ پێك هاتووە. دوو پێی چواری و پێیەکی سێیی. واتە ژمارەی بڕگەکان ١١ بڕگەیە.

١١ = ٤ + ٤ + ٣

ج– سێ پێی چوار بڕگەیی و پێیەکی سێ بڕگەیی:

نموونە:

هـەوری ڕێگر لە هەتـــاوی خۆری نـــەورۆزی هیوا

وەکوو خەفەت جەرگو دڵی ساماڵی ئاسمان ئەخوا (شێرکۆ)

شیکردنەوە:

هەو/ری/ڕێ/گر// لە/ هە/تا/وی// خۆ/ری/ نەو/رۆ//زی/ هی/وا

١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣

وە/کوو/ خە/فەت// جەر/گو/ د/ڵی// سا/ما/ڵی/ ئاس//مان/ ئەخ/وا

١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣

هەر لەتێکی ئەم دێرە شیعرە سێ پێی چواریو پێیکی سێیە. دە دەکاتە ١٥ بڕگە.

(١٥ = ٤ + ٤ + ٤ + ٣).

ج– — دوو پێی چوار بڕگەییو پێیەکی پێنج بڕگەیی:

نموونە:

ئەی شەوەزەنگ ئەی تاریکی ئەی رەشایی شەو

دەی باڵی رەش بکەرەوە بۆ چاوی بێ خەو (دیلان)

شیکردنەوە:

ئەی/ شە/وە/زەنگ// ئەی/ تا/ری/کی// ئەی/ رە/شا/یی/ شەو

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

دەی/ باڵ/ی رەش// ب/کە/رە/وە// بۆ/ چا/وی/ بێ/ خەو

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

هەر لەتێکی ئەم دێرە شیعرە لە سێ پێ پێك هاتووە. دوو پێی چوار بڕگەییو پێیەکی پێنج بڕگەیی. واتە ژمارەی بڕگەکانی ١٣ بڕگەیە.

١٣ = ٤ + ٤ +٥ .

پوختەی کێشە تێکەڵاوەکان:

١- پێیەکی چوار بڕگەیی و پێیەکی سێ بڕگەیی : (٧ = ٤ +٣)

٢- دوو پێی چواری و پێیەکی سێیی: (١١ = ٤+ ٤ + ٣)

٣- سێ پێی چواری و پێیەکی سێیی: (١٥ = ٤ + ٤ + ٤ +٣)

٤- دوو پێی چواری و پێیەکی پێنجی: (١٣ = ٤ + ٤ + ٥)

## سێیەم: کێشی دەوری:

ئەو کێشەیە کە دوو پێی جیاواز بە نۆرە یەك لە دوای یەك دووبارە دەبنەوە.

- پێی چواریو پێی سێیی :

نموونە:

خەبەر بەرن بۆ شێخم تۆبەکەیم کوشتووە

پەشێمانم پەشێمان هـــەر مەیەکم رشتووە (ح. قەرەداغی)

شیکردنەوە:

خە/بەر/ بە/رن// بۆ/ شێ/خم// تۆ/بە/کە/یم// کوش/تو/وە

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

پە/شێ/ما/نم// پە/شێ مان// هەر/ مە/یە/کم// رش/تو/وە

١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣ // ١ ٢ ٣ ٤ // ١ ٢ ٣

ئەم دێرە هەر لەتێکی چوار پێیە. دوو پێی چواریو دوو پێی سێیی کە بە نۆرە دووبارە بوونەتەوە. چواری + سێیی + چواری + سێیی. کە هەمووی دەکاتە ١٤ برگە.

١٤ = ٤ +٣ + ٤+ ٣.

**پوختەی کێشی دەوری:**

- دوو پێی چواریو دوو پێی سێیی بە نۆرە (١٤ = ٤ + ٣ + ٤ + ٣)

**پوختەی هەموو کێشە ژمارەییەکانی شیعری کوردی کە لێرەدا باس کراون:**

١ - چوار بڕگەیی (٤ = ٤)

٢ - پێنج بڕگەیی (٥ = ٥)

٣ - شەش بڕگەیی (٦ = ٣ + ٣)

٤ - حەفت بڕگەیی (٧ = ٤ + ٣)

٥ - هەشت بڕگەیی (٨= ٤ + ٤)

٦ - نۆ بڕگەیی ( ٩ = ٣ + ٣ + ٣)

٧ - دە بڕگەیی (١٠ = ٥ + ٥ )

٨ - یازدە بڕگەیی (١١ = ٤ +٤ + ٣)

٩ - دوازدە بڕگەیی (١٢ = ٤ + ٤ + ٤)

یان (١٢ = ٣ + ٣ + ٣ +٣)

١٠ - سێزدە بڕگەیی (١٣ = ٤ + ٤ + ٥)

١١ - چواردە بڕگەیی (١٤ = ٤ + ٣ + ٤ + ٣)

١٢ - پازدە بڕگەیی (١٥ = ٥ + ٥ + ٥)

یان (١٥ = ٤ + ٤ + ٤ + ٣)

١٣ - شازدە بڕگەیی (١٦ = ٤ + ٤ + ٤ + ٤)

نموونەی گشتی بۆ کێشی ژمارەیی ستوونی کوردی:

تێخـــوڕە تێخـــوڕە
مـی تێرو گـوان پـڕە

(گۆران)

گـــــولان ئـــــادار
بـــــێ ئـــــاڤو دار

( ک. بەدرخان)

لــــە بــــەر ئــــەوەی دڵ پەرۆشـــی رووی ئاڵــــە
دەروون ســــەودای لوتکــــەی بــــەرزو خاڵخاڵــــە

(گۆران)

بــــــە ئاسمانـــــــەوە ئەســـــتێرەم دیـــــوە
لــــــە باخـــــچەی بـــــەهار گـــــوڵم چـــــنیوە

(گۆران)

ئـــــــــەز کـــــــــوردەکی بـــــــــچووکم
وەلاتـــــــــــێ مـــــــــن مەزنـــــــــــە

(ک. بەدرخان)

کەزیلەت ماریێ ئاویێ جیگرەی دەخـوا لـە گۆمـان
سـەبارەت بـە چـاوی تـۆ کەتمـە بـن بـاری لۆمـان

(فۆلکلۆر)

دەشـــــتی قــــەراجی بــــەر لــــە کەندێــــدا
ســــــندووقەی گرانــــە چــــەکی زێـــــڕ تێـــدا
چــــەک بــــە مــــیرات بــــی یــــار لــــە بەندێــــدا

(فۆلکلۆر)

چـــەند ئەســـتێرەی لـــە ئاسمـــانێ
هەنـــــدەم خەنجــــەر دادەڕژانـــــێ
یـــــار لــــەوێ بـــــوو نـــــەموێرانێ

( فۆلکلۆر)

بڕوانـــە شـــاییە چـــۆپییە لـــەو ماڵـــە
گـوێ بگـرە زوڕنایـە دەهۆڵـە شمـشاڵە

(گۆران)

ئـــــــــەم کوردســـــــــتانە
گـــــــــشتی جوانــــــــــە

(هـ. خۆرانی)

ئیمشەو هـەر خەمـەن هـا نـە کـەمین دا
هـــەر دەردەن مـــدۆم وە رووی زەمینـــدا

(مەولەوی)

دونیـــــا هـــــەمووی چـــــاوو راوە
فـــــڕو فێـــــڵو بەنـــــدو بـــــاوە

(سەلام)

لـــــە لای عالـــــەم نیـــــوەڕۆ
هێـــشتا شـــەوە لـــە لای تـــۆ

(دڵدار)

ئـــــەڵێن ئـــــەمڕۆ بـــــەهارە
ولات بـــــــووکی نـــــــازدارە

( ب. زێوەر)

شـــــەو زرنگـــــاوە راشـــــکا
شـــەیتان ســـامی لـــە خـــوا شـــکا

(هێمن)

لــــەو دەمەیـــدا گـــەڕی ڕەشــــبەڵەك گەرمــــە

لـــەو دەمەیـــدا دەكوشـــن كـــام پەنجـــە نەرمـــە

( هێمن)

بــۆ یــەك شــەو لای دایــە ئــەم دێیــە ڕێــی وێڵــم

بـــەیانی ڕۆژهـــەڵهات ســـوار ئـــەبم جێـــی دێڵـــم

(گۆران)

تـــا دەممـــان لـــە گـــۆ ئەكـــەوێ وەك تـــۆ

هیــــــوای دایــــــە ڕۆ هیــــــوای بابــــــە ڕۆ

(گۆران)

لێـــــــو بـــــــەرە بـــــــۆ شمـــــــشاڵ

بـــــــــە ســـــــــۆزو ناڵـــــــــەناڵ

(گۆران)

خـــــــــەبات دەرمـــــــــان ددە

ژ بــــــــــۆ دەردو بــــــــــرین

(ك. بەدرخان)

چاوی زستان بێ وەنەوزە پێلووی ئارامی لێنانێ

شەستە باران هەزار بە مار نادا بە كوڵی گریانی

(شێركۆ)

شـــــەماڵ هــــات بــــە گـــاڵ گـــاڵ
هـــــەور بــــوون گــــــەواڵ گــــــەواڵ

(هێمن)

ئــــەڤ چــــەند ســـالن دلێ مــــن قـــەت نەگەشـــە
دنــــێ تــــاری دنــــێ ئێڤـــــارو رەشــــە

(ك. بەدرخان)

تا کەی بادەی خەم نۆش کردن بۆ بێزاری کڕنۆش بردن

# بەشی چوارەم

# کێشی شیعری ئازاد

شیعری ئازاد لە هەموو دەستورێکی کێشی ستوونی ئازاد نییە. ئاشکرایە دیارترین خەسیەتی کێشی شیعری ستوونی کێش‌و سەروایە. شیعری ئازاد لەم دوو خەسیەتەدا تەواو خۆی بە دەستووری شیعری ستوونی نابەستێتەوە. هەمان پێی شیعری ستوونی بە کاردێنێ بەڵام خۆی بە ژمارەی پێیەکانی دێرە شیعرەکە نابەستێتەوە. پێیەك وەردەگرێ و لە هەر دێرێکدا (دێر لە کێشی ئازاددا وەکوو کێشی ژمارەیی یەك ریزە) ئەوەندە جارەی خۆی بیەوێ‌و ئاوازی شیعرەکە پێویست بکا دووبارەی دەکاتەوە.

بەش بە حاڵی سەروایش پەیڕەوی دابەشبوونی وردی سەروای کلاسیکی ناکا وەکوو یەکێتی سەرواو مەسنەوی‌و سێینەو چوارینەو پێنجینەو... هتد. بەڵکو کەی بە پێویستی زانی بە کاری دێنێ.

ئەم شیعری ئازادە لە هەموو شیعری جیهانیدا دیاردەیەکی تازەیە. شیعری ئازادی کوردی هەردوو جۆرە کێشی چەندی‌و ژمارەیی تێدا بە کار هاتووە بەڵام کێشی چەندی بە کەمی‌و کێشی ژمارەیی بە زۆری.

وەگوو زانراوە شیعری نوێ (ئازاد)ی کوردی لە بیست‌و سییەکانی سەدەی بیستەم لە سەردەستی گۆران‌و شێخ نووری شێخ سالح‌و نەجیب رەشیدو.. لە ژێر کاریگەری شاعیرە نوێخوازەکانی تورکی وەکوو تۆفیق فکرەت‌و جەلال ساهیروعەبدولحەق حامید هاتۆتە کایەوە.

## یەکەم: کێشی شیعری ئازادی عەرووزی ( چەندی ):

لەم جۆرە کێشەدا شاعیر تەفعیلەیەکی عەرووزی وەردەگرێ‌و لە هەر دێڕێکدا بە کەیفی خۆی چەند جاری بویێ ئەوەندە دووبارەی دەکاتەوە. بۆ نمونە سوارەی ئیلخانی زادە لە شیعری (خەوە بەردینەدا) کێشی موتەقارەبی بە کار هێناوە. واتە تەفعیلەی (فعولن)ی وەرگرتووەو لە هەر دێڕێکدا چەند جاری ویستبێ ئەوەندی دووبارە کردۆتەوە. خۆی بە ژمارەی تەفعیلەکانی کێشی موتەقارەب نەبەستۆتەوە لە دێڕێدا (٤ +٤ ). لە سەراپای شیعرەکەدا لە نێوان یەك تەفعیلەو شەش تەفعیلەی لە دێڕێك بە کار هێناوە:

وەهایە (فعولن) ١X

کە کانی بە هیوا لە سەر سەر(فعولن) ٣X

بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا (فعولن) ٦X

بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ (فعولن) ٤X

کە رائەچڵەکن سەوزەڵانی (فعولن) ٣X

لە دوو دێری تردا دەڵێ:

کەچی وا کەوی‌و دەستەمۆی دەستەڵاتی رکەی دۆڵ‌و شیون (فعولن) ٦X

لە سەرسامی رێدا بەزیوو تەزیون. (فعولن) ٤X

دیارە لە دێری یەکەم یەك جارو لە دێری دووەم سێ جارو لە دێری چوارەم شەشەم جارو لە دێری پێنجەم چوار جارو لە دێری شەشەم سێ جار پێی (فعولن)ی هێناوە.

نموونەیەکی تر لە کێشی ئازادی چەندی (عەرووزی):

بە لاوی زێی ژیانم کردە ڕێ لێم دا مفاعیلن ٣X

لە لافاوی مفاعیلن ١X

ژیانیش هەر بەرەو هیوایە هەنگاوی مفاعیلن ٣X

ئەگەرچی دێوی مردن دایکوتاوە مێخ سکەی ئەنجام مفاعیلن ٤X

لە ڕووی ترس‌و ستەم وەستام. ( بیمار) مفاعیلن ٢X

وەکوو دیارە ئەم هۆنراوەیە لە سەر کێشی هەزەج (مفاعیلن) نووسراوە بەڵام شاعیر خۆی بە ژمارەی پێیەکانی هەزەج لە هەر دیرێدا نەبەستۆتەوە کە (٣+٣)یە بەڵکو لە هەر دیرێدا چەند جاری ویستبێ بە ئازادی، ئەوەندە جارە دووبارەی کردۆتەوە. لە دێری یەکەم سێ جارو لە دێری دووەم دوو جارو لە دێری سێیەم سێ جارو لە دێری چوارەم چوار جارو لە دێری پێنجەم دوو جار پێی (مفاعیلن)ی هێناوە.

## دووەم: کێشی شیعری ئازادی ژمارەیی:

لەم جۆرە کێشەیشدا، شاعیر لە سێ پێیە سەرەکییەکەی کێشی ژمارەیی، پێیەکیان وەردەگرێو بە کەیفی خۆی چەند جار بیەوێ لە دێڕێکدا دووبارەی دەکاتەوە. لە بەر ئەوەی سێ پێی سەرەکی لە کێشی ژماەیی کوردی هەیە، ئێمە سێ جۆرە کێشی ئازادمان هەیە:

### ١- کێشی ئازادی پێی سێ بڕگەیی:

لەم جۆرە کێشەدا شاعیر یەك پێی سێ بڕگەیی وەردەگرێو دەیکا بە بنەمای کێشەکە. لە هەر دێڕێکدا یەك پێ، یان چەند پێی سێ بڕگەیی دینێ. بۆ نموونە:

شێرکۆ لە شیعری (جارێکی تر سمکۆ ناچێتەوە سەر خوانی مردن)دا دەڵێ:

بە هۆرەی تفەنگی کاروانی بن بنار (٤ پێ = ١٢ بڕگە)

ئەستێرەی پشکۆیان (٢ پێ = ٦ بڕگە)

ڕژانە ناو چاوی بەیانی بەفرەوە (٤ پێ = ١٢ بڕگە)

چەمەکان بەرزە پێ هەڵسانو هەڵگیرسان (٤ پێ - ١٢ بڕگە)

ئەسپەکان لە بێشەی ئاگرا ئاودران ( ٤ پێ = ١٢ بڕگە)

شیکردنەوە:

بە/ هۆر/ەی// ت/فەن/گی// کار/وا/نی// بن/ ب/نار

١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ (١٢ = ٣ +٣ +٣ +٣)

ئەس/تێ/رەی// پش/کۆ/یان

١ / ٢ / ٣ // ١ / ٢/ ٣ (٦ = ٣ + ٣)

ر/ژا/نه// ناو/ چاوی// به/یانی// بەف/ره/وه

١ / ٢/ ٣// ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣// ١ / ٢/ ٣ (١٢ = ٣ = ٣ + ٣ +٣)

چه/مه/کان// بەر/زه/ پێ// هەڵ/سا/ن‌و// هەڵ/گیر/سان

١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ (١٢ = ٣ = ٣ + ٣ +٣)

ئەس/په/کان// له/بێ/شەی// ئا/گ/را// ئاو/د/ران

١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣ // ١ / ٢/ ٣// ١ / ٢/ ٣ (١٢ - ٣ = ٣ + ٣ +٣)

بەم جۆره، ئەم شیعره دێرەکانی لە نێوان (دوو پی ٦ بڕگەو چوار پێ ١٢ بڕگەدایەو دیرەکانی تری شیعرەکە یەك پی‌و سێ پێ‌و پێنج پێیشیان تێدایە. لەم جۆره کێشەدا دەبێ هەموو پێیەکان سێ بڕگەیی بن، جا شاعیر ئازادە چەند پێ لە دێرێك دینێ.

٢- <u>کێشی ئازادی پێی چوار بڕگەیی:</u>

لەم جۆره کێشەدا شاعیر یەك پێی چوار بڕگەیی وەردەگرێ‌و دەیکا بە بنەمای کێشەکە. لە هەر دێرێکدا یەك پێ، یان چەند پێی چوار بڕگەیی دینێ. <u>لەم جۆره شیعره ئازادەدا ئەم کێشی چوار پێیە لە هەموویان زیاتر بە کار هاتووه. جا ئەگەر لە کێشی ژمارەیی ستوونیدا کێشی دوو پێی پێنج بڕگەیی (دە بڕگەیی) کێشی نەتەوایەتی کوردی بێ چونکە لە کێشەکانی دی زیاتر بە کار هاتووه، لە کێشی ئازاددا ئەم چوار بڕگەییە کێشی نەتەوایەتییە چونکە لەوانی دی زیاتر بە کار هاتووه.</u> بۆ نموونە:

قوبادی جەلی زاده لە شیعری ( سەجادی لە ئامێزی فرمێسك‌و ئاگردا) دەڵێ:

هاتووم ئارامگەی غەریبیت

گوڵباران کەم

بنووشتێمەوه بە سەرتا وەکوو گومەز

باسکەکانم بکەم بە کێل

شیکردنەوە:

ها/تووم/ ئا/رام//گەی/ غە/ری/بیت

١/ ٢/ ٣/ ٤/ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ (٤+ ٤ = ٨)

گوڵ/با/ران/ کەم

١/ ٢/ ٣/ ٤/ (٤ = ٤)

ب/نووش/تیٚ/مە//وە/بە/ سەر/تا// وە/کوو/ گو/مەز

١/ ٢/ ٣/ ٤/ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ (٤ + ٤ + ٤ = ١٢)

باس/کە/کا/نم// ب/کەم/ بە/ کێل

١/ ٢/ ٣/ ٤/ // ١/ ٢/ ٣/ ٤/ (٤+ ٤ = ٨)

دیارە دێرەکان بریتین لە یەك پێی چواری (٤ بڕگە)و دوو پێی چواری(٨ بڕگە)و سێ پێی چواریی ( ١٢ بڕگە).

٣- <u>کێشی ئازادی پێی پێنج بڕگەیی:</u>

لەم جۆرە کێشەدا، شاعیر پێی پێنج بڕگەیی دەکا بە بنەمای کێشەکە. واتە پێی پێنجی وەردەگریٚو لە هەر دێرێکدا چەند جارێك دووبارەی دەکاتەوە. ئەم کێشە لە کێشەکانی دی کەمتر بە کارهاتووە. لە کێشی ژمارەیی ستوونیدا کێشی دوو پێی پێنجی (دە بڕگەیی) لە هەموو کێشەکانی دی زیاتر بە کار هاتووە کەچی کێشی پێنج بڕگەیی لە کێشی ژمارەیی ئازاددا لە هەموو کێشەکانی دی کەمتر بە کار هاتووە.

بۆ نموونە عەبدولا پەشێو لە شیعری (ئـەو سـاتە خۆشـەم هێـشتا لـە بـیرە)دا دەڵێ:

لە تەنیاییدا

لە بەندیخانەی ئەنگوستەچاوا

ڕۆژانی ژینم تێپەڕین بێ دەنگ بێ خواپەرستی

بێ ئیلهام بێ ژین

بێ فرمێسکی گەش بێ خۆشەویستی

شیکردنەوە:

لە/ تەن/یا/یی/دا

١ / ٢/ ٣/ ٤ /٥ (٥ = ٥)

لە/ بەن/دی/خا/نەی// ئەن/گوس/تە/چا/وا

١ / ٢/ ٣/ ٤ / ٥ // ١ / ٢/ ٣/ ٤ /٥ (١٠ = ٥ + ٥)

ڕۆ/ژا/نی/ ژی/نم// تێ/پە/ڕین/ بێ/ دەنگ// بێ/ خوا/پە/رس/تی

١ / ٢/ ٣/ ٤ / ٥ // ١ / ٢/ ٣/ ٤ / ١ / ٢/ ٣/ ٤ / ٥ (١٥ = ٥ + ٥+ ٥)

بێ/ ئیل/هام/بێ/ ژین

١ / ٢/ ٣/ ٤ /٥ (٥ = ٥)

بێ/ فر/مێس/کی/ گەش// بێ/ خۆ/شە/ویس/تی

١ / ٢/ ٣/ ٤ / ٥ // ١ / ٢/ ٣/ ٤ /٥ (١٠ = ٥ + ٥)

ئەم چەند دێرە کێشەکەیان کێشی ئازادی ژمارەیی پێنج برگەییە. شاعیر پێی پێنج برگەیی کردووە بە بنەماو لە هەر دێرێکدا جارێك یان چەند جارێك دوو بارەی کردۆتەوە. کێشی دێرەکان لە نێوان یەك پێیی (٥ برگە)و دوو پێیی (١٠ برگە)و سێ پێیی (١٥برگە)دان.

نموونەی گشتی

کێشی شیعری ئازادی کوردی

ئازاد ئەبم

پاش دڵتەنگی دڵشاد ئەبم

بتپەرست نیم

نابمو نیم

کابرایەکی رووتو برسیم

بە هیوای پاشەرۆژ ئەژیم (گۆران)

دڵدارەکان

دڵدارانی چاوی وشەی باخی ئاگری هۆنراوە

دڵدارانی گوڵی بارانی وەریوی

درەختی خۆری رووتاوە، (شێرکۆ)

لە یەکەم رۆژی شەڕی دژوارا

نامەکانی تۆم گشت کۆکردنەوەو گڕم تێبەردان

مەبادا دوژمن

وشەی پیرۆزو بەرزی دڵداری

بهاوێتە ژێر پۆستاڵی چڵکن (پەشێو)

سەیرم کەن بە رمی نیوەڕۆی داخکراو لە دەستما

چۆن سەری مردنی ئەم شەوە هەڵئەگرم

سەیرم کەن ئەم جارە بەیداخی

مەرگی خۆم هەڵئەبڕم

مل ئەنێم بە رێگەی دۆزەخا بۆ بەهەشت

مل ئەنێم... (شێرکۆ)

ئەگەر هاتی دەستم بگرەو

یەکە یەکە

ئەو باخچانەم پیێ بگەڕێ

لە بن هەر دارە ماچێکم پیێ ببەخشەو

منیش شیعرێ (قوبادی جەلی زادە)

لای من هەر تۆی

تاقە رووباری داوێن پاك

ئەو رووبارەی خاك لافی پێوە لێ دەدا

ئەو رووبارەی

مرۆڤ چۆکی بۆ دادەدا (نەوزاد رەفعەت)

بەفری هەڵگورد

تۆ بە رێژنەو شەستەباران

نەتوێیەوە

تۆ بە تیشکی داغی خۆرو

لوورەی زریان نەتوێیەوە

ئەی چۆن منی سەر ئاسنی

بازوو پۆڵا

دەتوێمەوە (ئازاد دلزار)

# بەشی پێنجەم

## ســــــەروا

سەروا لەگەڵ کێش دوو رەگەزی شکڵی هـەرە گرنگـی شـیعری کلاسـیکین. بـە هەردووکیان ئاوازی شیعرەکە دابین دەکەن‌و تەواوکەری یـەکترن. ئـاواز دەورێکـی زۆری هەیە لە گواستنەوەی هەست‌و سۆزو ماناو مەبەستی شاعیر بۆ گـوێگر. ئـەو ئاوازەیش لە جۆری دەنگەکان‌و چۆنیەتی ریزبوونیانەوە پەیدا دەبێ.

سەروا چییە؟

سەوروا بریتییە لە دووبارەبوونـەوەی دەنگێـك یـان چـەند دەنگێـك یـان چـەند دەنگوشەیەك لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعردا. سەروا بە زۆری لـە کۆتـایی لـەت یان دێرە شیعر دێ بەڵام وایش دەبێ لە نـاوەوە بـێ (سـەروای نـاوەوە) یـان لـە سەرەتاوە بێ (سەروای سەرەتا). سەروا بۆی هەیە لە پەخشانیش بـێ وەکـوو لـە پەخشانی سەرواداردا دەردەکەوێ. نموونە بۆ سەروا وەکوو:

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسی ئەتو بی خودا

لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا (حاجی ٣١)

ئەم دوو لەتەو لەتی کۆتایی هەموو دێرە شیعرەکانی ئـەم هـۆنراوە بەهارییـەی حاجی لە کۆتاییدا یەك دەنگیان هاوبەشە. دەنگی (ا). واتە هەموو دێرەکـان بـەم دەنگە کۆتاییان هاتووە. (شەهلا، سەدا، سەما، تەڵا، گۆنا، خەتا، بەڕەزا، عەزرا، هەڵدا، مینا، ...) ئەم دەنگە سەروای هۆنراوەیەی پێك هێناوە.

وەکوو چۆن لێرەدا یەك دەنگی بزوێنی درێژ (ا) سەروای دروست کردووە، دەشێ چەند دەنگو وشەیەك سەروا دروست بکەن وەکوو:

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی مسکین دەکا

مەستە مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا.(نالی ١١٠)

لەم دوو لەتەو لە لەتی کۆتایی هەموو دێرەکانی تری ئەم هۆنراوەیەی نالیدا، سەروا بریتییە لە (...ین دەکا) چونکە ئەمە لە کۆتایی هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە. (چین دەکا، رەنگین دەکا، پەروین دەکا، دین دەکا، شین دەکا، پەرژین دەکا)

دوو باسی گرنگ لە زانستی سەرواسازیدا هەن.

باسی یەکەم– سنووری سەروا

باسی دووەم– دابەشبوونی سەروا

هەر یەکە لەم دووانە بە شێوەی سەربەخۆ باس دەکەین

# باسی یەکەم: سنووری سەروا

دەتوانین لە دوو ئاست لە سنووری سەروا بکۆڵینەوە:

١- لە ئاستی دەنگ

٢- لە ئاستی وشە

١- لە ئاستی دەنگدا، دەنگی سەروا سێ جۆرە:

ئەلف - رەوی: دەنگی کۆتایی وشەی فەرهەنگی سەروایە واتە بێ مۆرفیمی دواوەی، ئەگەر مۆرفیمی پێوە لکا بوو. وەکوو:

هەر سەحەر دێنێتە یادم کۆیی تۆ موڵکی خەتا

نەفحەها دێنێ لە مشکین زولفی تۆ بادی سەبا (سالم ٣٤)

لێرەدا دەنگی وشەی فەرهەنگی سەروا (ا)یەو لە کۆتایی وشەکانی سەروا(خەتا، سەبا) هاتووە. ئەم دەنگ پێی دەگوترێ (رەوی).

تێبینی:

- سەروا دەشێ یەك تاکە دەنگ بێ بە مەرجێ دەنگەکە بزوێنی درێژ بێ.

- بزوێنی کورت بە تەنیا نابێ بە سەروا. ئەگەر لە کۆتایی وشەکانی سەروا بزوێنێکی کورت هاوبەش بوو، بزوێنە کورتەکە هەرچەندە بۆ کێش درێژ دەکرێتەوە (ئیشباع) بەڵام بۆ سەروا هیچ حیسابی بۆ ناکرێ وەك نەبووبێ وایە.

- نەبزوێن ناتوانێ بە تەنیا سەروا دروست بکا . هەر دەبێ بزوێنی پێشەوەیشی لەگەڵدا هاوبەش بێ بۆ ئەوەی بە هەردووکیان سەروا دروست بکەن.

نموونەیەکی تر بۆ (ڕەوی) وەکوو:

پڕ گوڵەو عەنبەر وەتـەن خاکی وەکوو جـــامی بلوور

پڕ بە چەشمەی ئـاوی ڕۆشن میسلی چاوی پڕ لە نوور (حەمدی ٨٢)

لێرەدا وشەکانی کۆتایی کە وشەی سەروان بریتین لە (بلوور، نـوور). ئـەم دوو وشەیە لە کۆتاییدا لە دەنگـەکانی (..وور) هاوبەشـن. دوا دەنـگ بریتییـە لـە (ر). ئەمە ڕەوییە بەڵام لە بەر ئەەی ئەو دەنگە نەبزوێنە بە تەنیا سەروا دروسـت ناکـا هەر دەبێ دەنگی بزوێنـی پێشەوەیشی هاوبـەش بـێ کـە لێـرەدا بزوێنـی (وو)ە. وشەکانی سەروای تری ئەم هۆنراوەیە کە لە کۆتایی دێرەکان دووبارە بوونەتـەوە ئەمانەن: (سوور، دوور، تەنوور، شوور، حوور). دیارە لە هەموو وشـەکاندا لەگـەڵ ڕەوی (ر)، کـە نەبزوێنـە، دەنگـی پێـشەوە دووبـارە بۆتـەوە کـە دەنگـی بزوێنـی (وو)ە.

ب- <u>پێش ڕەوی</u> ئەو دەنگە بزوێنـە یـان ئـەو دەنگانەیـە کـە لـە پـێش دەنگـی ڕەوی دێنو لەگەڵ ڕەوی بە یەکەوە سەروا دروست دەکەن. بۆ نموونە:

دل ژ عیلاجێ کو ب دەرکەت میزاج

دێ ژ لەبی نۆش عەتـا بت عیـــلاج (جزیری ١٧٠)

لێرەدا وشەکانی کۆتایی کە وشەی سـەروان بـریتین لـە (میـزاج، عـیلاج). ئـەم وشانە دەنگی کۆتاییان (ج)ە. ئـەم دەنگـە پێـی دەگـوترێ ڕەوی. لەبـەر ئـەوەی ڕەوی لێرەدا دەنگێکی نەبزوێنە دەنگی بزوێنـی پێشەوەیـشی بۆتـە هاوبـەش کـە دەنگی (ا) یە بۆ ئەوەی بە هەردووکیان سەروا دروست بکەن. وشـەکانی سـەروای تری ئەم هونراوەیە ئەمانەن: (زوجاج، نەشـاج، عـاج، تـاج، بـاج، ڕەواج، میـزاج).

دیاره له هه‌موو وشه‌کاندا دوو ده‌نگ له کۆتایی دووباره بۆته‌وه (...اج). ده‌نگی بزوێنی (ا) که له پێش ره‌وی نه‌بزوێن (ج) هاتووه بۆ ئه‌وه‌ی سه‌روای له‌گه‌ڵ دروست بکا پێی ده‌گوترێ (پێش ره‌وی).

ج- پاش ره‌وی: بریتییه له بزوێنی کورتی دوای ره‌وی نه‌بزوێن یان ئه‌و مۆرفیمه رێزمانیانه‌ی به کۆتایی وشه‌ی سه‌رواوه ده‌لکێن. نموونه:

دوێنێ دڵبه‌رێکم دی که وه‌ك شمشادی بوستانه

سوئالم کرد که بۆچی رووت ئه‌ڵێی مانگی دره‌خشانه (ئه‌حمه‌د موختار ١٠٤)

لێره‌دا وشه‌کانی سه‌روا بریتین له (بوستانه، دره‌خشانه). دوا ده‌نگی ئه‌م وشانه ده‌نگی بزوینی (ه)یه. له به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م بزوێنه کورته ناتوانێ به ته‌نیا سه‌روا دروست بکاو نابێ به ره‌وی، بۆیه له سه‌رواناسیدا پشت گوێ ده‌خرێ. لێره‌دا ده‌نگی نه‌بزوێنی (ن) ده‌بێ به ره‌وی. ده‌نگی بزوێنی (ه)، که سه‌روای پێ دروست ناکرێ، ده‌بێ به پاش ره‌وی. وشه‌کانی سه‌روای تری ئه‌م هۆنراوه‌یه ئه‌مانه‌ن: (تابان/ه، به‌ستان/ه، جان/ه، ئیمان/ه، په‌رێشان/ه، چه‌وگان/ه، شه‌یتان/ه، زستان/ه، خووبان/ه). له هه‌موو وشه‌کاندا بزوێنی کورتی کۆتایی یه‌ك شته. پاش ره‌وییه.

نموونه‌یه‌کی تر بۆ پاش ره‌وی:

درێغا سه‌عوه ئاسا سه‌یدی چه‌نگی شاهبازێکم

زه‌ده‌ی تیری نیگاهی جادووانه‌ی عیشوه‌سازێکم (سالم ٨٧)

وشه‌کانی سه‌روا بریتین له: (شاهبازێکم، عیشوه‌سازێکم). هه‌ر یه‌که له‌م وشانه له وشه‌یه‌کی فه‌رهه‌نگی‌و دوو مۆرفیمی رێزمانی پێکهاتووه: (شاهباز + ێك + م)

(عیشوەساز + ێك + م). دەنگی کۆتایی وشە فەرهەنگییەکان دەنگی (ز)ە. ئەم دەنگە رەوییە. دەنگەکانی دوو مۆرفیمەکەی دواوە (پاش رەوی)ن کە بریتین لە (...ێك/م). وشەکانی سەروای تری ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن: (ئەیاز/ێکم، سەرفراز/ێکم، جانگوداز/ێکم، بەراز/ێکم، نیاز/ێکم، مەجاز/ێکم). لە هەموو وشەکاندا دەنگەکانی مۆرفیمەکانی (...ێکم) لە پاش رەوی (ز) دووبارە بوونەتەوە.

تێبینی:

دەشێ لە سەروا تەنیا رەوی هەبێ یان رەوی‌و پێش رەوی هەبێ یان رەوی‌و پاش رەوی هەبێ یان رەوی‌و پێش رەوی‌و پاش رەوی هەرسێکیان هەبن. واتە دەبێ رەوی هەر هەبێ بەڵام پێش رەوی‌و پاش رەوی دەشێ هەبن‌و دەشێ نەبن. سەروا بە بێ رەوی دروست نابێ. نموونەیەك بۆ هەرسێکیان بە یەکەوە:


گڕیەو گڕەی تەنوورە بلێسەی هەناوەکەم

سیروان‌و تانجەڕۆیە خوڕەی ئاوی چاوەکەم (ئەحمەد موختار ٩١)

وشەی سەروای ئەم دوو لەتە دێرە بریتین لە (هەناوەکەم، چاوەکەم). وشە فەرهەنگییەکان بریتین لە (هەناو، چاو). لەم دوو وشەیەدا دوا دەنگی هاوبەش کە دەنگی (و)ی نیمچە بزوێنە، رەوییە. دەنگی بزوێنی پێش ئەم رەوییە (ا) پێش رەوییە، دەنگەکانی مۆرفیمە رێزمانییەکان (...ەکەم) پاش رەوین. وشەکانی سەروای تری ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن: (بلاو/ەکەم، هەڵکراو/ەکەم، ناو/ەکەم، رژاو/ەکەم، براو/ەکەم، کلاو/ەکەم) .

دەتوانین بەشەکانی دەنگی سەروا بەم هێکارییە پێشان بدەین:

دەنگەکانی سەروا



| | | |
|---|---|---|
| پێش ڕەوی | ڕەوی | پاش ڕەوی |
| بزوێنی کورت | بزوێنی درێژ | مۆفیمی ڕێزمانی |
| یان درێژ | یان نەبزوێن | یان بزوێنی کورت |

شیکردنەوەی نموونەیەك:

لە دەس ئەم ئەسپە بۆزە بێ قەرارم

هـــەمیشـــە دڵ غـــەمین و داغدارم (سالم ٨١)

لەم دوو لەتە شیعرەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (بێ قەرارم، داغدارم). وشە فەرهەنگییەکان ئەمانەن: (قەرار، داغدار).

ڕەوی: (ر)

پێش ڕەوی: (ا)

پاش ڕەوی: (م)

نموونەیەکی تر:

دەستی قودرەت کو هلاڤێت ژ بەژنا تە نیقاب

ل جەمالا جەبەرووتی مە نەمان پەردە حیجاب (جزیری ٦٢)

لەم دوو لەتە شیعرەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (نیقاب، حیجاب).

رەوی: (ب)

پێش رەوی: (ا)

پاش رەوی: نییە.

لەم دێرە شیعرانەدا، دەنگەکانی سەروا (رەوی)و (پێش رەوی‌و پاش رەوی، ئەگەر هەبوون) دیاری بکە:

چێشەن پەشێویم ماتەمیی دڵەن
یا کزەی ئامای نامەی بولبولەن (مەولەوی ١٧٢)

هەر چەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچیوەی هەڵبەستم (گۆران ١٢١)

سەیری کەن حەق چۆن بزر بوو چەشنی بەرد کەوتۆتە گۆم
بێ رەواجە چەند لە دونیا نەقسە هەر وەك نرخی رۆم (عاصی ١٩٥)

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت‌و قەلبی سیپاهن (نالی ٣٤٠)

جانا دڵەکەم بەندە بە حەڵقەی سەری گیسووت
سا مەیخەرە بەر زەربەیی شمشێری دو ئەبرووت (کەمالی ٥٧)

٢- له ئاستی وشەدا، سەروا سێ بەشه:

ئەلف - وشەی سەروا: ئەو وشانەن که له کۆتایی لەت یان دێر دێن‌و دەنگی کۆتاییان یان چەند دەنگێکی کۆتاییان وەکو یەك وایه. وەکوو:

وەرە بگرە بە یادی چـــاوی دڵبـــەر پیاڵەیی ســـەهبا

پەشێو بە هەروەکوو مەجنوون لە هیجری قامەتی لەیلا (ئەحمەد مەختار ٦٠)

لێـرەدا دەنگـی هاوبەشـی کۆتـایی (ا)یـەو لـە کوتـایی وشـەکانی (سـەهبا)و (شەهلا) هاتووه. وشەکانی (سەهبا)و (شەهلا) که دەنگی کۆتاییـان (ا) هاوبەشـه پێیان دەگوترێ ( وشەی سەروا). وشەکانی سەروای تری دیـرە شـیعرەکانی تـری ئەم هۆنراوەیه ئەمانەن که له کۆتـایی دێرەکانـەوە هـاتوون (مینـا، دارا، شـەهلا، بەیزا).

ب- پاش سـەروا (رەدیـف): وشـەیەکە یـان چـەند وشـەیەکە لـە دوای وشـەی سەروادا وەکوو خۆیان، بە هەمان مانا، دووبارە دەبنەوە. وەکوو:

قیامەت هەڵئەسێ بێت‌و قیامێ کا نیگاری من

زەمـــانە تێك ئـــەدا نیگـــاهی چاوی یاری من (ئەحمەدموختار ٩٩)

لیرەدا وشەی (من) لە پاش وشەکانی سەروا (نیگاری، یاری) وەکـوو خـۆی بـە هەمان مانا دووبارە بۆتەوە. ئەم وشەیە پێی دەگوترێ (پـاش سـەروا - رەدیـف) چونکە لە پاش وشەی سەرواوە دێ. ئەم وشەیە لە دوای وشـەی سـەروای هـەموو دێرەکانی تری ئەم هۆنراوەیە وەکوو خۆی دووبارە بۆتەوە (کەناری من، خومـاری من، هەژاری من، مەزاری من، بەهاری من، چاری من، هەناری من، ویقاری من)

پاش سەروا بۆی هەیە وشەیەك بێ یان دەستەواژەیەك بێ یان رستەیەك بێ یان زیاتر لە رستەیەك بێ.

ج – پێش سەروا (حاجیب): وشەیەك یان چەند وشەیەكە وەكوو خۆی بە هەمان مانا لە پێش وشەی سەروا دووبارە دەبێتەوە.وەكوو:

هن كاتبن ئەو هنەك د ئوستاد

هن موتریبن ئەو هنەك د جەللاد (خانی ٤٣)

لێرەدا وشەی سەروا بریتییە لە (ئوستاد)و (جەللاد) كە لە دوو دەنگی (اد)ی كۆتایی هاوبەشن. لە پێش هەر یەكە لەم وشانەوە (ئەو هنەك د) وەكوو خۆی دووبارە بۆتەوە. ئەمە پێی دەگوترێ پێش سەروا (حیجاب).

تێبینی:

دەشێ لە سەروا تەنیا وشەی سەروا هەبێ یان وشەی سەرواو پاش سەروا (رەدیف) هەبێ، یان وشەی سەرواو پێش سەروا (حیجاب) هەبێ، یان وشەی سەرواو پێش سەرواوو پاش سەروا هەرسێكیان هەبن. واتە دەبێ وشەی سەروا هەر هەبێ بەڵام ئەوانەی تر دەشێ هەبن‌و دەشێ نەبن. سەروا بە بێ وشەی سەروا دروست نابێ. نموونەیەك بۆ هەرسێكیان بە یەكەوە:

زینهار ژ مەشهەدا كو مەم تێ


ئەلبەتتە ژ مەرقەدا كو ئەم تێ (خانی ١٨٨)

لێرەدا وشەكانی سەروا بریتین لە (مەم، ئەم). دوای ئەم وشانە، لە هەردو نیوە دێردا وشەی (تێ) دووبارە بۆتەوە. ئەم وشەیە پاش سەروایە (رەدیف)ە.

پێش وشـەکانی سـەروایش وشـەی (کـو) دوویـارە بۆتـەوە. ئەمـە پـێش سـەروایە (حاجیب).

دەتوانین بەشەکانی وشەی سەروا بەم هێکارییە پێشان بدەین:

وشەکانی سەروا



پێش سەروا (حاجیب)　　وشەی سەروا　　پاش سەروا (رەدیف)

شیکردنەوەی نموونەیەك:

یەك ئەسمەرو یـا دوی زەری بوو

یەك حووری یو یا دوی پەری بوو. (خانی ٣٦)

لەم دوو لەتە شبعرەدا، سەروا بریتییە لە (یـا دوی زەری بـوو) (یـا دوی پـەری بوو):

وشەی سەروا: زەری، پەری

پاش سەروا (رەدیف): بوو

پێش سەروا (حاجیب): یا دوی

نموونەیەکی تر:

دڵ هیـلاکی نازتـــە با غەمزە تەدبیری نەکا

هەر دەبێ بمرێ مەگەر خەللاق تەقدیری نەکا (حاجی ٥٣)

لەم دوو لەتە شیعرەدا، سەروا بریتییە لە (تەدبیری نەکا) (تەقدیری نەکا)

وشەی سەروا: تەدبیری، تەقدیری

پاش سەروا (رەدیف): نەکا

پێش سەروا (حاجیب): نییە.

نموونە:

لەم دێرە شیعرانەدا، وشەی سەروا و (پێش سەرواو پاش سەروا، ئەگەر هەبوون) دیاری بکە:

لە خەلوەتخانەدا هەرگیز خەیالی دلروبا ناکەم
بە روتبەی خۆم کە فەردی میحنەتم کەس ئاشنا ناکەم (قانیع ١٤٨)

ت نیڤا ئاگرێ جانێ من ئیشەڤ
چییە ئەی دۆست دەرمانێ من ئیشەڤ (پەرتۆ ٢٥٧)

رەها ناکا دلم توررەی خەمی یار
سەری نەبرن هەتا وەك پەرچەمی یار (سالم ٥٧)

هن مودبیرن ئەو هنەك مودەببەر
هن موقبیلن ئەو هنەك موقەددەر (خانی، ١، ٤٣)

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا ئەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا ئەکا (نالی ١٠٧)

## باسی دووەم: دابەشبوونی سەروا

مەبەست لە دابەشبوونی سەروا چۆنیەتی دووبارە بوونەوەی سەروایە لە هونەری شیعری جیا جیادا وەکوو غەزەل‌و قەسیدەو و سێینەو چوارینەو پێنجینەو.... یەکە بە یەکە بە کورتی باسیان دەکەین.

ئەلف –دابەشبوونی سەروا لە غەزەل‌و قەسیدەدا:

غەزەل‌و قەسیدە لە رووی دابەشبوونی سەرواوە هەردووکیان وەکوو یەك وان. لە هەردووکیاندا یەکێتی سەروا پەیڕەو دەکرێ. لە هەردووکیاندا لەتی یەکەم‌و دووەمی دێری یەکەم هەوسەروان ئینجا کۆتایی هەموو دێرەکان هەمان سەروایان هەیە. لە قیتعەیشدا پەیڕەوی یەکێتی سەروا دەکرێ ئەوەندە هەیە لە قیتعەدا لەتی یەکەم‌و دووەمی دێری یەکەم هاوسەروا نین. تەنیا کۆتایی دێری یەکەم لەگەڵ کۆتایی دیڕەکانی تری قیتعەکەدا سەروایان یەکە.

نموونەیەك بۆ یەکێتی سەروا لە غەزەلدا.

روخم رەنگینی رەنگی روومەتی رەنگینتە بازا

قەدی سەرووم کـــەمانینی قەدی شیرینتە بازا

غەریب‌و بێکـــــەس‌و زارو فەقیری خانەدانی تۆ

جگەرسووتاوو ماڵوێرانی زولفی چین چینتە بازا

مەعازەللا کە رەحمێکت بە حاڵی زاری مندا بێ

کــــه ئـــاخر بـــەنــــــدەیی خــــــاکی دەری پێشینته بازا

ئـــەگـــەر خوێنم دەڕێـژی تــــــۆ ئەوە تیغو ئەمیش گەردن

ئـــەگـــەر بنیـــادی پـــەیمــــان دەســـتی من دامینته بازا

له چاوانم هەتا کەی قەترە قەترە خوێن دەکەی ئەی دۆست

کـــــوا ئــــەو عـــــەهـــــدو پـــەیمـــانو وەفا کابینته بازا

بـــه نـــــالی بــــاوەڕت نـــایێ خــــەیـــاڵت بێـــتو بیبیـــنێ

کـــه چـــۆن مـــەشغوولی نـــەغمـــەی گۆشـــەیی ناڵینته بازا.

(نالی ٩٥ – ٩٧)

لەم غەزەلەدا، یـەکێتی سـەروا پـەیڕەو کـراوە. هـەردوو لـەتی دێری یەکـەمو کوتایی هەموو دێرەکانی تر سەروایان وەکوو یەکـە. لـەم غەزەلـەدا، (بـازا) پـاش سـەروایه (رەدیـف)ە. وشـەکانی سـەروا ئەمانـەن: (رەنگینتـه، شـیرینته، چـین چینته، پێشینته، دامینته، کابینته، ناڵینته). هێلکاری دابەشبوونی سەروای ئـەم غەزەله بەم جۆرەیە:

A............. A.............

............A .............. B

............A.............. C

............A.............. D

............A.............. E

F ............. A ...........

ب – دابەشبوونی سەوا لە مەسنەویدا:

سەروای مەسنەوی یان موزدەوەج ئەوەیە هەر دوو لەتی دێرێك سەروایان یەك بێ و پەیوەندیان بە سەروای دێرەکانی ترەوە نەبێ نموونە:

هەژار ئامۆژگاری شێرکۆی کوڕی دەکات و لە شوێنێکدا دەڵێ:

ئێستەش لە سەر ئەم ژیانە تاڵەش
پاش رشتنی هێندە خوێنە ئاڵەش
کورد هەر لە خەوی نەزانیدایە
هەموو پێکوەیان گەڕو هەرایە
بێگانە پەرستە خۆنەویستە
بۆ هاوڕەگەزی کەڕو نەبیستە
بۆ یەکتری دوژمن و نەیارن
بۆ نۆکەریی تا بڵێی لەبارن (خانی، ١، ٣٦٥)

وەك دیارە، هەردوو لەتی هەردێرێك یەك سەروای سەربەخۆیان هەیە پەیوەندی بە سەروای دێرەکانی ترەوە نییە. دێری یەکەم وشەکانی سەروای ئەمانەن: (تاڵەش، ئاڵەش)، دێری دووەم وشەکانی سەروای ئەمانە: (نەزانیدایە،

هەرایە)، دێری سێیەم وشەکانی سەروای ئەمانە: (خۆنەویستە، نەبیستە)، دێری چوارەم وشەکانی سەروای ئەمانە: (نەیارن، لەبارن).

هێلکاری دابەشبوونی سەروای ئەم چەند دێرە بەم جۆرەیە:

A...............A...............
B...............B...............
C...............C...............
...............D...............D

تێبینی:

– نزیکەی هەر هەموو شیعری زاری گۆرانو هەموو داستان شیعرییەکان دابەشبوونی سەروایا بە شێوەی مەسنەوییە.

– مەسنەوی زیاتر بۆ شیعری درێژو چیرۆکە شیعر بە کار دێ.

– مەسنەوی وەکوو زاراوە بۆ چیرۆکی شیعری درێژیش بە کارد دێ وەکوو (مەسنەوی مەعنەوی جەلالەدینی رۆمی).

ج – دابەشبوونی سەروا لە سێیینەدا:

سێیینە پارچەیەکە لە سێ لەت پێك دێ. ئەگەر سەربەخۆ بێ پێی دەگوترێ سێیینەو ئەگەر لە ناو هونراوەیەکی دووریژدابێ، هونراوە درێژەکە پێی دەگوترێ سێیینە بەند. واتە لە کۆمەڵێ سێیینە پێك دێ مانایان بە یەکەوە بەسراوە.

نموونە بۆ سێیینە: لە فۆلکلۆردا هاتووە:

چەند ئەستێرەی لە عاسمانێ

هەندەم خەنجەر دادەڕژانێ

یار لەوێ بوو نەمویرانێ (فۆلکلۆر)

دیاره سەرروای هەر سێ لەتەکە وەکوو یەك وایە. وشەکانی سەروا ئەمانەن: (عاسمانێ، دادەڕژانێ، نەموێرانێ).

هێلکاری دابەشبوونی سەروای سێیینە بەم جۆرەیە:

A..................

A..................

A..................

سێیینە دابەشبوونی سەروای تریشی هەیە بەڵام ئەوان ئەوەندە باو نین. دابەشبوونەکە بۆی هەیە بەم جۆرە بێ: ( ....A، ....B،A.......), لە سێیینەبەنددا بەم جۆرەی لێ دێ: (B ....... A ... ....A.......).

د — دابەشبوونی سەروا لە چوار لەتیدا:

پێشەکی دەبێ بزانین ئەو پارچەیەی لە چوار لەت پێك دێ سێ جۆرە:

— چوارین: بریتییە لە چوار لەتی سەربەخۆ مانایەکی وردو قووڵ دەدەبڕێ. دەڵێن نووسینی چوارین وەکوو ئەوە وایە شاعیر بیەوێ یەك دەریا ئاو لە ناو پەرداخێك بکا. ئەویش بە پێێی کێشو زمانەکەی دوو جۆرە: روباعیو دووبەیتی یان (ترانە).

وەکوو چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانیو روباعیاتەکانی خەیامو زۆربەی وەرگێڕانەکانیان بۆ کوردی.(وەرگێڕانی شێخ سەلامو هەژارو گۆرانو شێخ نووریو ئەحمەد شالیو مشەختیو ....)

- چوار خشتەکی: ئەوەیە کە شاعیر لەتێك یان دوو لەتە شیعری شاعیرێکی تر وەردەگریّو بە پێی سیستەمێکی تایبەتی سیّ لەت یان دوو لەتی بۆ زیاد دەکاوو دەیکا بە چوار لەتی.

- چوارینەبەند ئەوەیە کە شاعیرێك هۆنراوەیەکی دووروریژ بهۆنێتەوە لە سەر یەك بابەت بەلاّم دابەش پارچەی چوار لەتی بکا. وەکوو هۆنراوە بە ناوبانگەکەی بێخود: ( لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دلّی من).

سیستەمی سەروای چوارین کە لە جۆرەکانی دی کۆنترە، ئەوەیە کە لەتی یەکەمو دووەمو چوارەم یەك سەروایان هەیە، لەتی سێیەم رەهایە واتە ناکەوێتە ناو سیستەمی سەرواوە. نموونەیەك:

ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون

ئەزو پرسەم کە ئێن چوونەستو ئان چوون

یەکێرا دادەیی سەد گۆنە نیعمەت

یەکێرا قورسی جوو ئالوودە دەر خوون (بابا هاهیر ٣٥)

لەم (دووبەیتی)یەدا، لەتی یەکەمو دووەمو چوارەم هاوسەروان. وشەکانی سەروایان ئەمانەن: (گەردوون، چوون، خوون). لەتی سێیەم رەهایە، سەروای نییە.

نموونەیەکی تر:

گایەك لە ئاسمان ناوی پەروینە

گایەك کۆلّەگەی ژێری زەمینە

بە چاوی ژێری سەرنجێ بدە

ما بەینی دوو گا کەرگەل ببینە (خەیام ٢٩)

لەم چوار لەتەدا، لەتی یەکەم‌و دووەم‌و چوارەم هاوسەروان. لەتی سێیەم رەهایە. وشەکانی سەروای سێ لەتە هاوسەرواکە ئەمانەن: (پەروینە، زەمینە، ببینە).

هێلکاری سەرواسازیی ئەم جۆرە چوارینەیە بەم جۆرەیە:

A....................

A....................

B...................

A...................

ئەم سەروایە لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی جیهانیدا پیی دەگوترێ (سەروای خەیامی) لە بەر ئەوەی گوایە یەکەم کەس خەیام بە کاری هێناوە. لە راستیدا، دەبوایە پێی بڵێن (سەروای تاهیری) چونکە بابا تاهیر سەد ساڵ زیاتر پێش خەیام بە کاری هێناوە.

سەرواسازی چوار لەتی لە چوار خشتەکیدا بە جۆری جیا جیا هاتووە، کەچی لە چوارینەبەندا،چوارینەی یەکەم هەموو لەتەکانی هاوسەروان (A.....A.....A......A....) ئینجا لە هەموو چوارینەکانی تردا، سێ لەتی یەکەم هاوسەروان‌و لەتی چوارەم لەگەل سەروای لەتی چوارەمی هەموو

چوارینەکانی تـر دێتـەوە.(B ..... A..... A..... A.......)، سـەیری ئـەم دوو چوارینەیەی چوارینەبەندە بە ناوبانگەکەی بێخود بکە:

لـــەو ڕۆژەوە ڕۆیـــشتووە تـــۆراوە دڵـــی مـــن
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من
ئـاخۆ بـە چ شـاخێکەوە گیرسـاوە دڵـی مـن
یـاخۆ بــە چ داخێکــەوە ســووتاوە دلی مــن
ئـەو هەمـدەمی غـەمخوارو نـەدیمی منـە یـا ڕەب
ئـەو مـەحرەمی ئەسـرارو قـەدیمی منـە یـا ڕەب
ئـەو گەوهـەری شـەهوارو یـەتیمی منـە یـا ڕەب
کەوتۆتــە چ بەحرێکــەوە خنکــاوە دڵــی مــن

( بێخود ٦٦)

لە چوارینەی یەکەمدا، هەر چوار لەت هـاو سـەروان. ئەمـە بەرامبـەر تەقفیـەی غەزەلو قەسیدەیە کە هەردوو لەتی دێری یەکەمیان هاوسـەروان. لەتـەکان پـاش سەروایان هەیە (دڵی من)و وشەکانی سەروای لەتەکان ئەمانـەن: (تـۆراوە، مـاوە، سووتاوە). کەچی لە چوارینی دووەمـدا، تـەنیا سـێ لـەتی پێشەوە هاوسـەروان، سەروای لـەتی چـوارەم (...یمـی منـە یـا ڕەب) لەگـەڵ سـەروای لـەتی چـوارەمی چوارینی یەکەمو لەتی چوارەمی هەموو چوارینەکانی تر دێتەوە. ئەم چوارینەیش پـاش سـەروای هەیـە (منـە یـا ڕەب). وشـەکانی سـەروای سـێ لـەتی پێـشەوەی ئەمانەن: (نەدیمی، قەدیمی، یەتیمی).

هێلکاریی سەرواسازی ئەم جۆرە چوارینەبەندە بەم جۆرەیە:

..................A

A..................

..................A

..................A

..................B

..................B

..................B

..................A

..................C

..................C

..................C

..................A

بەرسیسی عابیدی فەقێ تەیران هەمووی بەم جۆرە چواینبەندە نووسراوە.

لە قۆناغی نوێ کرنەوەی شیعری کوردی لە بیستو سییەکانی سەدەی بیستەم لە سەر دەستی گۆرانو شێخ نووریو رەشید نەجیب، هەندێ جۆرە دابەشبوونی سەروای تر هاتنە ناو شیعری کوردی. هەرە دیارەکەیان دو جۆرە دابەشبوونی تری سەروای چوارینەیە کە ئەمانەن:

– چوارینەی پترارکی: بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە پترارکی ئیتالی بە زۆری لە سۆنێتەکانی بە کاری دەهێنا. لەم جۆرە چوارینەیەدا، لەتی یەکەمو لەتی چوارەم یەك سەروایان هەیەو لەتی دووەمو لەتی سێیەم سەروایەکی تریان هەیە

وەکوو ئەوە دەکەوێتە بەر چاو کە سەروای دوو لەتەکەی سەرەتاو کۆتایی سەروای دوو لەتەکەی ناوەڕاستیان گرتبێتە باوەش بۆیە هەندێ جار پێی دەگوترێ سەروای لە باوەش یەك.

بۆ نموونە گۆران دەڵێ:

قەومی کوردی هەژاری بێچارە
وێلی تەیهی جەهالەتە هاوار
ماندوو مردووە غەرقی تۆزو غوبار
تەی ئەکا ئەم موحیتی ئەسرارە (گۆران ٧١)

لەتی سەرەتاو کۆتایی، واتە لەتی یەکەمو لەتی چوارەم هاوسەروان. وشەی سەروایان ئەمانەن: (بێچارە، ئەسرارە)و دوو لەتەکەی ناوەڕاست واتە لەتی دووەمو سێیەم هاوسەوانو سەروایان لە دوو لەتەکەی تر جیایە. ئەم دوو لەتە وشەی سەروایان ئەمانەن:

(هاوار ، غوبار). هێلکاری دابەشبوونی سەروای ئەم جۆرە چوارینەیە بەم شێوەیە:

A................
B................
B................
A................

– چوارینەی شەکسپیری: بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە شەکسپیر بە زۆری بە کاری دەهێنا بە تایبەتی لە سۆنێتەکانی. پێیشی دەگوترێ چوارینەی پاڵەوانێتی، یان چوارینەی شین‌و چەمەر چونکە زیاتر لە نوسینی ئەم بابەتانە بە کار دەهات. لەم جۆرە چوارینەیەدا، دوو سەروا بە نۆرە دووبارە دەبنەوە بۆیە (سەروای دەوری)شی پێ دەگوترێ. واتە لەتی یەکەم‌و لەتی سێیەم یەك هاوسەروان‌و یەك سەرەروایان هەیەو لەتی دووەم‌و لەتی چوارەم هاوسەروان‌و سەروایان لە دوو لەتەکەی تر جیایە: نموونە:

بەبێنێکە بە دەست تۆوە گرفتاری عەزابم

دەردو غەمت هێند زۆرە دڵم خوێن ئەتکێنێ

دایم بە گڕی ئاگری تۆ سینە کەبابم

چاوم لە غەم‌و میحنەتت فرمێسك ئەڕژێنێ (شێخ نووری ١٨٥)

لەم چوارینەیەدا، لەتی یەکەم‌و لەتی سێیەم هاوسەروان. وشەکانی سەروایان ئەمانەن: (عەزابم، کەبابم). هەروەها لەتی دەووەم‌و لەتی چوارەم هاوسەروان‌و سەروایان لە سەروای دوو لەتەکەی تر جیایە. وشەکانی سەروای ئەم دوو لەتە ئەمانەن: (ئەتکێنێ، ئەڕژێنێ).

هـ – دابەشبوونی سەروا لە پێنج لەتیدا

پێنج لەتیش وەکوو چوار لەتی سێ جۆرە:

– پێنجینە: بریتییە لە پێنج لەتی سەربەخۆ مانایەکی وردو قووڵ دەدەبڕێ. ئەمە بە زۆری هەموو لەتەکانی هاوسەروان، یان سێ لەتی پێشەوە هاوسەروان‌و

دوو لەتی دواوە هاوسەروانو سەروایان لە سەروای سێ لەتەکەی پێشوو جیایە. ئەمە زۆر بە کەمی بە کاردێ بۆیە پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکا.

– پێنج خشتەکی: بریتییە لەوە شاعیرێك هونراوەیەکی شاعیرێکی تر تێهەڵکێشی شیعری خۆی دەکا. هەر دێرێکی (واتە دوو لەتی) شاعیرەکە وەردەگرێو سێ لەتی خۆی بە هەمان کێشو سەروا بۆ زیاد دەکا. ئەم هونەرە لە شیعری کلاسیکی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا زۆر باوە. کۆنترین پێنج خشتەکی ئەوەی سالمە لە سەر شیعری نالی.

لە پێنجینەی یەکەمدا، لەبەر ئەوەی شاعیرەکەی پێشوو هەردوو لەتی دێری یەکەمی هاوسەرانو شاعیرەکەی دواوەیش سێ لەتی بە هەمان سەروا بۆ زیاد دەکا، هەر پێنج لەت هاوسەروا دەبن. کەچی لە دێرەکانی تردا، شاعیرەکەی دواوە سەروای سێ لەتەکەی خۆی لەگەڵ دوا وشەی سەدری دێرەکە هاوسەروا دەکا. بە مەوە چوار لەتی پێشەوەی پێنجینەکەی هاوسەروا دەبنو لەتی پێنجەمی هەموو پێنجینەکانیش هاوسەروا دەبن کە سەروای هۆنراوەی شاعیری پێشووە. نموونە:

پێنج خشتەکی سالم لە سەر شیعرێکی نالی:

ئەی حاریس ئەگەر دەوڵەتو جاهو حەشەمت بوو
دوڕڕو گوهەرو لوئلوعو لەعلو درەمت بوو
خووبانو سییەه مووو پەری روو خەدەمت بوو
(هەرچەندە کە عومری خدرو جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو)
گاهێ بە دوعا روو دەکەیە قیبلەیی حاجات

گـاهیٚ لـه رەعییـەت دەبییـه مـەرگی موجافـات
ناکـەی لـه دلاٚ قـەت بـه ئەبـەد فیکـری موکافـات
(ئـەی جـامیعی دونیـاوو قیامـەت بـه خـەیاڵات
ئەو رۆژە کە مردی نە ئـەوت بـوو نـە ئـەمت بـوو)
ئـەی مـونکیری ئەفـسوردەیی زالم دلٚ بـەدزات
وەی زاهیـدی بـاتین بـەدو زاهـیر بـه عیبـادات
بـیٚ تەربییـەتی مورشـیدو بـیٚ تـەییی مـەقامات
(دوێنـیٚ چ بـوو دەتـدا بـه زمـان لافـی کـەرامات
ئەمرۆ نـەدەمت بـوو نـەدەمت بـوو نـەدەمت بـوو)
ئـەووەل فـەرەحی دا فەلـەك ئـاخیر غـەمی هێنـا
کـەم بـوو لـه دەهـەن خەنـدەوو دلٚ ماتـەمی هێنـا
باقلٚ دەمـی مەرگـه کــه هــەناسەت کـەمی هێنـا
(عـومرت نەفەسـێکه لـــه هــەموو عالـەمی بـالاٚ
بمره له غەمیـدا کـه هـەموو سـەرفی غـەمت بـوو)

لێرەدا، سالم چوار دێری نالی وەرگرتووەو چوار پێنجینەی لیٚ دروست کردوون. هەر دێریك (دوو لەت)ی وەرگرتووەو سیٚ لەتی خۆی به هەمان کێشو لـه هـەمان بابەت بۆ زیاد کردووەو سەروای لەتەکانی خۆی لەگەلٚ دوا وشـەی لـەتی یەکـەمی دێرەکانی نالی کردووە به هاوسەروا. له هەموو پێنجینەکاندا، سیٚ لەتی یەکەم هی سالمەو دوو لەتەکەی دواوە هی نالییە.

بەم جۆرە له پێنجینەی یەکەمدا هەر پێنج لەت هاو سەروان. پـاش سـەروایان هەیە (بوو). ئینجـا وشـەکانی سـەروا ئەمانـەن ( حەشـەمت، درەمـت، خـەدەمت،

جەمت، کەمت) چونکە غەزەلەکەی نالی دوو لەتی دێری یەکەمی بە پێی یاسای غەزەل هاوسەروان بۆیەش پێنج لەتەکەی پێنجینەی یەکەمی سالم هاوسەروا دەرچووین. کەچی لە پێنجیەکانی تردا، سێ لەتەکەی سالمو لەتی یەکەمی نالی هاوسەروانو لەتی پێنجەم کە هی نالییە سەروای گشتی پێجینەبەندەکەی پێك هێناوە کە لە کۆتایی هەموو پێنجینەکاندا، دووبارە بۆتەوە. لە پێنجینەی دووەمدا، سێ لەتەکەی سالمو لەتی یەکەمی نالی هاوسەروانو وشەکانی سەروایان ئەمانە: (حاجات، موفاجات، موکافات، خەیالآت)و لەتی پێنجەم سەروای لە چوار لەتەکە جیایە (ئەمت بوو). شیعرەکەی نالی پاش سەروای هەیە (بوو). وشەکانی سەروای ئەمانەن کە کەوتوونەتە کۆتایی هەموو پێنجینەکان (کەمت، ئەمت، دەمت، غەمت). لە ئەمەیش هێلکاری سەرواسازیی ئەم پێنج خشتەکییە:

A.............
A.............
A.............
.............A
.............A
.............B
.............B
B.............
.............B
.............A
.............C
.............C
.............C

.............C

.............A

.............D

.............D

.............D

.............D

.............A

و- دابەشبوونی سەروا لە شەشینەدا:

شەشینە پارچەیەکە لە شەش لەت پێک هاتووە. دابەشبوونی جیاجیای سەروای هەیە. هەرە باوەکەیان ئەوەیە کە چوار لەتی پێشەوە هاوسەران‌و سەروایان جیایە لە سەروای دوو لەتەکەی دواوە کە ئەوانیش لە بەینی خۆیانەوە هاوسەروان. واتە شەشینە دوو سەروای هەیە: چوار لەتی پێشەوە سەروایەک‌و دوو لەتی دواوە (پێنجەم‌و شەشەم) سەروایەکی تر. سەلام دەڵێ:

دونیا هەموو چاوو راوە

فڕو فێڵ‌و بەندو باوە

راستە راستی هەڵگێراوە

درۆ خۆشە بە لێشاوە

من لە درۆ گوێ ناگرم


راستیم ئەوێ هەتا ئەمرم (سەلام ٣٦)

لەم شەشینەی سەلامدا، چوار لەتی یەکەم هاوسەروان. وشەکانی سەروایان ئەمانەن: (راوە، باوە، هەڵگیراوە، لێشاوە). دوو لەتی کۆتاییش سەروایەکی تریان هەیە. وشەکانی سەروایان ئەمانەن:(ناگرم، ئەمرم).

ز– دابەشبوونی سەروا لە موەششەحدا.

موەششەح لە ئاخیرو ئۆخری سەدەی سێیەمی کۆچیدا لە ئەندەلوس سەری هەڵداوە. زیاتر بۆ سروودو گۆرانی بە کار هاتووە. لەو کاتەدا، لە عیراقو یەمەنییش مەوەششەح هەبووە. لە کوردیشدا موەششەح لەگەڵ بزووتنەوەی شعری نویێ لە بیستو سییەکانی سەدەی بیستەم بە شێوەی جۆراو جۆر هاتۆتە ناو شیعری کوردی. گۆرانو بەختیار زێوەرو دڵدارو دڵزارو کەریم شارەزاو هەردیو پیرباڵ مەحموود بە کاریان هێناوە.

بنیادی سەرەکی موەششەح لە رووی ژمارەی لەتەکانو دابەشبوونی سەروا بەم جۆرەیە:



لەتی یەکەمو دووەمو لەتی شەشەمو حەوتەم یەك یەك پێیان دەگوترێ (غوسن). لەتی یەکەمو دووەم بە یەکەوە مەتلەع پێك دێنن واتە پێیان دەگوترێ (مەتلەع). موششەح هەیە مەتلەعی هەیەو موەششەح هەیە مەتلەعی نییە. موەششەحی بێ مەتلەع پێی دەگوترێ موەششەحی (ئەقرەع). لەتی شەشەمو حەفتەمیش بە یەکەوە (قوفل) دروست دەکەن واتە هەردووکیان بە یەکەوە پێیان دەگوترێ (قوفل). دەورو قوفڵ بە یەکەوە پێیان دەگوترێ (بەیت).

لەتی سێیەمو چوارەمو پێنجەم هەر یەکە بە تەنیا پێی دەوگوترێ (سەمت)و هەموو بە یەکەوە پێیان دەگوترێ (دەور). ژمارەی غوسنەکانی مەتلەعو ژمارەی غوسنەکانی قوفڵو ژمارەوەی سەمتەکانی دەور لە موەشەحێکەوە بۆ موەشەحێکی تر دەگۆڕێ. ئەمە پەیوەندی بە زەوقی شاعیرەکەوە هەیە.

لەم هێلکارییەی سەرەوەدا، غوسنی یەکەمی مەتلەع (ا)و غوسنی یەکەمی قوفڵ (٦) هاوسەروان (AA)و غوسنی دووەمی مەتلەع (٢)و غوسنی دووەمی قوفڵ (٧) هاوسەروان (BB)و سێ سەمتەکەی دەوریش( ٣ ،٤، ٥) هاوسەروان (CCC). واتە موەشەح سێ جۆرە سەروای تێدایە: ( AA، BB ،CCC).

نموونە:

دڵدار لە موەشەحی (گوڵی سوور)دا دەڵێ:

گوڵی سوور ئەی کچی ئەورۆز ئەرێ کام دەس لە باخی ژین (١)

لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە نـــاکامی ئەتۆی هێنا (٢)

ئەوێستاکەش بە ژاکاوی (٣)

وەها بێ قەدرو تۆزاوی (٤)

لە سەر رێگا فڕێدراوی (٥)

لە جەورو زولمی ئەو دەستە پەریزادەی بەیان لەرزین (٦)

لە دەوری ئەم چلەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوور گریا (٧)( دڵدار ٩٥)

ئەم موەشەحەی دڵدار رێك لەگەڵ نەخشەی نموونەیی موەشەح یەك دەگرێتەوە. مەتلەعی هەیەو مەتلەعەلەكەی دوو غوسنە. دەوری سێ سەمتە. قوفڵی دوو غوسنە. دابەشبوونی سەروایش دەق وەكوو نەخشەكە هاتووە.

غوسنی یەكەمی مەتلەعو غوسنی یەكەمی قوفڵ هاوسەروان. وشەكانی سەروایا ئەمانەن: (ژین، لەرزین). غوسنی دووەمی مەتلەعو غوسنی دوەمی قوفڵ هاوسەروانو وشەكانی سەروایان ئەمانەن: (هێنا، گریا). هەر سێ سەمتی دەوریش هاوسەروانو وشەكانی سەروایان ئەمانەن: (ژاكاوی، تۆزاوی، فڕێدراوی).

تێبینی:

هەر یەكە لە سێیینەوچوارینەو پێنجینەو شەشینەو موەشەح زۆر شێوەی ترو دابەشبوونی تری سەروایان هەیە بەڵام بۆ ئێرە ئەوەندە بەسە. ئەوەی بیەوێ شارەزایی زیاتر وەربگرێ دەتوانێ بچێتەوە سەر كتێبی ( عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر ١٩٩٩.)

**لەمانەی خوارەوەدا، سیستەمی دابەشبوونی سەروا دیاری بکە:**

خوشا ئانان کە هەر شامان تە وینەن
سوخـــەن واتــە کرن واتــە نشینەن
گەرم دەسڕەس نــەبی ئـایم تە وینم
بشەم ئانان بوینەم کـە تــە وینــەن

(بابا تاهیر ١٥)

منارە سەدای سەلاش سەد تەرزەن
مزگی جە شادی دەمـاخش بەرزەن

(مەولەوی ٣٩٣)

بە کوڵ گریان لە چاوم دێ گوڵی لاولاوی رەنگاو رەنگ
لە بەرچی سیس ئەبی وا زوو چییــە ئەسبـــابی ژاکانت
هەموو تاوێ ڕۆژ هەڵهـــاتووە بۆچی وەهـــا بێ دەنگ
ئەژاکێی تــوخــوا ئــەی گــوڵ دەستـم بــە دامـــانت

( گۆران ٣٢٣)

دوێ شەو لـە خـەوا دیـم کـە ژنـێ موشـفیق و مەعسووم
هـــاواری ئـــەکرد مـــن وەتـــەنم مـــادەری ئێـــوەم
ئەیفـــەرموو بـــە حوزنێکـــەوە زۆر عـــادزو مـــەغمووم
هـــەم داری ســـەمەردارم و هـــەم لـــەززەتی میـــوەم

(شێخ نووری ٣٠٠)

مــەحبووب د دلــدا مـــە ب ئـــەڤراز چ حاجـــەت
عــەنقا ب خــوە بــێتن فــڕو پــەرواز ژ حاجــەت
نــەی دوورە حــەبیبێ مــە چ فــەریادو فغــان کــین
وێ گـــوهـ ل زەمـــیرا دلـــە ئــاواز چ حاجـــەت
گــۆ ســوختە مــرادا خــوە ژ مــن تەلبەکــە ئــیرۆ
مــن گــۆ ژ کــەریم تەلبــەو داخــواز چ حاجــەت
مــن نالــە رەفــیقن غــەمو تەحلینـــە موســاحیب
فـــەریاد ئەنیـــسی منـــە دەمـــساز چ حاجـــەت
دلــدانو نـــەوازش چـــنە دوشـــنام بەســـن مـــن
پــڕ دەردو جــەفا حورمــەتو ئیعجــاز چ حاجــەت
ســوحبەت بــە مەیوچــەنگ حــەبیبێ مــە بڤــێتن
فــەریادو فغــانی مــە نەبــەس ســاز چ حاجــەت
رازێـــن مـــە چ حاجـــەت وەکـــو غـــەمماز بـــزانن
ئەشـــکێن مـــە بەســـن غـــەمماز چ حاجـــەت
هــەر لــەحزە چ حاجــەت کــو ب نــازان بکــوژی مــن
جانــا ژ خــوە قوربــانێ تەمــە نــاز چ حاجــەت
تــا چــەند بــە هیجرا خــوە تــو مــن تەجرەبــە ئینــی
زێــڕێ ژ خــوە خــالیس محــەکو گــاز چ حاجــەت

حاجەت نییە جانا یەدی بەیزا بە دەر ئانین
ئینکار ددیندا نەبت ئیعجاز چ حاجەت
ئەسراری ئەزەل دێ ئەبەد بێنە زوهووری
ئەنجامی سەر ئەنجام ژ ئاغاز چ حاجەت
گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نەزمێ تە دڤێتن
وەر شیعری مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت

(جزیری ١٢٤-١٢٨)

سەدەی بیستەمە کوردە غیرەتێ
لە خەو راپەڕە هەوڵێ هیممەتێ
بەسیە نەزانی عیلمێ سەنعەتێ
سووکی هەتا کەی ناوێ حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆچ زانجیرت بێ

(بێکەس ١٧٩)

# سەرچاوە

## یەکەم: سەرچاوەی زانستی

١- بن جنی، كتاب العروض، تحقيق حسن شاذلی، ١٩٧٢.

٢- پرويز ناتل خانلری (د.)، وزن شعر فارسی، چاپخانەی حەیدەری، ١٣٧٣.

٣- جار الله الزمخشری، القسطاس المستقيم، تحقيق د. بهيجة الحسنی، بغداد، ١٩٦٩.

٤- جگەر خوێن، هەسپێن خۆشخوانێن کوردی، گۆڤاری هاوار ژمارە ٢٢سالی دووەم، ١٩٣٣.

٥- خواجه نصر الدين طوسی، معيار الاشعار، چاپ گلشن، ١٣٦٩.

٦- سيروس شميسا (د.)، فرهنگ عروضی، تهران، ١٣٧٥.

٧- شمس الدين محمد بن قيس الرازی، المعجم فی معايير اشعار العجم، چاپخانەی رامین، تاران، ١٣٧٣.

٨- صدرالدين زمانيان، بررسی اوزان شعر فارسی، تاران، ١٣٧٤.

٩- صفاء خلوصی، فن التقطيع الشعری والقافية، ط٣، بيروت، ٩٦٩.

١٠- عباس ماهيار (د.)، عروضی فارسی، تهران، ١٣٧٤

١١- عبدالحميد الراضی، شرح تحفة الخليل فی العروض والقافية، مطبعة العانی، بغداد، ١٩٦٨.

١٢- عەبدوڕڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، دار الحریە، بەغدا، ١٩٩٢.

١٣- عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر، ١٩٩٩.

١٤- عەزیز گەردی، کێشی شعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، ١٩٩٩.

١٥- عەزیز گەردی، رابەری کێشی شعری کلاسیکی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٦- عەزیز گەردی، نایەکسانی برگەیی لە سەدرو عەجزی هەندێ کێشی عەرووزیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (١٣)، ٢٠٠١.

١٧- مارف خەزنەدار (د.)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.

١٨- مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووضی نامی، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد، ١٩٩١.

١٩- محمد عونی عبدالرؤوف، بدایات الشعر العربی بین الکم و الکیف، مطبعة الخانچی، ٩٧٦.

٢٠- محمد عونی عبالرؤوف، القافیة والاصوات اللغویة، مطبعة الخانچی،٩٧٧.

٢١ هەردی ، کێش لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٠)، کانوونی دووەمی ١٩٧١.

٢٢- Websters New Collegiate Dictionary, G. & C.Merriam Company, ١٩٧٥.

## دووەم: سەرچاوەی نموونەکان:

١- ئازاد دڵزار، خونچەی سەهۆڵ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٧٥.

٢- ئاوات (دیوان)، ئامادە کردنی سەید نەجمەدین ئەنیسی،چاپخانەی دەهرەوی، مەهاباد، ١٤٣٨١.

٣- ئەحمەد موختا بەگی جاف (دیوان)، بە کۆششی ئەفراسیاب، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦.

٤- بابا تاهیری هەمەدانی، ترانهای بابا طاهر، وحید دستگردی، سازمان چاپو انتشارات جاویدان،؟،؟.

٥- ئەسعەد مەحوی (دیوان)، ئامادە کردنی عەبدوللا ئاگرین، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦- بێخود (دیوان)، کۆکردنەوەو رێکخستنو لە سەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٧٠.

٧ پەرتۆیی هەکاری (دیوان)، بەرهەڤ کرنو توێژاندنا سادق بەهائەدین، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا، ١٩٧٨.

٨- پەژار، گزنگی ئازار، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٧٠.

٩- پەشێو، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا، ١٩٨٠.

١٠- جزیری (دیوان)، شەرحی هەژار، چاپخانەی سروش، تاران، ١٣٦١.

١١- چڕوستانی (دیوان)، ئامادە کردنی نوخشە ئەحمەد چڕوستانی، هەولێر، ٢٠١٢.

١٢- حەریق (دیوان)، ئامادە کردنی مەحموود خاکی، چاپخامەی الجمهوریە، کەرکووک، ١٩٦٩.

١٠٣ حەمدی (دیوان)، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٥٧.

١٤- خادیم،١ (دیوان)، ئامادە کردنی جەمال محەمەد ئەمین، دار الحریە، بەغدا، ١٩٨٠.

١٥- خادیم،٢ (دیوان)، ئامادە کردنی جەمال محەمەد ئەمین، دار الحریە، بەغدا، ١٩٨٠.

١٦ - خانی،١ مەمو زین، ئامادە کردنو پەراوێزنووسینی هەژار، پاریس ١٩٨٩.

١٦ خانی،٢ (دیوان)، شرح تحسین ابراهیم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٧ ١٨- داهی (دیوان)، بەرهەڤ کرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٩- دەشتی (دیوان)، ئامادە کردنو ساغ کردنەوەی ئەحمەد دەشتی، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٠- دڵدار (دیوان)، لێکۆڵینەوەی عەبدولخالیق عەلائەدین، دار افاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٥

٢١- دڵزار(دیوان)، ستۆکهۆلم، ١٩٩٢.

٢٢- راجی (دیوان)، ساغ کردنەوەو ئامادە کردنی د. عوسمان دەشتیو ئیسماعیل راجی، هەولێر، ٢٠١١.

٢٣- زێوەر، سۆزی نیشتمان، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٨.

٢٤- سالم (دیوان)، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٢.

٢٥- سەفوەت (دیوان)، ئامادە کردنی د. عیزەدین مستەفا رەسوول، دار الحریە للطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٦- سوارەی ئیلخانی زادە، خەوە بەردینە، ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی، ١٣٧٢.

٢٧- شێخ ئەحمەدی کۆر (دیوان)، ئامادە کردنی عەزیز محەمەد پور داشبەندیَ، چاپخانەی پەیام، تاران ١٣٧٨.

٢٨- شێخ رەزای تالەبانی (دیوان)، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٤٦.

٢٩- شێخ سەلام، عومەر خەیام، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ؟.

٣٠- شێخ مەمدوحی بریفکانی، کوردستان، بەرهەڤ کرن زاهید بریفکانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣١- شێخ نووری شێخ سالح (دیوان)، ئامادە کردنی ئازاد عەبدولواحید، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

٣٢- شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩.

٣٣- شێرکۆ بێکەس، من تێنوێتیم بە گڕ ئەشکێ، دار الحریە، بەغدا، ١٩٧٣.

٣٤- صابری (دیوان)، کۆکردنەوەی شێخ عەبدورەحمان شێخ نەجمەدین، چاپخانەی شارەوانی کەرکووک، کەرکوک، ١٩٦٩.

٣٥ صافی (دیوان)، لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣٦ صەیدی (دیوان)، کۆکردنەوەو شی کردنەوەی محەمەدەمین کاردۆخی، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١.

٣٧- فەقێ تەیران، بەرسیسی عابید، ئامادە کردنی عەبوڕڕەقیب یووسف، هەولێر ٢٠٠١.

٣٨- گۆران، (دیوان)، کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٣٩- عاصی (دیوان)، ئامادە کردنی عەزیز گەردی، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤٠- فانی (دیوان)، بە سەرپەرشتی کەمال میراودەلی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٥.

٤١- قانیع (دیوان)، کۆکردنەوەی بورهان قانیع، چاپخانەی دالاهۆ، تاران، ٢٠٠٥.

٤٢- قوبادی جەلی زادە، قەڵەمێکی ردێن سپی، بەغدا، ١٩٨٨.

٤٣- کامەران بەدر خان، دڵێ کوڕێن من، پیتگۆڕین و پێشەکی تێلی ئەمین، دار الحریە، بەغدا، ١٩٩١.

٤٤- مەحوی (دیوان)، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٤٥- مەلایێ باتەیی، ئامادە کردنی تەحسین ئیبراهیم دۆسکی‌و موحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤٦- ناری (دیوان)، ئامادە کردنی کاکەی فەلاح، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٨٤.

٤٧ نالی (دیوان)، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٤٨- نەوزاد رەفعەت، دارستانی ئەو بنارە، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٧٨.

٤٩- وەداعی (دیوان)، بەرهەڤ کرن سەعید دێرەشی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٥٠- وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٥٠١- هاشم خۆرانی، سەیران‌و بەهاری کوردستان، گۆڤاری هەنگ، ژمارە ٥١، مایسی ٢٠٠٠.

٥٢- هەردی، رازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٨٤.

٥٣- هێمن، تاریك‌و روون، بنکەی پێشەوا، ؟،؟.

# فەرهەنگۆك

ئـەم فەرهۆنگۆکـە مانـای ئـەو وشـانە لێـك دەداتـەوە کەلـە دەقـی شـیعرە نموونەکاندا هاتوونو بە پێی هاتنیان لە ناو شیعرەکان مانایان لێ دراوەتـەوە. لـە نێوان هاوواتاکان وێرگولێو لە نێوان مانا جیاوازەکانی وشەکان خالێ داندراوە.

( ء )

ئائینە: ئاوێنە، نەینۆك، قودی، قودیلك

ئابشار: سولاڤ، ئاوپرژ، پرژە

ئاتەش: ئاگر، ئاور

ئاتەشفشان: ئاگرپژێن، گرکان

ئاشووب: ئاژاوە، فتنە، پشێوی، گێلەوێژە، غەوغا، گۆبەند

ئاڤ: ئاو

ئاوی حەیوان: ئاوی حەیات، ئاوی ژیـان. ئـەو ئاوەیـە هـەر کەسـێ بیخواتـەوە نـەمر دەبـێ. دەڵـێن ئەسـکەندەری زولقەرنـەینو خـدرو ئـەلیاس بـە دوای ئـاوی حەیاتدا چوونە تاریکستان. ئەسکەندەر نەیدۆزییەوەو بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە کەچی خدرو ئـەلیاس دۆزیانـەوەو خواردیانـەوە نـەمر بـوون. خـدر لـە وشـکاتیو ئەلیاس لە ناو دەریادا دەژی.

ئان: سات، کات

ئاهوو: ئاسك، مامز، جەیران، مرال

ئایەت: نیشانە، بەڵگە

ئەتلەس: سەوز

ئەجنەبی: بیگانە، بیانی، نەخۆیی

ئەحشا: هەناو، دەروون

ئەفگەندەسەر: سەرشۆڕ، ملشۆڕ

ئەرواح (روح): گیان، رەوان

ئەرز (ارض): زەوی، عەرد، عەرز

ئەزەل: رۆژی بەرێ، سەرەتای بوون کە مژاری تێدا دروست کراوە.

ئەزهار (زهرە): گولّ

ئەژدەر: ئەژدەها، عەزیا

ئەسەر: دەوس، کاریگەر

ئەسرار(سر): نهێنی، نەپەنی

ئەسیر: دیل، یەخسیر

ئەشك: فرمێسك، رۆندك، ئەسرین

ئەشکال (شکل): شێوە، کەسم

ئاغاز سەرەتا، دەست پێك

ئەغیار: هی تر، ناحەز، نەیار

ئەفسوردە: شێواو

ئەنەلحەق(انا الحق): من هەقم. حەق مەبەست خوایە. ئەمە یەکێکە لە شەتەحاتی سوفیەکان. حەلاج وای گوتو لە سەریان دا.

ئەنگوور: ترێ

ئەنیس: هۆگر، هاودەم

ئەلبەتتە: هەلّبەت، بێگومان، مسۆگەر

ئەلموستەغاس (المستغاث): هەی هاوار، هاوارە

ئەلوەداع: خوا حافیز، مالّاوا، ب خاترێ هەوە

ئەمەل: ئومێد، هیوا

ئەنگاوتن: نوهتن، پێکان، لیدان

ئۆغر: چوون، ئۆغر بی؟: دەچیتە کوێ؟

ئیبلیس: شەیتان، لووسیفەر

ئیتتیفاق: رێك کەتن، گەیشتنە یەك

ئیحسان: چاکە، خێر

ئیحیا (احیاء): زیندوو کردنەوە، ژیاندنەوە

ئیراك: ئەو دارەیە کە سیواکی لێ دروست دەکرێ

ئیرتیجالی: سەر پێیی

ئیرتیقا (ارتقاء): سەرکەوتن، پێشکەوتن

ئیڕۆ: ئەمڕۆ، ئەوڕۆ

ئیزا (ایذاء): زیان، زەرەر

ئیستیقبال: پێشوازی

ئیستیقلال: سەربەخۆیی،

ئیشتیاق، پەرۆشیی

ئیعجاز: موعجیزە، کارێکە لە ئاستی ئاسایی بەدەرە، بە هەموو کەس ناکرێ.

ئیلاهی: خودایە! خودێیۆ

ئیلتیفات: ئاوڕدانەوە، لا کردنەوە

ئیمان: بڕوا، باوەڕ

ئینتیزار (انتظار): چاوەڕوانی، ل هیڤی بوون

(ب:

باد: با

باعیس: هۆ، سەبارەت، سۆنگە، دەلیل

بەحس: باس خەبەر، لێکۆڵینەوە

بەدخواه: نیاز پیس، دڵپیس، خراپەویست

بەرق: برووسکە، چەخماخە

بەرقەع: پۆشی، پەچە

بەرقەرار: سەقامگیر، چەسپاو

بەسمەل: بیسمیللا لێکراو. ئەو حەیوانەی لە کاتی سەربڕیندا بیسمیللای لێ دەکرێ.

بەلاغەت: رەوانبێژی

بەهرە: بەش. توانا

بەیرەق: بەیداخ، ئاڵا

بەیزا(بیضاء) : سپی

بریان: برژاو

بورج، کەلوو

بۆسە: ماچ

بوستان: بیستان، باخ

بووری: رابردوو

بیجادە: بەردێکی بەهاداری سوورە لە ئاسنو ئەلەمنیۆمو سیلیسیم پێك دێ. هێزێکی مەغناتیسی تێدایە. بیجادە گەوهەرێکە لە نێوان لەعلو یاقووت. بە شێوەی خوازە بۆ لێو بە کاردێ.

بید: بی، دار بی

بێداری: هوشیاری، بە ئاگایی

بیدایەت: سەرەتا

بیرون: دەرەوە

(پ)

پەرژین: شوورە، دیواری بە شووڵو دار

پەرتۆ: تیشك

پەرێشان: شێواو، تێك ئاڵاو

پەلاس: جلی دڕو زبر

پەیك: تەتەر، قاسید

پوستان، مەمك، مەم

پیرۆزە: جۆرە بەردێکی گرانبەهایە. مسو فسفۆری تێدایە. رەنگی شینو سەوزی هەیە. لە گەوهەرسازیدا بە کار دێ. زۆر جاریش دەکرێتە نگینی ئەنگوستیلە. جۆرە گوڵێکی شینە. هوما، جۆرە باڵندەیەکە سێبەری بکەوێتە سەر هەر کەس بەختەوەری دەکا.

(ت)

تابیع: پێکەتی، شوێنکەوتوو، سەر بە کەسێ یان شوێنێ

تاعەت: خواپەرستی

تاف: هەڕەت

تالع: هەڵاتوو. بەخت، ئیغباڵ

تەبەسسوم، زەردەخەنە، خەندە، بزە

تەبع: سروشت، خوو،

تەبیب: دختۆر، نوشداروو

تەجەللی: دەرکەوتن

تەرەبخانە: سەماخانە، جێی بەزمو رابواردن

تەرەحوم: بەزەیی هاتنەوە، سك پێ سووتان

تەرجەمە: وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر

تەرز: جۆر، چەشن

تەرك کردن: تەرخ کردن، تەخر کردن، واز لێ هێنان

تەریق: رێگا، رێ. تەریقبوونەوە: شەرم لەخۆ کردنەوە.

تەزبیب (تذبیب): بەرگ کردنو رازاندنەوەی کتێب

تەسحیح: راست کردنەوە

تەحلی: تاڵی، ناخۆشی

تەعبیر: دەربڕین، مانا لێدانەوە

تەعداد: ژمارە، ژماردن

تەعنە: تانە، تانووت، پلار، تەشەر

تەکلیف: پێ سپاردن

تەلەب: داوا

تەلبە: داوا

تەلعەت: دەرکەوتن، هەڵاتن. روخسار

تەمەننا: خۆزگە خواستن

تەویل: درێژ

تەهزیز: لەراندنەوە، هەژاندنەوە

تەیە: وێڵی، گومڕایی

تریاق: تریاق: وشەیەکی یۆنانییە. دژە ژەهر. تریاقی ئەکبەر یان تریاقی فاروق: جۆرە مەعجوونو دەرمانێکی سڕ کەرە.

تریاك: شیلەی تاڵی وشککراوەی خاشخاشە کە مادەیەکی سڕکەرە

تشت: شت، چشت

تژی: پڕ

تنیٚ: تەنیا،

توڕپە: پەرچەم. لە ئەسلدا مۆری پاشایە. پەرچەم لە توڕپە دەچیٚ، بۆیە توڕپە بۆ پەرچەم بە کار دێنن.

تۆران: زیز بوون، عادز بوون، سل بوون

تۆمار: نووسین. لە کۆنەوە کە یەکیٚ کاغەزی بۆ دەهات ئەگەر نامەنووسەکە خەتی خۆش بوایە هەموو نامەکانی بە درێژایی لێك دەداو لوولی دەدا. هەر کاتیٚ بیویستایە مەشق لە سەر خەت بکا، دەیکردەوەو لە سەری دەنووسییەوە. بەمەیان دەگوت تۆمار.

تین: هەنجیر. طین: قوڕ، هڕی، دەقن.

(ج)

جام: تاس، بادە

جامە: جل، جلو بەرگ

جان: گیان، ڕەوان

جەفا: ئازار، ئەزیەت، دەردو ئازار، دەردەسەریی، ناخۆشیی

جاه: پایە شکۆمەندی

جەمال: جوانی

جەزەع: ناخۆشی، دەردەسەری

جەمع: گشت، سەرجەم، هەموو، خڕ. حەشیمەت

جەننەت: بەهەشت، باخ، باخچە

جەوان: گەنج، لاو، تولاز، خورت، تولاپ

جەور: ستەم، زۆرداریی، غەدر

جورم: تاوان، گوناه

جوزء : بەشێك. هەندێك ، پارچەیەك

جۆق دەستە، کۆرس

جونەسری: هێشووی خورما

جیبال (جبل): چیا

(چ)

چاك: باش. دڕاو، شەقبردوو

چەعف: چاو

چەمەن: چیمەن، مێرگ

چەلیپا: خاچ، سەلیب

چەنگ: قیسارە

چنۆك: چاوچنۆك، چاو تەنگ، چاو لە دەستان

چون: وەکوو

چێشەن: چییە

(ح)

حاجەت: پێویستی، ئاتاج

حادیس: دروستکراو، پەیدا بوو. هەر شتێکی دروست کرابێ حادیسە. خوا دروست کراو نییە بۆیە پێی دەگوترێ (قەدیم) چونکە هەر هەبووەو هەر دەبێ.

حاریس: نۆبەتدار، پاسەوان

حاسیل: دەستکەوت، بەرهەم

حاکم: دادوەر

حەبەش: وڵاتی حەبەشە، بە مرۆڤی رەش دەگوترێ

حەرەکات (حرکە): جووڵانەوە، بزووتنەوەن بزاڤ، جمو جووڵ

حەزەر (حذر): خۆ پاراستن، خۆ لێ دوور خستنەوە، وریایی، ئاگاداریی

حەزین: غەمگین، غەمبار، خەفەتبار

حەسەد: ئێرەیی، پێ هەڵکاڵان، پێ هەڵشاخان

حەشەم: دەستو پێوەند

حەڵقە: ئەنگوستیلە. کۆڕ. ریزێکی خڕ

حەوادیس (حادثة): بەسەرهات، رووداو

حەیات: ژیان.

حوت: نەهەنگ، ماسی زۆر گەورە

حورمەت: رێز، رووەت

حوسن: جوانی، چاکە

حیجاب: پەردە

حیکایەت: هەقایەت، چیرۆک،

حین: کات، سات

(خ)

خار: درک، چقل، ستری

خامە: قەڵەم، پێنووس

خاوەر: رۆژهەڵات

خەت: هێل، تیخ

خەدەم (خادم): خزمەتکار، نۆکەر

خەم: پێچو لوول

خەتا: تـاوان، گونـاه، گونـاح، خراپـە، سـووچ‌و قەباحـەت. شـاری خـەتا. بـەو نێرییە مەشهوورە کە مشکی لە ناوکی پەیدا دەبێ

خەجالەت: شەرمەزاریی، شەرمەندەیی، فهێتی، شوورەیی، تەریقبوونەوە

خەجل: شەرمەزاریی

خەدەنگ: تیر. خەدەنگ لە ئەسلدا دارێکی زۆر توندو پتەوە. نێزەو تیرو زینی ئەسپ‌و شتی وای لێ دروست دەکرێ. لـە بـەر ئـەوەی لـە سـەرەتادا تـیر لـە دار خەدەنگ دروست دەکرا بۆیە پێی دەگوترا خەدەنگ.

خەرامان: بە لەنجەو لار

خەرچەنگ: قرژاڵ

خەرووس: کەڵەشێر، کەڵەباب، دیقل، دیکل

خەزێنە: گەنجینە

خەس: درك‌و دار

خەڵق: خەڵك، عالەم، خەل، گەل

خەمیدە، کوورِ، چەماو

خواب: خەو

خواب ئالوود: خەواڵوو، خەواوی

خوار: ناراست، لار. خراپ، زار

خواهش: تکا، تەمەننا

خوب: باش، جوان. خوبان: جوانان

خورد: خواردن، خۆراك

خورشید: خۆر، رۆژ

خۆڵ: خاك

خونخوار: خوێنخۆر، خوێنڕێژ، زەلامکوژ، بکوژ

خیرەد: ئەقڵ

(د)

داڤ: داو

داماد: زاوا

دەرەجە: پلە، پایە

دەرماندە: تێماو، پەککەوتە

دەعوا: داوا، سکاڵا، شکات. شەڕ

دڵڕوبا: دڵکێش

دەهەن: دەم، زار

دەوار: چارەو. ڕەشماڵ، کۆنە

دەورە: سەردەم

درەم: درهەم: پارەیەکی یۆنانی بوو (دراخمە) لە زیو دروست دەکرا.

دوختەر: کچ، کناچە، کیژ، قیز، دۆت، دۆ (هەی دۆ)

دورج: قوتووی بچکۆڵەی خشڵ و شتی وردی بەهادار

دوڕ: مـرواری. لولـو . دڵۆپـە ئاوێـك یـان چـەند دڵۆپـە ئاوێکـە دەچـێتە نـاو سەدەفێك و وردە وردە دەگۆڕێ بۆ ئـەو مـادە ڕەق و ڕوون و بریقـەدارە بـە نرخـە. دوڕی یەتیم: ئەو تاکە دوڕەیە کە بە تەنیا لە ناو یەك سەدەفدا دروست دەبێ. بـە زۆری دوڕێکی گەورەو ڕوونەو لەوانی دی پەسندتر.

دریغ: حەیف! مخابن، ئەفسووس

دوشنام: جوێن

دووشیزە: کچ

دیم: ڕوو، ڕوخسار

دووەل (دوله): دەوڵەت

دین: ئایین، ئوول. شێت، دەلوو

(ر)

راح: شەراب، مەی

راحەت: ئیسراحەت، پشوودان

رادار: باجەستێن، ئەوانەی لە بەر دەرگای شار دەوەستان‌و باجی چوونە ناو شاریان لە ڕێبواران دەسەند

راڤ: راو

رام: دەستەمۆ، لچ، کەیی، متوو

راه: ڕێ، ڕێگا

رەسم: باج، هەستە

رەعد: هەورەتریشقە

رەعیەت: رەشەوەندی خەڵك

رەفع: بڵند کردن، هەڵگرتن، لابردن

رەفوو: چنینەوەی جلی دڕاو

رەفیق: هاوڕێ

رەقس: سەما، شایی، هەڵپەڕکێ

رەقیب: ناحەز، ئەگەر دوو کەس حەز لە یەك کەس بکەن ئەو دوو کەسە رەقیبی یەکترن چونکە بەردەوام موراقەبەی یەکدی دەکەن.

رەنج: ماندووبوون، ئازار

رەهزەن: ڕێگر، چەتە، پیاو خراپ .

روباب: ئامێرێکی مۆسیقییە کاسەیەکی دەنگدانەوەی هەیە بە شکڵی نیوە گوڵاڵبیو شکڵی تر. پێستەیەکی لە سەردا گیراوە. دوو سێ ژێی هەیەو دەسکەکەی کورتەو بە کەمانچە لێ دەدرێ.

روخ: روو، روخسار

روزەدار: بە رۆژوو، رۆژووەوان

رووسیا، روورەش

رێسمان: پەت، گوریس، کندڕ

ریوایەت: گێڕانەوە

(ز)

زات: وێران. خود

زار: لەڕو لاواز

زال: پیرەژن

زاهید: دونیا نەویست، تەرکە دونیا

زاهیر، دیار، بەرچاو

زەدە: پێکراو، ئەنگاوتراو، لێدراو

زەرب: لێدان

زەڕڕە: تورقاڵ، ئەو گەردیلە بچووکانەی لە ژوورێکی تاریکدا دەردەکەون کاتێ تیشکی رۆژ بە کونێکی بچووکدا دێتە ژوورەوە.

زەعیف: لاواز، بێ هێز

زەقەن: چەنەگە

زەلام (ظلام): تاریکی

زەمانە: رۆژگار

زەمیر (ضمیر): ویژدان، نیهاد

زەن (ظن): گومان

زەند: مەچەك

زەهەب (ذهب): زێڕ

زبان: زمان

زمروود: جۆرە بەردێکی گرانبەهایە، بە زۆری سەوزە. لە بریلیمو ئەلەمنیۆمو کورۆمو سیلیسیمو ئۆکسیجین پێك دێ.

زوبوول (ذبول): پەژمەردە بوون، سیس بوون، ژاکان

زوجاج: شووشە

زولال: روونو ساف

زی: درك، چقڵ، ستری

زیا (ضیا ء): تیشك، پەرتۆ

زێڕکفت: بە زێڕ داپۆشراو، بە تایبەتی بەرگی کتێب.

زیعف (ضعف): لاوازی، بێ هێزی

زینهار: هاوار! ، داد!

(ژ)

ژار: هەژار، بەلەنگاز

ژاڤێ: ژ ئاڤێ، لە ئاوێ

ژوولیدە، شێواو، ئاڵۆزکاو

(س)

سام: ترس

سابیر: بە پشوو، بە سەبر، بە هەدار

ساج: سێڵ

ساقی: مەیگێڕ

سالم: ساغ، تەندروست

سەبا: کزەبا، شنەبا، شیبا، سروە، شنە. سەبەء : شارێکە لە یەمەن. لە زەمانی حەزرەتی سلێمان بەلقیس حوکمی دەکردو رۆژپەرست بوون. چیرۆکی پەپوو سلێمانەو حەزرەتی سلێمانو بەلقیس بە دوورو درێژی لە قورئاندا هاتووە.

سەبەب: هۆ ، ئەگەر، سۆنگە،

سەعد، بەخت

سەدا، دەنگ، دەنگدانەوە، زایەلە

سەرابستان: شوێنی سەراب. سەراب: تراویلکە

سەوگەند: سوێند

سەقەر: ئاگر، دۆزەخ، دۆژە

سەکەنات (سکنە): وەستان

سەمتوور: ئامێرێکی موسیقییە

سەنعەت: پیشە

سەنەم: بت

سەنەد: بەڵگە

سەید (صید) راو، نێچیر

سەییاد: راوکەر، نێچیر، نێچرڤان

سەیل: لافاو، لەهی،

سەحن، گۆڕەپان، حەوشە

سەجدە: کڕنۆش

سەروو: دارێکی لێکو لووسو بەرزە

سەفحە، لاپەڕە، ڕوو

سەحەر، بەیانی، سپێدەدەم

سەحاب: هەور

سەرچەشمە: سەرچاوە، سەروکانی

سەعوە: جۆرە باڵندەیەکە

سەف: ڕیز

سەعی: هەوڵ، کۆشش، خەبات

سەفیدە، سپێدە، بەیانی

سەقیم: نەخۆش، نەساغ

سەما: شاییو هەڵپەڕکێ. سەماء : ئاسمان

سەهم: تیر

سەیقەل: مشتو ماڵ

سەیل: لافاو، لەهی

ستارە: ستێر، ئەستێرە

ستەم: زۆرداریی، غەدر

سڕ: نهێنی، نەپەنی

سقووت: کەوتن، بەربوونەوە

سوو: لا

سوحبەت: قسە، گاڵتە

سوخەن: قسە، ئاخافتن

سوور(صور): کەڕەنا، بۆق

سوورەت (صورة): وێنە، دەمو چاو

سوعبان (ثعبان): مار

سونبول: گوڵەنم، جۆرە گوڵێکە

سیبا: رەش

سیبە ھ: رەش

سیبەھکار: بەدکار، خراپەکار

سیلاح:چەك

(ش)

شاکیر: سوپاسگزار، مەمنوون

شام: وڵاتی شام کە کاتی خۆی بە سوریاو لوبنانو ئوردنیان دەگوت. ئێستا تەنیا بە دیمەشق دەگوترێ. ئێوارە، جەمی ئێوارە، شێو

شەبستان: حەوشە، بە تایبەتی حەوشەی شوێنی ئایینی وەکوو مزگەوتو تەکیە (صحن) کە ژووری بۆ فەقێو بێ نەوایان تێدا بێ.

شەپاڵ: رند، جوان

شەربەت: خواردنەوە

شەرمەندە: شەرمەزار، خەجاڵەت

شەفاعەت: مەھدەر، دوعا بۆ کردن

شەکیب: بە سەبر، پشوو درێژ

شەمس: خۆر، رۆژ

شەوگەردان: شەوگەڕ

شکارگاھ: شکارگە، راوگە:، جێ راوگە، راوگە

شوعاع: تیشك

شیرەت، تەگبیر، ئامۆژگاری

شیرین لەب: لێو شیرین، درکەیە لە مرۆڤی قسە خۆش

(ع)

عاج: کەڵبەی فیلو هەندێ گیانداری تری وەکوو کەرکەدەن. عاجی فیل بەهادارە. بۆ دروست کردنی خشلو هەندێ جاریش بۆ دروست کردنی کورسیو شتی وا بە کار دێ.

عار: عەیب، شەرمو شوورەیی، فهێتی

عاریز، روخسار، دەمو چاو

عاقیبەت: ئەنجام

عالی: بەرز، نایاب

عەبەس خۆڕا، بێهوودە

عەتارخانە: گوزەری عەتاران، شوێنی بۆنخۆش

عەدوو، دوژمن، نەیار، ناحەز

عەرعەر: جۆرە درەختێکی باریکو درێژە

عەزاب: ئەشکەنجە، ئازار

عەزرا: گراویەکەی وامیق

عەسەس، شەوگەڕ، دەورییەی شەو

عەسر، سەردەم

عەلەن: ئاشکرا

عەمەل، ئیش، کار

عەمد: ئەنقەس, بە عەمدی: بە ئەنقەس

عەنبەر: مادەیەکی چەورو بۆندارو رەشە لە کۆئەندامی هەرسی ماسی عەنبەر (کاشالووت) دەردەهێنرێو ئەمڕۆ لە کاری بۆنسازیدا بە کار دێ. لە کۆن دەیانسووتاند یان دەیانسوی بۆ ئەوەی بۆنی بە دەورو بەردا بڵاو ببێتەوە.

عەنقا: جۆرە باڵندەیەکی خەیاڵییە.سیمرغ.

عەن قەریب (عن قریب): بەم زووانە

عەهد: پەیمان، بەڵێن

عەین: چاو. کانی. هەمان شت. لەو دەچێ

عود: ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە کاسەی دەنگی گەورەیەو پێنج ژێی هەیە، بە کلیل زەبت دەکرێو بە پارچە باغەیەك لێ دەدرێ . پینج ژێی هەیە. داری وشك. دارێکی بۆنخۆشو رەنگ قاوەییە لە کاتی سووتاندا بۆنێکی خۆش بڵاو دەکاتەوە. دەرمانیشە.

عوقبا: دوارۆژ، رۆژی پەسڵان، ئاخیرەت

عولەما (عالیم): زانا

عولوو: بەرزیی، بڵندایی

عومر: تەمەن، ژی

عومووم: گشتی، سەرجەمی

عیباد (عەبد): کۆیلە، بەندە، بەنی

عیتاب: لۆمە، سەرزەنشت، سەرکۆنە، گلەیی، گازاندە

عێلات (عێل): ئێل، خێل، عەشرەت

عیز: سەربەرزی، سەرفیرازی

عیسیان: سەرپێچی کردن، یاخی بوون

عیللەت: نەخۆشی، نەساغی، دەرد

(غ)

غائیب: بزر، نادیار

غارەتگەر: تالآنکەر، یەغماگەر

غەزال: ئاسک، ئاهوو، مامز، جەیران، مرال

غەرق: نقووم، خنکاو

غەریب، بیانی، بێگانە، لایدە

غەمدیدە، غەمبار، غەموون، غەمگین

غەمزە، ئامازەی چاو، چاوداگرتن

(ف)

فانی: لەناوچوو، فەوتاو، نەماو

فەتتان: فتنەباز، فتنەچی

فەجر: بەیانی، سپێدەدەم

فەرەح: خۆشی، شادی

فەردا: سبەینێ، بەیانی

فەرزانە: عاقڵ

فەرز (فرض): پێویست

فەزا: ئاسمان، بەرزایی، بۆشایی ئاسمان

فەساحەت: رەوانی، زمانپاراوی

فەسحەت: رەوانی، زمانپاراوی

فەرق: جیاوازیی. تەوقەسەر، خەتی ناوەڕاستی قژی سەر کە قژ بەملاو بەولایدا شانە دەکرێ.

فەخر: شانازی، بەخۆ نازین، خۆڕانان

فەغفوور: فەخ + پوور، کوڕە پاشا

فەقر: هەژاری، نەبوونی، دەستکورتی، خیزانی

فەوتان: لەناوچوون، بە هیلاك چوون

فوجائەت: کتو پڕ

فوغان: هاتو هاوار

فیتنە: دووبەرەکی نانەوە، گۆبەند، هەرا، ناکۆکی

فیرقەت: جیا بوونەوە. لێك دابڕان

فیلحال (فی الحال): دەمو دەست، یەکسەر، دەرحاڵ، دەست بە جێ

(ڤ)

ڤەبوو: کرایەوە، بووەوە

ڤەخواری: خواردییەوە، نۆشی

(ق)

قابیل: شیاو، شایان

قاپی: دەرگا، دەروازە

قاتی: نەبوونی، گرانی، قاتوقڕی

قاویت: نۆکی برژاوی کوتراو

قە: قەت، هەرگیز

قەبا: کەوا، کەوێ

قەت، هەرگیز، قە

قەترە: دڵۆپ، پشك، چکە

قەتعەن( قطعا): هەرگیزاو هەرگیز

قەدەح: پەرداخی بەتاڵ

قەدەم: پێ

قەدیم: کۆن. بەرامبەر بە حادیس یانی ئەوەی هەر هەبووەو دروست نەکراوە کە خودایە

قەرار: بڕیار. سەقام گرتن، دەمەزران، داکاسان

قەفەس: رکە، رکەو

قەرقەف: شەراب

قەسەم: سوێند

قەسر: کۆشك، کۆچك

قەسیر: کورت، قوت

قەسیم: دابەشکەر، دابەشکەری رزقو رووزی. مەبەست خوایە

قەقنەس: باڵندەیەکی خەیاڵییە کە کاتی نوێ بوونەوەی دەورەی ژیانی دێ. لە باتی هێلکە کردنو فەرخە هەڵێنان، جۆشێك دەیگرێو دەکەوێتە سەماو گڕ دەگرێو دەبێتە خۆڵەمێشو پاشان گەنج دەبێتەوەو بە زیندوویی لە ناو خۆڵەمێشەکەی هەڵدەفڕێو دێتە دەرەوە.

قەمەر: مانگ، هەیڤ

قەوس، کەوان

قومری: باڵندەیەکە لە رەگەزی کۆترە.

قیمەت: نرخ، بەها

قیسمەت: بەش

(ك)

کابین: قابین، مارەیی

کاسە: بادە، جام

کاسید، بێ ڕەواج، بێ بازاڕ

کافر: بێ بڕوا، خوانەناس

کەباب: برژاو، گۆشتی برژاو بە شیش

کەچ: خوار، لار

کەرامات: قسەو کردەوەی نائاسایی کە لە مرۆڤی ئاسایی بەدەرەو تەنیا بە پیاوی زۆر بە دین دەکرێ

کەشف: دۆزینەوە

کەفزەنان: بە چەپڵەلێدان

کەلام: قسە، ئاخاوتن

کەلەھ: کەلێ، قەڵا

کەلیم: قسەکەر، مەبەست حەزرەتی مووسایە کە قسەی لەگەڵ خوا دەکرد.

کەمەند: پەتێکی ئەستوورو پتەوو درێژە بۆ بە گیرهێنانی دوژمن لە مەیدانی شەڕو بۆ هەڵگەڕان بە سەر دیوارو خانوو بە کار دێ.

کەمەر: ناوەڕاست، ناوقەد، پشتێن

کەمەربەند، پشتێنن کەمبەرە

کەمین، بۆسە، حەشارگە

کەوکەب: ئەستێرە

کەیبەر، داغ

کودوورات: چڵکو شتی پیس

کوفار (کافر): بێ بڕوا، خوانەناس

کۆڤان: دەردو ژان، کولو کۆڤان: دەردو ئازار

کولل: گشت، هەموو، سەرجەم

کیتابەت: نووسین

کیرب: دەردو بەڵا، کەربو بەڵا

(گ)

گاڤ: هەنگاو، پێنگاڤ، شاقاو

گەرداب: گەرداو

گەزمە: تیر

گەڕیا: بوو، وای لێ هات

گرد: خڕ، هەموو

گزیر: خزمەتکاری ناو ماڵی ئاغا

گوڵعوزار: رووگوڵ، دەمو چاو گوڵ

گوڵشەن: گوڵزار

گیسوو: کەزی، زولف، پەلك

گێژ: وڕ. گێژەن

(ل)

لاف: گەزاف، خوڕین

لامیع: درەوشاوە، بریقەدار

لافیز( لافظ): گۆکەر، ئەوەی وشەیەك دەڵێ

لایوتاق (لایطاق): لە تواناداا نییە، ناکرێ

لەب: لێو

لەبریز: لێورێژ، ئەوەی لە سەری دەڕژێتەوە.

لەعل: بەردێکی گرانبەهایە. زۆر رەنگی هەیە. لە هەمووی باوتر رەنگی سوورە.

لەفز (لفظ): وشە

لەهیب: بڵێسە، گڕ، گوڕی، هاڵاو

لەولەب، خولاوە

لەیل: شەو

لەیلا: خوشەویستی مەجنوون

لچ: دەستەموو، متوو. لێوی خوارەوە

لوئلوء : مرواری

لوتف: میهرەبانی، چاکە، مێرینی

لیقا: پێك گەیشتن

لیك: خووزی، تف

(م)

مادەر: دایك، دێ، دا

ماوەر(ماء الورد): گوڵاو

مەئوا (مأوا): داڵدە، ماوا، وار، لانە

مەبادا، نەوەکوو، نەکا

مەتاع: کاڵا، کەلو پەل

مەتلەب: داوا

مەتن: دەق

مەجازی: خوازەیی، ناراستەقینە

مەجزووب: جەزبەگرتوو، وەجۆش هاتوو

مەجلیس: ئەنجوومەن، کۆڕ

مەجنوون: شێت. ئاشقەکەی لەیلا

مەحاق: مانگ لە کۆتاییدا کە وەکوو هیلالی لێ دێ. واتە مانگی دەمەداس لە سەرەتای مانگ هیلالەو لە کۆتایی مانگ مەحاقە. لە چواردەیشدا بەدرە

مەحەك: ئەو بەردەیە کە جۆری زێڕی پێ دیاری دەکرێ.

مەحبووبە: خۆشەویست، دڵخواز، گراوی، ماشووقە، دلکەتی

مەحفەل: کۆڕ

مەحوو: لە ناوچوون، مەحفبوونەوە

مەخلووق: خەڵق کراو، خەڵك

مەخموور: سەرخۆش، مەست

مەدام: بەردەوام، هەمیشە، تەو تم

مەدەد: هاوار، داوای یارمەتی کردن

مەدەنییەت: شارستانی، ژیار

مەدمەع: جێی فرمێسك، چاو

مەرقەد: گۆڕ، گڵکۆ، مەزار، قسن

مەزلووم: زولم لێکراو، ستەمدیدە، مەغدوور

مەستوور: شاراوە، نادیار

مەسروور: شادومان، کەیفخۆش

مەسکەن: ماوا، نشینگە

مەشریق: ڕۆژهەڵات،

مەعاش: مووچە، بژێو، جیرە

مەعسووم (معصوم): بێ گوناه

مەعلووم: ئاشکرا، زانراو

مەغریب: ڕۆژئاوا

مەغمووم: غەمبار، غەمگین، غەموون

مەقام: پایە، هەڵوێست. جۆرە گۆرانییەکە

مەقدەم: هاتن

مەقسوود: مەبەست

مەقهور: بەزیو، شکاو. تووڕە

مەکان: شوێن، جێ، جێگا

مەککار: ئوینباز، فێڵباز، حیلەباز

مەلجەء : پەناگە، داڵدە

مەمات: مردن

مەنسوور: (منثور): بڵاو. (منصور): سەرکەوتوو.

مەنزوور: بینراو. مەبەست

مەنع: ڕێ لێگرتن، قەدەغە

مەه: مانگ، هەیڤ

مەوجوود: هەبوو.

مەهوەش: مەه/ وەش: وەکوو مانگ

مەیکەدە: مەیخانە

مروور: ڕۆیشت

مزگی: مزگەوت

مشکین: وەکوو مشك. مشك: مادەیەکی بۆنداره، بۆنی زۆر دەڕواو زۆریش دەمێنێتەوە. جۆرە نێرییەکی کێوی هەیە لە ناوچەی خەتاو خوتەن ناوکی خوێنی تێ دەزێو دەیخورێ دەچێ ناوکی لە بەردێك دەخرێنێ بۆ ئەوەی خورشتی دابکەوێ. کیسە خوێنەکە دەتەقێو خوێنەکە بە سەر بەردەکەدا دەڕژێو پێوەی

وشك دەبێتەوەو دەبێ بەو مشكە بۆنخۆشە. یەكەم جار رەنگی مەیلەو قاوەییە، کە وشك دەبێتەوە دەبێ بە قاوەییەکی رەشی تاری. مشك زۆر جۆری هەیە وکوو مشکی ئەزفەر، مشکی تاتار، مشکی تبتی، مشکی تەڕ، مشکی تازە.

مفت: خۆڕا

موبارەك: پیرۆز

موتەللا (مطلی): زێرڕکفت

موتریب: گۆرانیبێژ، سازندە

موتلەق: رەها، نەبەسراوە

موتلەقا: هەرگیزاو هەرگیز

موجریم: تاوانبار، گوناهبار

موجەللا: مشتومالّدراو

موحیت: چوارچیوە

موددەت: ماوە

مودبیر: ئەوەی پشت دەدا

مۆدنە: شووشەیەکی کارەبایە لەو سەرەی دارجگەرەوە دەدرێ کە لە دەمی دەنێن.

موژە: مژۆڵ، برژانگ

مژۆڵ: برژانگ، بژانگ، موژە

موستەغریق: نقووم بوو

موشتاق: پەرۆش

موشفیق: بە بەزە، بە روحم

موعەللیم: مامۆستا، سەیدا، فێرکار

موعەززەم (معظم): گەورە، مەزن

موڤك: گرێی ئەنگوست

موقبیل: ئەوەی بەرەو روو دێ. پێچەوانەی مودبیرە

مومکین: شیاو

مونافیق: دووڕوو، دووفاق

مونەووەر: ڕووناك

مونتەزیر: چاوەڕێ

مونعیم: نیعمەتبەخش، خودا

مونکیر: ئینکارکەر

مونتەفیع: سوودبین

مونیس: هۆگر

می: مەڕ، پەز

میحراب: مێراب، تاق، تـاقی مزگـەوت کـە ئیمـام لـە کـاتی پێشنوێژدا لێیـەوە دەوەستێ.

میحنەت: مەینەت، ئازار

میر: ئەمیر، سەرۆك

میسال: نموونە، میناك

میسباح: چرا

میشکات: دەلاقە

میلەل (ملە): میللەت، نەتەوە

(ن)

نار: ئاگر. هەنار

نازیر: تەماشاکەر، چاوەدێر

ناعیلاج: ناچار

نافە: ناوك

ناکام: نائومێد

نەشاج: شینو گریان، شینو شەپۆڕ

نەحس: شووم

نەدامەت: پەشیمانی

نەدیم: هەمنشین

نەزم: هۆنراوە

نەس: دەق

نەستەرەن: گوڵێکی وەکوو گوڵەباخ وایە بەڵام ئەوەندە پڕ نییەو لە گوڵەباخ بچووکترە. رەنگی زەردو زەردباوو سپی هەیە.

نەشئە: نەشە، سەرمەستی

نەعش: جەنازە

نەفەس: هەناسە

نەفحە: هەناسە، بۆن

نەققاش: نیگارکێش، نەخشکەر

نەقش: نەخش

نەهار: رۆژگار، لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا

نزوول: هاتنە خوارەوە

نەشات: چالاکی

نفرین: نەفرەت، لەعنەت

نگین: بەخت. قاشی ناو ئەموستیلە

نمەك: خویٚ، وەفاداریی

نمەگگیر: بیٚ وەفا

نوور: رووناکی

نوشاب: تیر

نوهتن: پێکان، ئەنگاوتن

نیسار (نثار): پەخش کردن، بڵاو کردنەوە

نیفاق: دووڕوویی

نیهایەت: کۆتایی

(ه)

هاتف: تەلەفۆن، دەنگیٚ لە غەیبەوە

هەبا: خۆڕا، بەلاش و حەلاش

هەق: حەق

هـەلاهیل: کوشـندە. جـۆرە رووەکێکـە. زەهـری هـەلاهیل: ژەهرێکـی زۆر کوشندەیە.

هەلهەلە: هاتوهاواری خۆشی

هەیوولا: مادەی یەکەمی دروست کردنی هەموو شتەکانی تر

هەیکەل: پەیکەر

هوما : باڵندەی بەختە بـە سـەر سـەری هـەر کەسـێکەوە بنیـشیٚ، ئـەو کەسـە بەختی یار دەبیٚ.

هیجران: دوور کەوتنەوە، دابڕان

هێژ: هێشتا

هیلاك: فەوتان، لەناو چوون

هیلال: مانگی دەمەداس

(و)

واعیز(واعظ): ئامۆژگاریکەر، مۆچیار

واسیع: فراوان، هەراو

وەرد: گوڵ

وەرین: بێنە (ساقی وەرین جاما زولال)

وەسل: بە یەك گەیشتن

وەفراو: بەفراو

وەلوەلە، شینو واوەیلا

(ی)

یاقووت: بەردێکی گرانبەهایە لە ئەلەمنیۆم پێك دێ. ڕەنگی زەردو شینی هەیە. لە گەوهەرسازیدا بە کار دێ. یاقووت جۆری زۆرە: یاقووتی درەخشان، یاقووتی ئەحمەر، یاقووتی ئاگرین، یاقوتی بەهرەمانی، یاقووتی زەعفەرانی، یاقووتی خام، یاقووتی رەوان، یاقووتی سەیلانی.

یەد: دەست.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٥ |
| **بەشی یەکەم:** | ٩ |
| **باسی یەکەم: بنەماکانی گشتی کێشی شیعر** | ٩ |
| **دەنگ:** | ٩ |
| **بڕگە:** | ١٢ |
| **دێر** | ٢٣ |
| **باسی دووەم: بنەمای کێشی عەرووزی** | ٢٩ |
| **( پایە )و جۆرەکانی:** | ٢٩ |
| **یەکەم: زیحاف:** | ٣٥ |
| **دووەم: عیللە** | ٤٠ |
| **جیاوازی زیحافو عیللە:** | ٤٥ |
| **بازنەی پێیەکان:** | ٤٩ |
| **بازنەو کێشە عەرووزییەکان** | ٥٥ |
| **بەشی دووەم: کێشە باوەکانی عەرووز لە کوردیدا** | ٧٧ |
| **یەکەم: کێشی هەزەج:** | ٧٧ |
| **دووەم: کێشی رەمەل:** | ١٠٩ |
| **سێیەم: کێشی موزاریع:** | ١٣٧ |
| **چوارەم: کێشی رەجەز:** | ١٥٢ |
| **پێنجەم: کێشی خەفیف:** | ١٦٧ |
| **شەشەم: کێشی موجتەس:** | ١٨٥ |

حەوتەم: کێشی موتەقارەب: ........ ٢٠١
هەشتەم: کێشی بەسیت: ........ ٢١١
نۆیەم: کێشی سەریع: ........ ٢١٩
پوختە ........ ٢٢٧
نموونەی گشتی ........ ٢٣٢
چەند سەرنجێکی گشتی ........ ٢٣٧
**بەشی سێیەم: کێشی ژمارەیی لە شیعری کوردیدا** ........ ٢٣٩
یەکەم: کێشی ساف: ........ ٢٤١
دووەم: کێشی تێکەڵاو ........ ٢٤٩
سێیەم: کێشی دەوری: ........ ٢٥٣
**بەشی چوارەم: کێشی شیعری ئازاد** ........ ٢٥٩
یەکەم: کێشی شیعری ئازادی عەرووزی ( چەندی ): ........ ٢٦٠
دووەم: کێشی شیعری ئازادی ژمارەیی: ........ ٢٦٢
**بەشی پێنجەم: سەروا** ........ ٢٦٩
باسی یەکەم: سنووری سەروا ........ ٢٧١
باسی دووەم: دابەشبوونی سەروا ........ ٢٨١
**سەرچاوە** ........ ٣٠٣
فەرهەنگۆك ........ ٣١١
ناوەڕۆك ........ ٣٤٣